\ \ ٢٠

# بەستێنی مێژوویی و
# کاریگەریی قۆناغی نێوان پەیماننامەکانی
# سیڤەر و لۆزان
# لەسەر جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد
# بۆ پرسی سەربەخۆبوون

# بەستێنی مێژوویی و
# کاریگەریی قۆناغی نێوان پەیماننامەکانی
# سیڤەر و لۆزان
# لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد
# بۆ پرسی سەربەخۆبوون

سەرباز مەجید خۆشناو

٢٠١٨

ناوی کتێب: بەستێنی مێژوویی و کاریگەریی قۆناغی نێوان پەیماننامەکانی سیڤەر و لۆزان لەسەر جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ پرسی سەربەخۆبوون

نووسینی: سەرباز مەجید خۆشناو

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: نووسەر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نۆرەی چاپ : یەکەم ٢٠١٨

چاپخانە: ڕۆژهەڵات- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان، ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

# ناوەرۆك


پێشەکی.................................................................................. ٧

بەرایی ................................................................................... ١١

بەشی یەکەم .............................................................................. ٤١

١-١ ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ............................................... ٤٢

١-٢ شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی ڕووسیا لە بەرەکانی جەنگ ...................... ٤٦

١-٣ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی...................................... ٤٨

بەشی دووەم.............................................................................. ٥٧

کاریگەریی قۆناغی نێوان سیڤەر و لۆزان .......................................... ٥٧

پوختەی خوێندنەوە........................................................................ ١١٣

سەرچاوەکان ............................................................................. ١٢٠

ئیندێکسی کەسەکان ...................................................................... ١٢٥

# پێشەکی

بزاوتی نەتـەوەیی کـورد بـە ئامـانجی ڕزگـاری و گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی، مێژوویەکی لـەوە قـوڵتری هەیـە، وەك لـەوەی ئێمـە لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراودا بیخەینەڕوو. ئێمە کە بـاس لـە قۆنـاغی نێـوان هـەردوو پەیماننامـەی سـیڤەر و لۆزان دەکەین، مانای ئەوە نییە، کە کورد لە پەیماننامەی سیڤەرەوە بیرۆکـەی سەربەخۆیی بۆ دروست بووبێ، کە قۆناغەکەش بە پەیماننامـەی لـۆزان کۆتـایی پێدێنین، ئەوەش مانای ئەوە نییـە، کـە بـە مـۆرکردنی پەیماننامەکـە، بـۆ ئـەو پرسە چارەنووس سازە، دەرفەت لەبەردەم کورددا کۆتایی پێ هاتبێ.

ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا، هەوڵمانـداوە تیشـك بخەینـە سـەر بایـەخی ئـەو قۆناغــە مێژووییــە، لەســەر جوولانــەوەی نەتەوایــەتیی کــورد بــۆ پرســی ســەربەخۆبوون، چـونکە ئـەم قۆناغـە بـۆ ئـەو پرسـە، (بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی ئاکامەکەی) بە لەبارترین هەلی مێژوویی و نێودەوڵەتی هەژمار دەکـەین، کـە بـۆ کورد هاتبێتە پێش. بەو مانایەی نە پێشتر و نەدواتریش هـەلێکی هاوشـێوە بـۆ کورد نەڕەخساوە. ڕاستە پێشتر و دواتریش دۆخی هاوشێوە لە پارچەیەك، یان لەناوچـەیەك هــەبووە، بــەڵام هــیچ پەیماننامەیــەکی نێودەوڵــەتی بەڕاشــکاوی پاڵپشتی ئەو پرسەی نەکردووە، وەك ئـەوەی لـە پەیماننامـەی سـیڤەر بـۆ ئـەو قۆناغە هەیبوو.

ئەم قۆناغە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ گەلانی ژێردەسـتەی دەوڵـەتی عوسمـانی ڕەخساند، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، گەلی کوردە. باسمان لـە پرسـی دەوڵـەتی کوردستان و سـەربەخۆبوونی گـەلی کـوردە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا دەرکـەوت، کـە ئاکامەکـەی نـەك زێـڕین نـەبوو، بـەڵکو بـووە هـۆی پەرتـەوازەبوونێکی زیـاتر و بەدواداهاتنی ئاگر و ئاسن.

ناونیشانی لێکۆڵینەوە: ((بەستێنی مێژوویی و کاریگەریی قۆناغی نێوان پەیماننامەکانی سیڤەر و لۆزان لەسەر جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ پرسی سەربەخۆبوون)) ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوو، کە پێشتر وەك بەشێك لە خوێندنی کۆرسی دووەمی ماستەر بۆ بابەتی (ڕۆژهەڵاتناسی) لە ساڵی (٢٠١٥) ئامادەمان کردبوو، لەبەر گرنگیی و پێویستیی بابەتەکە، دوای دەوڵەمەندکردنی بە زانیاریی زیاتر، کردمانە بابەتی ئەم کتێبە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفی و مێژووییە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: زیاتر قۆناغی مێژوویی نێوان هەردوو پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان دەگرێتەوە، کە بزاڤی سیاسیی کوردی تێدا تێپەڕ بووە. لە پاڵ ئەوەشدا و بەپێی پێویست و بۆ بەرچاوڕوونی، سنووری قۆناغەکانی پێشتریشی بەزاندووە.

ناواخنی لێکۆڵینەوەکە: جگە لە پێشەکی، لە بەراییدا، کورتە باسێکی مێژوویی نزیك لەو قۆناغەمان خستۆتە ڕوو. دواتر لە بەشی یەکەمدا، لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دەسپێکی ئەو بزاڤە نەتەوەییانەمان باسکردووە، کە بۆ پرسی سەربەخۆبوون سەریان هەڵداوە. لە بەشی دوهەمدا، کرۆکی بابەتەکەمان باسکردووە، کە قۆناغی دوای پەیماننامەی سیڤەر تا مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان دەگرێتەوە. دواتر پوختەی خوێندنەوەمان وەك ئەنجام خستۆتە ڕوو، لە کۆتاییشدا، جگە لە لیستی سەرچاوەکان، ئیندێکسی ناوی کەسایەتییەکانیشمان داناوە، بەو ئومێدەی هاوکاریی خوێنەر بکەین، لە دۆزینەوەی زانیاریی پێویست.

بایەخی لێکۆڵینەوەکە: لەوەدایە ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ بزاوتە سیاسی و هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان خستۆتە ڕوو، جیاواز لە هەوڵەکانی پێشخۆی، هەوڵدراوە زنجیرەی ڕووداوەکان بەپێی مێژوو لە تەواوی پارچەکانی

کوردستان و بەیەکەوە بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی قەبارەی جوولانەوەکە و ڕووداوەکان بەیەکەوە بەرجەستە بکات و خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ ڕاستییە مێژووییەکان بکات.

گرفت لەبەردەم لێکۆڵینەوەکەمان ئەو سەرچاوانەی ئێمە پشتمان پێ بەستبوون، ئەوانەی بەکوردی نووسرابوون و چ ئەوانەی بەعەرەبی نووسراون زۆربەیان وەرگێڕدراون و نووسەرە سەرەکییەکانیان کەسانێکن لە دەرەوەی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، هەندێکیشیان بۆخۆیان لە پرۆسە سیاسیەکان بەشدارییان هەبووە و لە ڕوانگەی خۆیانەوە بابەتەکانیان وەك مێژوو تۆمار کردووە. لەلایەکی دیکە، زۆریەی ئەو نووسینە کوردییانەی باس لە مێژووی کورد و کوردستان دەکەن، بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیارەی دوای پەیماننامەی سیڤەر، باس لە هەڵوێستی چەواشەکارانە و گەمەی سیاسی و بەکارهێنانی کورد وەك کارتێکی گوشار دەکەن لەلایەن زلهێز و بڕیاربەدەستەکان، بەتایبەتی بەریتانیا، کە ڕۆڵی سەرەکیی دەبینی لە ناوچەکەدا. ئێمە هەوڵمانداوە پەردە لەسەر ڕاستیی هەڵوێستی کوردەکانیش هەڵبدەینەوە و بە هۆکاری سەرەکیی لەباربردنی ئەو دەرفەتە مێژووییەی دەزانین.

هیوادارین ئەم هەوڵەی ئێمە، سوود بە خوێنەرەکانی بگەیەنێ و کونجێکی بەردەست لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێت.

# بەرایی

ئەگەر لە بەستێنی مێژووییەوە سەرنج لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بدەین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەك نەتەوە، نابێ سێبەری هەژموونی (٥٠٠) ساڵەی دەسەلاتی عوسمانییەکان لەبەرچاو نەگرین، کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی گرتبووەوە، (چونکە بەشێکی دیکەی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی صەفەوییە قاجارەکانەوە بووە)١.

کورد وەك نەتەوەیەکی زۆرینە موسڵمان، لە پەنای ئایینەوە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی عوسمانیی سیۆقراتییەوە گەمارۆدرابوو، لەترسی سزاکانی دەرچوون لە دین، ماوەیەکی دوور و درێژ وەك نەتەوەکانی دیکەی ژێردەستە، لە ژێر فشار و کوشت و بڕ و ڕاگواستن و ماڵوێرانیدا دەیگوزەراند، ئەگەرچی چەند ئیمارەتێکی کوردی کاروباری ناوچەکانی خۆیانیان بەڕێوەدەبرد، بەلام سێبەری دەسەلاتی عوسمانی و قاجارییان بەسەرەوە بووە، لە ناسەقامگیریدا، هەردەم کێشە و کوشتار و فراوانخوازی و شەڕی دەسەلاتیان لە نێواندا هەبووە، نەیانتوانیوە وەك یەك نەتەوە یەکتری قبووڵ بکەن، جگە لەمەش، بارودۆخی ناوخۆی ئیمارەتەکانیش شڵەژاو و پڕکێشە بووە، لەلایەك شەڕی دەسەلات لە نێوان خانەوادەی حوکمڕان، کە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەلات لە یەکتری، جارێك پەنایان بۆ عوسمانی و جارێك پەنایان بۆ قاجارەکان بردووە و هەموو جارێکیش خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە باجەکەی داوە، بۆیە لە هەژاری و دواکەوتوویی و ڕەنجبەخەسارییەکی بەردەوامدا بوونەتە سووتەمەنیی ململانێی ڕابەرەکانیان و ناوچەکانیشیان بوونەتە شوێنی جێبەجێکردنی پیلان و شەڕی نێوان زلهێزەکان.

---

١ بۆ یەکەمین جار بەپێی ڕێککەوتنامەی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤، عوسمانی و سەفەوییەکان خاکی کوردستانیان بەسەرخۆیاندا دابەشکرد.

ئـەو گۆڕانکارییـە خێرایانـەی، کـە لـە بـواری پیشەسـازی و زانسـتیدا لـە ئەورووپادا ڕوویاندا، پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بە بزاوتی سیاسـی و فەرهـەنگیی گەلانی ئەورووپی بەخشی، زلهێزە ئەورووپییەکان بیریان لەوە کردەوە، کـە ئـەو پێشـکەوتنانەیان لەخزمـەت بـەرفراوانکردنی هێـز و دەسـەڵات و حـوکمڕانیی خۆیان بەکار بێنن.

بە کەڵك وەرگرتن لە بێزاریی گەلانی ژێر دەستەی عوسمانییەکان و ناکۆکیی نێوان فەرمانڕەواکان، کە تێکچوونی شیرازەی فەرمانڕەوایی تێدا بـەدی دەکـرا، ((ئیمپریالیست و وڵاتە زلهێزەکان کەوتبوونە داڕشتنی نەخشە و پلانگێڕان، کـە چۆن لە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەوڵەتی عوسمانی تێکوپێك بـدەن، لەبەریـەکی دەربهێنن و پاشماوە و وڵاتەکانی ژێر چنگی، لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن))[١]، بە تایبەتی ناوچە کوردستانییەکان، کە پڕبوون لە خێر و بێر، بۆ نموونە بـەریتانیا دەیویست ((بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خـۆی بهێنێتـەدی، کـە بـریتی بـوو لـە دەستگرتن بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانییە گرنگـەی، کـە بـە کـەرکوك و خانـەقین و قەسـری شـیرین و کرماشـاندا دەڕوات و دەریـای ناوەڕاسـت بـە هیندسـتانەوە دەبەسـتێتەوە))[٢]. لەلایـەکی دیکـە، ڕووسـەکان ((بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر ڕێگـا بازرگانییەکان، کە ناوچەکانی کوردستانی دەگرتەوە، پشـتگیریی شۆڕشـەکانی کوردییـان دەکـرد))[٣] دیـارە، کـە بـۆ داڕشـتنی نەخشـە پلانێکـی لـەم جـۆرە، ئیمپریالیستەکان، لە ڕێگەی سیخوڕ و ناردنی کەسانی شارەزا بۆ

---

١ فاتح رەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣.

٢ وریا ڕەحمانی، کوردسـتان و کـورد لـە ڕوانگـەی نەخشـەوانییەوە، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ل١٦٢

٣ صالح مەلا عومەر، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراقدا، و: سلێمان تاشان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٩.

ناوچەکە، زانیاریی پێویستیان لەسەر (باری ڕامیاری و لەسەر نەتەوە جیاجیاکان و خاك و سنوور و ..تد) ی ناوچەکە کۆکردەوە. لە بایەخی ناوچەکە تێگەیشتن. لەبەر ئەوەی کوردستان لەنێو بەرنامەی نەخشەکەیاندا بوو، ((ناوچە و هەرێم، کون و قوژبن لە کوردستان نەمابوو نێردراوێکی ڕۆژئاوا پێیان ڕانەگەن)) [1].

بێزاریی گەلانی ژێر دەستە، ئەو تێڕوانینەی بۆ ئیمپریالیزمەکان دروستکرد، کە لەکاتی پێویستدا بتوانن سەرکردە و کەسایەتییە ناودارەکانیان بۆ لای خۆیان کێش بکەن. ئەوروپییەکان توانییان کاریگەری لەسەر شێخ و کەسایەتی و بنەماڵە ناودارەکان و ڕۆشنبیرانی کورد دروست بکەن، (کە لەو ماوەیەدا چەندین کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیرییان دامەزراندبوو) بۆ ئازادی خوازی و خواستی مافی چارەنووس هانیان بدەن. ئەوەبوو لە چەندین ناوچەی جیاوازدا کۆمەڵێك شۆڕش و ڕاپەڕین سەریان هەڵدا. هەرچەندە قەبارە و ئاست و خواستی ئەو ڕاپەڕین و چالاکییانە، جیاوازبوون، بەڵام ئەوەی بۆ پرسی سەربەخۆیی جێی بایەخە، شۆڕشەکەی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) یە، کە لە ساڵی ١٨٨٠، نامەیەکی بۆ کونسوڵی بەریتانی ناردووە، تیایدا داوای مافی چارەنووسی گەلانی کوردستان دەکات:

((بۆ بەڕێز کۆنسوڵی بەریتانیا لە باشکال

نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، دینی و ئاداب و نەریتی لەگەڵ نەتەوەکانی تر جیاوازە، ئەگەرچی ڕابەرانی کوردستان لەژێر دەستی تورك و فارسدان، بەڵام گەلی کوردستان بە ئیسلام و گاورییەوە، یەکگرتوون و لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە کاروباریان نابێت لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا بەڕێوە بڕوات.

---

١ فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٣٧.



شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

لەلای ئێمەوە گرنگە، کە حکوومەتەکانی ئەورووپا کارێک بکەن و باش لە واقیعی ڕاستییەکان بگەن.
ئێمە دەمانەوێت کاروباری خۆمان بکەوێتە دەست خۆمان، چیتر توانای ئەو زوڵم و ستەمکارییانەمان نەماوە، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارس بەسەر ئێمەیاندا سەپاندووە.
شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدینی))[1]

هەرچەندە وەڵامێکی ئەرێنیی ئەو داوایەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەدراوەتەوە، بەڵام وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، بایەخێکی زۆری هەیە، بەوەی مافی چارەنووس بۆ کورد وەك نەتەوە، پێشینەیەکی سەت و بیست ساڵەی هەیە.

دەستنیشانکردنی سەرەتای بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕووی مێژووییەوە، بۆ پرسی سەربەخۆیی، بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، مێژوونووسان بەپێی پێوەری جۆراوجۆر قۆناغەکانیان دیار کردوون، بۆنموونە: (ڕۆبێرت ولسن ، بزاڤی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە سەرەتای قۆناغی یەکەمی بزاڤی ڕزگاریی کورد دەزانێ)[2].

---

١ فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٢٩.

٢ د. سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل٢٤.

هەریەك لە (فاسیلی نیکیستین) و (ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) مێژووەکە قووڵتر دەکەنەوە و (ڕاپەڕینی میرە کوردەکانی وەك ـ عەبدولڕەحمان پاشای بابان و محەمەدپاشای سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان ـ بە قۆناغی یەکەمی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردی دادەنێن)[1].

لە کتێبی(بدرخانيو جزيره بوتان) یشدا پێی وایە: (میربەدرخان یەکەم کوردە سەرکردایەتی بزاڤێکی فراوانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کردبێ )[2] (د.سەعدی عوسمان) یش لە کتێبی (بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی) دا، هەرچەندە باس لە مێژوویەکی دوورتر دەکات و (نموونەی ڕاپەڕینەکانی: ئەمیرخانی برادۆست لە کوردستانی ڕۆژهەلات و ڕاپەڕینی کوڕی جان پۆلا لە کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕاپەرێنەکانی میرانی بابان لە باشووری کوردستان، بە ڕاپەڕین دژی دەسەلاتی بیانی هەژمار دەکات، بەلام لە قۆناغبەندیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، قۆناغی یەکەمی بەپێی بۆچوونی (نیکیستین) بۆ ڕاپەڕینی میرەکوردەکان گەڕاندۆتەوە)[3]، کە پێشتر باسمان لێوەکرد.

ئێمە لەگەڵ بۆچوونی (وڵسن) داین، چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا جیاواز لەوانی دیکە، لەپاڵ هێز، پەنای بۆ کاری دبلۆماسیش بردووە.

سەتەی بیستەم بە بارگرژی و پرۆسەی ئاڵوگۆڕییەکان دەستی پێکرد، دەوڵەتی عوسمانیش کەوتبووە نێوەندی گێژاوەکە، چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە.

لە ساڵی ١٩٠٨ تورکیای لاو (ترکيا الفتاه) (کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی) یان دامەزراند.

---

[1] د. سەعدی عوسمان: بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، ل٢٧.

[2] مالميسانژ، بدرخانيو جزيره بوتان ومحاضر اجتماعات جمعية العائلة البدرخانية،ت: شوكر مصطفى، مطبعة وزارة الثقافة ـ اربيل، ١٩٩٨، ص٤١.

[3] د. سەعدی عوسمان: بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، ل٣٦.

توانیان بە دروشمەکانی (ئازادی ـ یەکسانی ـ برایەتی) پیشتوانیی خەڵك بۆ خۆیان دروست بکەن و دواتر دەست بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بگرن، لە هەمان کاتدا کوردەکان چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکیان دروستکرد، بەلاَم نەیانتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر پیادەکردنی بەرنامەی کارەکانیان بکەن.. سەرباری چەندین ڕاپەڕینی وەك ڕاپەڕینی بەدلیس لەلایەن مەلاسەلیم و ڕاپەڕینی بارزان بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەساڵی ١٩١٣.

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (١٩١٤)، دەوڵەتی عوسمانیی خستە بەرەی (ئەڵمانی و نەمسایی)[١] یەکان و ڕووبەڕووی بەرەی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ڕووسیا) بوونەوە، دوای (٤) ساڵ شەڕ و کاولکاری، بە سەرکەوتنی بەرەی دووەم، لە ١٩١٨ کۆتایی بە شەڕ هات، بەرەی دووەم دەستییان بەسەر خاکی ولاَتانی بەرەی یەکەمدا گرت، دەسەلاَت و چارەنووسی گەلانی ناوچەکان، کەوتنە دەست ولاَتە سەرکەوتووەکان.

لە ماوەی جەنگدا و لە پایزی ١٩١٥ فەڕەنسا و بەریتانیا بە نهێنی کەوتنە گفتوگۆ بۆ دابەشکردنی میراتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا، بەبێ ئەوەی هاوپەیمانەکانیان بەمە بزانن. لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا ((کەسایەتیی ناسراوی ئەرمەنی زافرییف، ئەگەری لایەنگیریی جەمال پاشای عوسمانیی بە بەرپرسێکی ڕووسی لە یۆنان ڕاگەیاند، بە مەرجێك هاوپەیمانان بە داواکارییەکانی ڕازی بن، کە بریتین لە:

---

[١] لەم جەنگەدا هێزە شەڕکەرەکان بەسەر دووبەرەدا دابەش ببوون، بەرەی یەکەم: هاوپەیمانان، کە بریتیبوون لە: بەریتانیا و فەرەنسا و دەوڵەتگەلێکی وەك ئەمریکا و ڕووسیا و بەلجیکا و ئیتالیایان لەگەڵ بوون. بەرەی دووەم بەرەی تەوەر (میحوەر)ی پێدەگوترا، کەبریتی بوون لە ئەڵمانیا و نەمسا و مەجەڕ و عوسمانییەکان.

١- زامنکردنی سەربەخۆیی تەواو بۆ بەشی ئاسیای ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کە پێویستە لە کۆمەڵێك یەکەی خودموختاری پێکبێن و لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا بمێننەوە، کە سوریا و فەڵەستین و میزۆپۆتامیا و نیمچەدورگەی عەرەبی و ئەرمینیا و کیلیکیا و کوردستان لە خۆ دەگرێت.

٢- جەمال پاشا بکرێتە سوڵتان و مافی پشتاوپشت کردنی دەسەڵات و یارمەتیی سەربازی و دارایی پێبدرێت ، لە بەرامبەردا جەمال پاشا لاریی نییە لە جیاکردنەوەی ئەستەنبۆڵ و ڕێڕەوە ئاوییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیی نوێدا.))[١]


جەمال پاشا

ئەم پێشهاتە بۆ ڕووسەکان جێی تێڕامانبوو، هەر زوو وەزیری دەرەوەی ڕووسیا (سازانۆڤ)، لە بارەی ڕێککەوتن لەگەڵ جەمال پاشا، پەیوەندیی بە هاوپەیمانەکانییەوە کرد. بەریتانیا و فەڕەنسا بە توندی دژی ئەو بۆچوونە وەستانەوە.[٢]

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە هێشتا ڕووسیا لە پلانی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئاگادر نەبووە، کە فەڕەنسا و بەریتانیا بەر

[١] كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، دار اراس للطباعة والنشر، الطبعة الثالثة، اربيل، ٢٠١٣، ص٣١٨.

[٢] كمال مظهر، المصدر السابق، ص٣١٨.

لە چەند مانگێك کاریان لەسەر کردبوو. ڕووسیا وەك هاوپەیمانێکی بەهێز و دراوسێییەکی نزیك و سنوورهاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، ئەوەی بۆ فەڕەنسا و بەریتانیا نەهێشتەوە، ئیدی بە نهێنی و بەبێ بەشداری پێکردنی ڕووسیا نەخشەی دابەشکاریەکە لە نێو خۆیاندا قەتیس بکەن.







سازانۆف سایکس بیکۆ

هەریەك لە سایکس و بیکۆ، کە داڕێژەری نەخشەکەبوون، لە سەرەتای ساڵی نوێ (١٩١٦)، چوونە ڕووسیا بۆ بەشداری پێکردنی ڕووسەکان لەم دابەشکارییە، دوای ئەوەی لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرپێیی، گەڕانەوە لەندەن.[1] دیارە کە لایەنی ڕووسیش لەلای خۆیانەوە پلانەکەیان بەنهێنی هێشتەوە و بەبێ بەشداری پێکردنی هاوپەیمانەکانی دیکەیان، پشکی خۆیان لە دابەشکارییەکە نیشانکرد و لە مانگی نیسانی ١٩١٦، سازانۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، نامەیەکی نهێنیی دایە دەست باڵوێزی فەڕەنسا لە پترۆگراد، تیایدا هاتووە:

١- ڕووسیا ناوچەکانی ئەرزەڕۆم و تەڕابزۆن و وان و بەدلیس تا کەناری دەریای ڕەش لە ڕۆژئاوای تەڕابزۆن بۆ خۆی دەبات.

---

[1] كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص٣١٢.

٢- پێویستە ناوچەی کوردستان، لە ڕۆژئاوای وان و بـەدلیس، نێـوان مـوش و سەعرەد و ڕووباری دیجلە و دوورگەی ئیبن عومەر و هێڵی ئەو زجـیرە چـیایەی بەسەر ئامێدی و مەرگەوەڕ دەڕوانێ، بۆ ڕووسیا بەجێبهێڵدرێت، ڕووسیاش لـە بەرامبەردا دان بە ناوچەکانی (ئالە داخ و قەیسەریە و خـەرپووت)دا دەنێـت بـۆ فەڕەنسا.[١] هەرچەندە پێشـتر پشـکی فەڕەنسـا زۆر لـەوە زیـاتر و بـەر فـراوانتر بوو، بەڵام لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی سێ لایەنە دەستکاریی نەخشەکرا و لـە ١٩١٦/٩/١بڕیاری لەبارەوە درا.




نەخشەی دابەشکارییەکان، بەپێی ڕێککەوتنامەی 
سایکس - بیکۆ

---

[١] کمال مظهر، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی، ص٣١٤.

لە نەخشەکەدا، چۆنیەتیی دابەشکردنی خاکی کوردستان ڕوونکراوەتەوە: ناوچەی (A) و (B) دەستنیشانکراون ((فەرەنسا پشکی خۆی بەرکەوت لە کوردستان(کە بەشێکی گرنگ لە کوردستانی ڕۆژئاوای ئێستا و کوردستانی سوریا بەگشتی و بەشی باشووری ڕۆژهەلاَت لە کوردستانی تورکیای بەرکەوت))[1]

پشکی ڕووسیاش بریتی بوو لە ((ئەو بەشەی کە مابووەوە لە کوردستانی تورکیا و ئەرمینیای ڕۆژئاوا).

ناوچەکانی بەریتانیا بەشێکی لە کوردستانی عێراقیش لەخۆ دەگرێت تا باشوری کەرکوك. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەشی باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران لە بەشی بەریتانیا بوو. هەرچی لە کوردستان مابووەوە کەوتبووە چوارچێوەی ناوچەکانی دەسەلاَتی ڕووسیا))[2].

ئەم ڕێککەوتنە تا شۆڕشی ئۆکتۆبەری[3] ساڵی ١٩١٧ ی ڕووسیا، بە نهێنی مایەوە. ڕووسیا کۆتایی بە ڕژێمی ڕووسیای قەیسەری هێنا و لە بەرەی بەریتانیا و فەرەنسا کشایەوە. ڕووسەکان بەمەندە نەوەستان، بەڵکو کەوتنە کۆکردنەوەی وردەکاریی ڕێککەوتنامەکان و ئاشکراکردن و ڕیسوا کردنیان. ئەمەش کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە و پێگەی هاوپەیمانانی لە دیدی

---

١ ن.لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار عبدوڵلا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر ٢٠٠٨ل٣٠٥

٢ ن.لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥

٣ ڕووسیای قەیسەری زیاتر لە (١١) ملیۆن ڕۆڵەی وڵاتەکەی ناردبووە بەرەکانی جەنگ، کە ئەمەش ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی بەدوای خۆیدا هێنا و ڕێگەی بۆ بەلشەفییەکان خۆشکرد تورەیی خەڵك لە شۆڕشێکدا بەرجەستە بکەن و کۆتایی بە دەسەلاَتی پێشتر بێنن.

ئەوانـەی ئومێـدیان لەسـەر بەڵێنـەکانیان هەڵچـنیبوو، کەوتـە ژێـر پرسـیار و هەڵوێستەکردن.

لەلایـەکی دیکـە، ئـەو شـوێنەی بـە پێـی ڕێککەوتنامـەی سـایکس بیکـۆ بـۆ ڕووسـیا دانرابـوو بـە بـەتاڵی مایـەوە، ئینگلیزکـان هـانی ئـەمریکایان دەدا بـۆ ئەوەی ئینتیدابی ئەرمینیا و ئەستەنبۆڵ و ناوچەکانی قەفقاس لە ئەستۆبگرن. دیـارە کـە ئەمـەش لەشـکر و داهـاتێکی زۆری دەویسـت، جگـە لـە تێـوەگلانی ئەمریکا لە گەمە سیاسییەکە، بەڵام ئەمریکییەکان لەوە هۆشیارتربوون، بکەونە داوی ئەم خواستەی ئینگلیزەکان و ڕەتیانکردەوە.[1]

ئینگلیزەکـان زۆریـان مەبەسـت بـوو خۆیـان لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆی ڕووسـەکان دوور بخەنـەوە و ناوبڕێـك لـە نێـوان ناوچـە داگیرکراوەکانی خۆیان و دەوڵەتی ڕووسیا دروستبکەن، کـە لـەتوانای دارایـی و عەسکەریی خۆیاندا نەبوو.



کلیمنسۆ

دوای سەرکەوتنی شۆڕشـەکەیان، ڕووسیای نـوێ پشـتوانیی خـۆی بـۆ خـەباتی گـەلانی چەوسـاوە و ژێردەستە ڕاگەیاند.

هەر لە ماوەی جەنگدا و بـەهۆی ئـەو ڕاگواسـتن و کوشـتوبڕە زۆرەی کورد و ئەرمەنەکان، لەلایەن دوڵـەتی عوسمانییەوە، (کلیمنسـۆ) سـەرۆکی فەڕەنسا ئەوەی ڕاگەیاند:

[1] كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص ٣٣٩.

((عوسمانییەکان بەهۆی ئەو بەڕێوەبردنە خراپەی وڵات، و بە زۆڵمکردنی جۆراوجۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا، باشترین بەڵگەیان بەدەستەوە داوە، کە بێ توانان و شیاوی ئەوەنین نەتەوە غەیرە تورکەکان بەڕێوەببەن، بۆیە پێویستە ئەو گەلانە لە ژێر فەرمانی ئەواندا نەهێڵینەوە))[١]



ویلسۆن

لەلایەکی دیکەش، سەرۆکی ئەمریکا (ودرۆو ویلسۆن)[٢]، کە لە بەرەی هاوپەیمانان بوو و دەستی لە پەیماننامەی سایکس بیکۆدا نەبوو، ویستی

[١] د. ابراهیم الداقوقی، اکراد ترکیا، دار المدی للثقافة والنشر، الطبعة الاولی، سوریة، ٢٠٠٣، ص١٧٢.

[٢] لۆرد تۆماس ودرو ویلسۆن (٢٨ دێسێمبەری ١٨٥٦ ـ ٣ فبرایەر ١٩٢٥) بیست و هەشتەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (١٩١٣ تا ١٩٢١) . پێشتر سەرۆکی زانکۆی پرستۆن بووە، دواتر بووەتە حاکمی ویلایەتی نیوجێرسی، بەر لەوەی ببێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مامۆستای زانستە سیاسییەکان بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان بووە. بڕوانە: سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی سارد (١٩١٤ ـ ١٩٩١)، لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٦.

نیازپاکی و هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر کێشەی گەلانی ژێر دەستە دەربخات، لە ١٩١٨/١/١٢، بەیاننامەیەکی چوارده خاڵیی پێشکەش بە کۆنگرێسی وڵاتەکەی کرد، کە دواتر بە بەیاننامەی ویلسۆن ناوزەدکرا.

((لە خاڵی دوازدەهەمدا هاتبوو: پێویستە هەلی لەبار برەخسێت بۆ ئەو کەمەنەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕزگاربوون، سەروەرییان بۆ بگەڕێتەوە و بە سەربەخۆی و ئازادی بژین))[1]، کە نەتەوەی کوردیش لە نێو بازنەی ئەو نەتەوانەدا، بوونی هەبووە.

ڕۆژگار لە بەرژەوەندیی گەلانی غەیرە تورك و لە دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە پێشرەوییەکی گورجدا بوو، نەك تەنها کوردەکان، بەڵکو تەواوی نەتەوەکانی دیکە کەوتبوونە خۆ بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەربگرن. کاتێك تورکیا هەستی بە بەهێزبوونی پشتوانیی دەرەکی کرد بۆ گەلانی غەیرە تورك لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا، بەتایبەتی دوای قسەکانی (کلیمێنسۆ) ی سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا، عوسمانییەکان لەلای خۆیانەوە کەوتنەخۆ و بۆ گرتنەوەی جڵەوی هەر هەنگاوێك بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی. ئەوەبوو ((لیژنەیەکی وەزارییان پێکهێنا بۆ ئەوەی کێشەی کوردەکان تاوتوێ بکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك تاکو کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیدا بهێڵێتەوە، لیژنەکە لە شێخولئیسلام حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی و عیوق پاشای وەزیری ئاوەدانکردنەوە و عەونی پاشای وەزیری دەریاوانی و بە ئەندامێتیی هەریەك لە ئەمین عالی بەدرخان ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و موراد بەدرخان و عەبدولقادر ئەفەندیی نوێنەرانی ئەنجوومەنی پیران پێکهێندرا))[2].

---

١ فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٤٢

٢ د. ابراهیم الداقوقی، اکراد ترکیا، ص ١٧٣.

ئەو لیژنەیە چەند کۆبوونەوەیەکییان ئەنجامدا، دواتر لەسەر ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١- خودموختاری بە کوردستان بدرێت، بە مەرجێك کوردەکان بەوە ڕازی بن، کە لە کۆمکاری عوسمانیدا بمێننەوە.

٢- ڕێو شوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەو بڕیارە و ڕاگەیاندنی بە پەلەی خودموختاری[1].

هەرچەندە کوردەکان هەوڵی زۆریاندا بۆ پەلەکردن لە پیادەکردنی ئەو خالآنە، بەلآم بە تێپەڕبوونی کات، کوردەکان بۆیان ڕوونبووەوە، کە ئەم هەوڵەی دەوڵەتی عوسمانی هیچ بنەمایەکی نییە و لە نیازپاکییانەوە نییە، بۆیە هەوڵیاندا لەڕێگەی هاوپەیمانانەوە کار بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بکەن.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و مۆرکردنی ئاگربەستی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨. ولأتە براوەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی دوای جەنگ، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، (کۆنگرەی ئاشتی)[2]یان لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا بەست.

لەبەر ڕۆشنایی بەیاننامە چواردە خاڵییەکەی (ودرۆو ویلسۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا و خواستی هاوپەیمانان لە دەستەبەرکردنی مافی گەلانی ژێر

---

[1] بڕوانە: الدكتور بلەچ شیر کوە، القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم، منشورات دار اراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، اربيل ٢٠١١، ص٨٥.

[2] کۆنگرەی ئاشتی بە بەشداریی سەرۆك و نوێنەری (٢٩) دەوڵەت لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا، بەبێ بەشدارییپێکردنی ڕووسیا و ولأتە دۆڕاوەکان بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا چەند پەیماننامەیەك مۆرکران: پەیماننامەی ڤێرسا لە ٢٨ ی حوزەیرانی ١٩١٩، پەیماننامەی سان جێرمان لە ١٠ی ئەیلولی ١٩١٩، پەیماننامەی نۆلی لە ٢٧ی تشرینی ١٩١٩، پەیماننامەی تریانۆن لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠، پەیماننامەی سیڤەر لە = ١٠ی ئابی ١٩٢٠. بڕوانە: سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەم تا کۆتایی جەنگی سارد، ل٥٨ ـ٦١.

دەسەڵاتی عوسمانی، ( شەریف پاشا)[1] وەك نوێنەری کورد لەلایەن (کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان) و(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) دەستنیشانکرا، کە ئەوکات لە پاریس بوو.



شەریف پاشا

کوردەکان ویستیان سوود لە بەستنی کۆنگرەی ئاشتیی پاریس وەربگرن و هەوڵبدەن نوێنەریان لە کۆنگرەکەدا هەبێت، کە لە ١٩١٩/١/١٨ تا ١٩٢٠/١/٢١ درێژەی هەبوو.

(( ئەوەبوو شەریف پاشا توانیی بە شاندێکی نافەرمی و بەیاوەریی هەریەك لە ( فەخری عادل بەگ و عادل بەگی ماردینی و ساڵح بەگ حوسنی (بەڕێوەبەری کاروبارەکانی شەریف پاشا) و غالب عەلی پاشا (سکرتێری شەریف پاشا)، بەشداری لە کۆنگرەی ئاشتیدا بکات.))[2].

---

١ محەمەد شەریف کوڕی سەعید پاشای کوڕی حوسێن پاشای خەندانە، خانەوادەکەیان پێگەیەکی بەرزیان لە دەسەڵاتی عوسمانیدا هەبووە، بۆ خۆی لەساڵی ١٨٩٨ دەبێتە باڵوێزی عوسمانی لە سوێد. لە ساڵی ١٩٠٨ دەگەڕێتەوە تورکیا. لە لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری نەهری و حەمدی پاشا، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان دادەمەزرێنن. لە ساڵی ١٩٤٥ لە ئیتالیا کۆچی دوایی دەکات و لە قاهیرە بەخاك دەسپێردرێت.

٢ وليدة حسن، معاهدة لوزان و تأثيرها على الكرد و منطقة شرق الاوسط، المركز الكردي للدراسات، ٢٠١٨، ص ٣.

شێخ مەحموود بەرزنجیش لە لای خۆیەوە ((مەزبەتەیەکی ڕێکخست، کە خۆی و پیاوماقولاّن و نوێنەری هۆزەکان لە کوردستانی باشوور واژۆیان لەسەرکردبوو، بۆ ئەمە شەریف پاشای خەندانی وەك نوێنەری گەلی کورد دانا، کە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێت. شێخ مەحموود دوو مامۆستا بەناوی ڕەشید کابان وئەحمەد بەرزنجی نارد کە مەزبەتەکە بەرن بۆ پاریس))[1] . بەلاّم دیارە بەهۆی ڕێگریی هاوپەیمانان شاندەکە نەیتوانی بگاتە پاریس.

شەریف پاشا توانیی قسە لەگەڵ نوێنەری زۆربەی ولاّتانی بەشدابوو بکات، کە ژمارەیان (٢٩) دەوڵەت دەبوو، هەروەها پرسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانی خستە بەر دیدی نوێنەرانی بەریتانیا، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەم کۆنگرەیەدا. ئەوەبوو لە ((٢٠ کانوونی دووەمی ١٩١٩ یەکەمجاربوو لە کۆنگرەیەکی لەم شێوەیەدا، لەلایەن وەفدی بەریتانییەوە باس لە کوردستان و لە کێشەی کورد بکرێت، کە تیایدا باسی لە (جیاکردنەوەی ئەرمینیاو سوریا و ما وراءالنهرین و کوردستان و فەڵەستین و نیمچە دوورگەی عەرەبیی کرد، بە تەواوی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابڕێت. باسی لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستانیش کرد، بەشی باشووری بەر بەریتانیاو باشوری ڕۆژئاوا بۆ فەرەنساو ڕۆژئاوا و باکوور بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوردستانی ڕۆژهەلاّتیش وەك بەشێك لە خاکی ئێران بمێنێتەوە.))[2]

شەریف پاشا لە ١٩١٩/٣/٢٢ دۆسیەی کوردی، پێشکەش بە کۆنگرە کرد.

---

[1] عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە (جەمعیەت) و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردیدا (١٩١٩–١٩٤٥). نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاّحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر ٢٠١٣، ل٦٧.

[2] وليدة حسن، معاهدة لوزان و تأثيرها على الكرد و منطقة شرق الاوسط، ص ٣.



وێنەی یەکێك لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس
لە کاتی واژووکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە

ئەم پێشڤەچوونە دبلۆماسییانەی شەریف پاشا، لە هەردوو بەرە (خەلافەت و ئیتحادییەکان) دا، تورکەکانی نیگەران کردبوو، هەوڵی بەردەوامیاندەدا بەهەر ڕێگەیەك بێت، ئاستەنگ بخەنە بەردەم هەنگاوەکانی شەریف پاشا. (عارف پاشا ماردینی) ی (بەدرخانی) سەرۆکی کۆمەڵەی ئیستقلال نامەیەکی لە ١٩١٩/٤/٢٠ بۆ شەریف پاشای ناردووە، لە ناوەرۆکی نامەکەیدا، (عارف پاشا) بە ئاشکرا کاریگەریی بۆچوونە هەڵخەڵەتێنەرەکان و بەڵێنە چەواشەکارییەکانی (مستەفا کەمال)ی پێوەدیارە، دژایەتییەکی تەواوی خۆی بەرامبەر وڵاتە ئەورووپییەکان دەخاتە ڕوو، بەوەی بەنیازن لە سەرخاکی کوردستان، لەسەر بنەمای سەلیبییەت، دەوڵەتێك بۆ ئەرمەنییەکان دروست بکەن، سەبارەت بەم هەڵوێستەی ئەوروپا دەڵێ : ((چوارده ملیۆن لە کورد و تورك لەبەردەم خودادا سوێند دەخۆن کە ئەمان تا دوا هەناسە و تا دواهەمین کەس، پارێزگاری لە نیشتمانەکەیان دەکەن))[١] ،(عارف پاشا) زۆر بە متمانەوە لە سایەی بەڵێنەکانی (مستەفا کەمال) نووسیویە: ((لە ئێستاوە حکومەتی کوردستان دامەزراوە ... ئێمە سەربەخۆیی نە لە وڵاتە ئەورووپییەکان و نە لە کۆنگرەی

---

[١] مالمیسانژ: بدرخانیو جزیرة بوتان، ص٩٢

ئاشتی داوا ناکەین))[1]، نامەکە پڕە لە وروژاندنی هەستی دژایەتیی موسڵمان و مەسیحییەت، پێی وایە دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنی لە پێناو خستنە ژێرچەپۆکی ویلایەتە موسڵمانەکانی دەوڵەتی عوسمانیی جارانن، بەڵام خەیاڵ بۆشییی ئەوروپییەکان بەوە دەخاتە ڕوو کە خەڵکی کوردستان نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبین و لەدژایەتی کردنی سەلیبیەتی ئەوروپی هیچ دوودڵ نین.. لە کۆتایی نامەکەیدا (عارف پاشا) وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە داوا لە شەریف پاشا دەکات: ((ئێوە بەرپرسیارن لە گەیاندنی ئەم ڕاستیانە بەناوی کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان بە کۆنگرەی ئاشتی))[2]

لەناوخۆی کوردستانیشدا، شێخ عەبدولقادر، کە سەرۆکی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) بوو و لەبەر هاوسەنگ ڕاگرتنی بارودۆخەکە، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کرابووە سەرۆکی شوورای فەرمانڕەوایی، دەمێك بوو ئەو باوەڕەی بۆ دروست ببوو. لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەکەیاندا (تەعالی کوردستان) لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩، کاتێك ئەندامانی کۆمەڵە داوایان کرد سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێنن و هەرچیی بێگانەیە لە خاکی کوردستان وەدەریان بنێن، بە تورکیشەوە، شێخ عەبدولقادر وەك سەرۆکی کۆمەڵە، دژی ئەو پێشنیازە وەستابووەوە، ((لە جولانەوەی کوردی ناوەشێتەوە، لەم بارودۆخە تەنگەدا دژی تورکەکان بوەستێتەوە. سەرباری ئەمە پێداگریی لەسەر هاوکاریی تورکەکان کردەوە، داوای لە لاوەکانی کۆمەڵە کرد، کە ڕوو لەناوچە کوردییەکان بکەن و لە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی خەبات

---

[1] مالمیسانژ ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ص٩٢

[2] مالمیسانژ ، المصدر السابق، ص٩٣.

بکەن. جەختی لەوەکردەوە، کە سوڵتان بەڵێنی خۆی دەباتە سەر لە پێدانی خودموختاری بۆ کورد))[1].

شەریف پاشا، کە هەست بە باری شڵەژاوی کوردستان دەکات و ئومێدێکی بە سەرکردە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و کەمالییەکان نامێنێ، لە((٢٠/٥/١٩١٩، داوا لە لویس مالت، سەفیری بەریتانیا لە پاریس دەکات، بە هەڵبژاردنی ئەو بۆ بەدەستهێنانی ئیمارەتی کوردستان))[2].



شەریف پاشا

دیارە، کە بەریتانییەکان تێبینیی زۆریان لەسەر شەریف پاشا هەبووە، بەتایبەتی، کە بە پیاوی فەڕەنسایان لەقەڵەم دەدا، ((یەکێك لە گەورە فەرمانبەرای وەزارەتی دەورەوەی ئینگلیز بۆی دەنووسێت: ((دەوڵەتی بەریتانیا پێی وایە کە زۆریی تەمەنی و ئیقامەتی  دوور و درێژی لە پاریس،

[1] جليلي جليل، م.س. لازاريف، م.أ. حسرتيان، شاكرو محويان، اولغا جيغالينا، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت: د. عبدى حاجى، مؤسسة موكريانى للبحوث والنشر، ط ٢، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠١٢، ص١٢٦.

[2] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چ٦، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٥.

کۆسپێن لە ڕێگەی ئەوەی کە بتوانێ لە پۆستی سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئاینـدەی کورد دا، دەورێکی شایستە بگێڕێ))[١].

بەریتانییـەکان کـە هێشـتا جێـی ئومێـدی بەشـێك لـە کوردەکـان بـوو، لـە تەمووزی ١٩١٩ لەگەڵ شێخ مەحموود کەوتە شەڕێکی گـەورە ((شـەڕ تـا ڕۆژی ١٩ ی تەمووزی ١٩١٩ بـەردەوام بـوو، بـەریتانیا تانـك و تـۆپ و تـەیارەی تێدا بـەکارهێنا، بـە هـۆی خیانـەتی هەنـدێك لـە ئاغـا کوردەکـان، هێـزی بـەریتانیا هێڵەکانی پشتەوەی سوپای کوردی گرت و توانیی شێخ مەحموود بە برینـداری بەدیل بگرێت))[٢]. ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا ڕەنگدانەوەیـەکی خراپـی لـە دیـدی کوردەکان دروستکرد، بەڕادەیەك ڕێگەی بۆ مستەفا کەمال خۆشکرد پەیوەندی بەسەرۆك هۆزە کوردەکانەوە بکات، بۆ ئـەوەی لـەبارەی داواکـاریی کوردەکـان گفتوگۆیـان لەگەڵدا بکـات. ئـەوەبوو لـە ((ئـەیلوولی ١٩١٩ لـە سـیواس لەگـەڵ سـەرۆکە کوردەکـان دانیشـت و باسـیان لـە بـارودۆخی کێشـەی کـورد کـرد و دروستبوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنییان ڕەتکردەوە))[٣].

ئەم هەوڵانـەی مسـتەفا کـەمال کاریگـەریی زۆریـان لەسـەر ئاینـدەی کورد دروستکرد. ئەکرەم جەمیل پاشا لە گێڕانەوەی کورتەی ژیانیدا باس لە ڕۆژانـی دوای کۆنگرەی ئاشتی دەکات: ((ئەو ڕۆژە خۆشانەمان زۆری نەخایاند، چونکە لـەژێر گوشـار و هەڕەشـە و فـرت و فێڵـی مسـتەفا کـەمال هـەزاران برووسـکە ڕەوانەکرا، لە سەرانسـەری کوردسـتانەوە، لـە ئەرزەڕۆمـەوە تـا مەرعـەش، بـۆ

---

[١] کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٣٦.

[٢] نبیل زکی، الاکراد الاساطیر و الثورات و الحروب، مطبوعات کتاب الیوم، ١٩٩١، ص ٤٩.

[٣] د. ابراهیم الداقوقی، اکراد ترکیا، ص١٧٥.

ڕۆژنامەکان و باڵوێزخانەکان، کە کورد و تورك بران لەم خەباتە نیشتمانییەدا و کوردیش هەموو جۆرە مافێکی خۆی وەردەگرێت))[1] .

شەریف پاشا هەستی بەوەکردبوو، کە ئارەزووی هاوپەیمانان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی گەلێك زیاترە لەوەی بۆ کورد ئارەزووی دەکەن، بۆیە لە هەولێکی دیکەیدا، لەگەڵ نوێنەری ئەرمەنییەکان، کە بە دوو نوێنەرایەتی بەشدارییان لە کۆنگرەکەدا کردبوو، گفتوگۆی کردوو هەوڵەکانیان لەبەرژەوەندیی هاوبەش یەکخست.

یەکەمیان بە سەرۆکایەتی (ئەوادیس ئەوغانجانیان) نوێنەری کۆماری ئەرمینیا و دووەمیان بە سەرۆکایەتی (بوغۆس نۆبار) وەزیری پێشووی میسر، کە نوێنەرایەتیی ئەرمەنییەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکانی دەکرد. هەرچەندە سنووری داخوازیی ئەرمەنەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی بەشێکی زۆری لە خاکی کوردانی لە خۆگرتبوو، لە گەڵ ئەوەشدا شەریف پاشا چاوپۆشیی لێکرد و بەیاننامەیەکی هاوبەشی نێوان (کورد و ئەرمەن)ی ئیمزاکرد، کە (لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩، پێشکەش بە (کلیمێنسۆ) سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی کرد لە پاریس).

**دەقی یاداشتنامە هاوبەشەکە[2].**

سەرۆکی بەڕێز

ئێمە کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە، نوێنەرانی هەردوو گەلی ئەرمەن و کوردین، جێی شانازیمانە کە لەم کۆنگرەیەدا، دان بەوەدا دەنێین، کە ئەم

---

[1] ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم، و:فەیزوڵلا برایم خان و بەرزان وەهاب، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بیر،چ٣، دیاربەکر، ٢٠٠٧، ل٥٦.

[2] دەقی ئەم بەیاننامەیە لە گۆڤاری ئەکادیمی ژ(٩)ی ساڵی ٢٠٠٨، لەلاپەڕە ٢٢٩ بە زمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە.

دووگەلـە لـە ڕەگـەزی ئـارین، بەرژەوەنـدیی هاوبـەش یـەکیان دەخـا و هـەمان ئامــانجی: ئــازادی و ســەربەخۆیی و ڕزگــارکردنی ئەرمــەن لــەژێر دەســەڵاتی تورکەکان و بەشێوەکی گشتیش ڕزگارکردنی ئەرمەن و کورد لـە ژێـر چـەپۆکی (ئیتحاد و تەرەقی) لـە دەسـەڵاتە فـەرمی و نهێنییـەکانیان، کـە هـاو شـێوەی یەکتر کارەساتی زۆری بەسەر ئەرمـەن و کـورددا هێنـاوە. ئێمـە ڕێککـەوتنێکی تەواومان کـردووە بـۆ ئـەوەی داوا لـە کـۆنگرەی ئاشـتی بکـەین بـەپێی بنـەما نەتەوەییەکان، دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو بۆ ئەرمەنەکان دابمـەزرێنن و بە هاوکاریی ولاّتانی زلهێز کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، کـە پێویسـتە گویّ لە خواست و ویستی گەلەکانمان بگرن و لە داهاتووشدا هاوکارمان بـن لـە قۆناغی بونیادنانی ئابووری و تەکنەلۆژی.

ئەوەی پەیوەست بێت بە جێ ناککۆکـەکان کـە لـە ڕوونکردنـەوەی هـەردوو لاماندا هاتووە و خراوەتە بـەردەم کـۆنگرەی ئاشـتی بـۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا دەستنیشانکردنی سنووری نێوان هەردوو ولاّت بکات. ئێمە ڕایدەگەیێنین کە بە بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی ڕازی دەبین، چونکە دڵنیاین کە بڕیارەکان لە سەر بنەمای ماف و دادپەروەری دەدرێن.

ئەوەش ڕادەگەیێنین کە ئامادەین و ڕەزامەندیی تەواومان هەیە بۆ ڕێزگـرتن لە مافی کەمینەکان لە هەردوو دەوڵەتدا.

بوغوس نوبار
سەرۆکی شاندی نەتەوەی
ئەرمەنی

ا. أوغانجانيان
جێگری سەرۆکی شاندی
ئەرمینیا لە کۆنگرەی ئاشتی

شەریف پاشا
سەرۆکی شاندی کوردستان لە کۆنگرەی ئاشتی




نەخشەی دەوڵەتی ئەرمەنی، کە شاندی ئەرمەنی لە پاریس پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتیی کرد. نەخشەکە لە کتێبی کورد و کوردستان لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، ل١٥٠ وەرگیراوە

ئەگەرچی ئەم یاداشتەی شەریف پاشا، کە لەگەڵ ئەرمەنەکان بە هاوبەشی پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کرابوو، لەلایەن کۆڕ و ئەنجوومەنە سیاسییەکانی ئەوروپی و ئەمریکی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بەڵام کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە تورکیا دروستکرد. ناکۆکی و دووبەرەکیی خستە نێوان ڕێبەرانی کورد.((عەبدولقادر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی الاقدام (١٩٢٠/٢/٢٧) هەوڵیدا ڕێککەوتننامەکەی شەریف پاشا و نۆبار پاشا بێبایەخ نیشان بدات و گوتی: ((ترکان هاو نەژاد و برای ئازیزی ئێمەن، وێڕای ئەوەی کە ئێمە هەموو موسڵمانین و مەحاڵە کینە و دوژمنایەتیمان بکەوێتە بەین! ئێمە تەنێ ئەوەندەمان دەوێ کە مافی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئازادانەمان هەبێ. ئەو دەنگۆیەش کە گوایە ڕێککەوتننامەیەکی دژ بە تورکیا لە نێوان شەریف پاشا و بوغوس نۆباردا ئیمزا کراوە، ئەسڵ و ئەساسی نییە. باسی ئەوەش کە ئێمە ڕۆژێ لە ڕۆژان کاری لەو بابەتە بکەین، لە ئارادا نییە!))[١]

بە هۆی نەبوونی یەك هەڵوێستیی ڕابەرانی کورد و بەرژەوندیی ئیمپریالیستەکان، هەوڵەکانی شەریف پاشا بێ مایە دەبن.

لەلایەکی دیکەش شێخ عەبدولقادر[٢] کە متمانەی بە (شەریف پاشا) دابوو وەك نوێنەری کورد ڕۆڵ ببینێ (( لە سەرەتای گەرمەی کێشەو تەقەلاکانی گەلی کورد دا، گۆڕان بەسەر هەڵوێستی شێخ عەبدولقادردا دێت، یاداشتێك دژ بە

---

[١] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٤٣.

[٢] کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە، لە سەردەمی شۆڕشی باوکیدا لە ١٨٨٠، ڕێبەرایەتیی ئەو هێزەی دەکرد کە لەشکر کێشی بۆ سەر ئێران دەکرد، سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکمڕانی و یەکێك بوو لە سیانزە وەزیرەکەی داماد فەرید پاشای عوسمانی، تا کاتی کەوتنی ئەو حکومەتە لە ١٤ی ئایاری ١٩١٩بەردەوام بوو.

کۆششی شەریف پاشا بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنێرێت: ڕایدەگەیەنین کە شەریف پاشا نوێنەری گەلی کورد نییە، گەلی کوردستان ئیسلامن لە دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی جیا نابێتەوە))[1].

دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠، شەریف پاشا، لە ١ی ئازاری ١٩٢٠، دۆسیەکەی کوردی پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد[2]. شەریف پاشا سنووری چالاکییەکانی وەك نەتەوەپەروەرێك ئەوەندە بەر تەسك بووەوە ناچار بوو لە ٢٧ی نیسانی ١٩٢٠ ((وازهێنانی خۆی لە نوێنەرایەتیی کوردان بە باڵوێزی بەریتانیا ڕاگەیاند))[3].

هێشتا بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی بۆ کوردەکان ڕوون نەبوون، ئەمەش دڵەڕاوکێی بۆ دروستکردبوون (( شێخ عەبدولقادر تەلەگرافێکی بۆ پاریس نارد تیایدا گوتبووی لەبەر ئەوەی (کۆمیتەی کورد) نوێنەرێکی لە کۆنفرانسی ئاشتیدا نەبووە، مافی ناڕەزایی لە بەرامبەر هەر بڕیارێك، کە دراوە و (پێچەوانەی پرەنسیپی مافی میللەتان) بێ، بۆخۆی دەهێڵێتەوە))[4].

ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەم تەلەگرافەی شێخەوە، بۆ ئایندەی کورد بڕوانین، بێ متمانەیی بەشێك لەو سەرکردانەی بزاڤی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد هەست پێدەکەین، کە بەرامبەر بە هاوپەیمانە براوەکان هەیان بووە، لەم تەلەگرافەشدا ترسی بڕیاردان لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی هەستپێدەکرێت و

---

[1] فاتح رەسولّ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٥٣.

[2] شەریف پاشا پێشتر لە ١٩١٩/٣/٢٢ هەمان دۆسیەیەی پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کردبوو.

[3] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبکر خۆشناو، چ/٢، هەولێر ٢٠٠٥، ل٢٢٧.

[4] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢

ئەوەشی لێدەخوێندرێتەوە، کە کورد پابەند نابێت بە بڕیارێك کە کۆمیتەی کورد پێی ڕازی نەبێت. ئەوەش ئاشکرایە، کە ئەوان لە ئێستادا، شەریف بە نوێنەری کورد نازانن.

دواتریش کە پێشنیارەکان بە ڕەسمی بڵاوکرانەوە، ((شێخ عەبدولقادر و بەدرخانەکان لە دژی هەڵاوێردنی هەندێ ناوچەی کوردنشینی جزیرە و ئورفە و ماردین لە سوریای فەرانسە و هەندێ ناوچەی دیکە، بە شێوەیەکی سەرەکی مەلاتیە و کۆچگیری (دێرسیم)ی ڕۆژئاوای فورات لە ناوچەکانی خودموختاری، ناڕەزایی یان دەربڕی))[١].

هاوپەیمانە براوەکان، بۆ پیادەکردنی ئەو هەنگاوانەی لەسەری ڕێککەوتبوون، کۆنگرەیەکیان لە ڕۆژانی ١٩ تا ٢٦ ی نیسانی ١٩٢٠ لە شاری (سان ڕیمۆ) ی ئیتاڵیا سازکرد.

دواتر کۆنگرەکە هەر بە (سان ڕیمۆ) ناونرا. ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا بۆ مێژووی کورد جێی بایەخە، لە٢٠ ی نیسانی ١٩٢٠ن لەسەر بڕیاری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (لوید جۆرج)، بڕیاردان بوو لەسەر ئەم خاڵانە[٢]:

١- وڵاتانی هاوپەیمانی زلهێز نابنە ڕێگر لەبەردەم کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بۆ ناو ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیە.

٢- لەو کاتەی لێژنەی کوردستان نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەبارەی هەر مەسەلەیەك، ئەوا پێویستە ئەو دۆسیەیە لەلایەن لێژنەکەوە ڕەوانەی سەرۆك حکومەتەکانی وڵاتانی تایبەت بەو پڕۆژەیە بکرێت بە مەبەستی بینینی.

---

[١] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ٢٣١.

[٢] عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە (جەمعیەت) و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردیدا (١٩١٩-١٩٤٥)، ل٦٨.



ئەندامانی کۆنگرەی سان ریمۆ

هەر لەم کۆنگرەیەدا، بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی فراوانتر درا، بۆ ئەوەی بەبەشداریی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە فەرمی کێشەکان یەکلابکرێنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ناوچەی سیڤەر لە پاریس دەستنیشان کرا. کۆنگرەی (سان ڕیمۆ) ڕێگە خۆشکەربوو بۆ هێنانە پێشەوەی پەیماننانەی سیڤەر، کە لە (١٠ ی ئابی ١٩٢٠) لەلایەن هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی مۆرکرا، کە (٤٣٢) ماددەی لەخۆ گرتبوو.((لە پەیماننامەکەدا بەشێکی تایبەت دانرا بۆ کوردستان، ئەم ماددانەی لەخۆ گرتبوو ٦٢، ٦٣، ٦٤، کە لە ژێر ناوی کوردستاندا ناسرابوو))[١].

بۆ بەرچاوڕوونی دەقی ئەو ماددانە دەنووسینەوە:

**ماددەی ٦٢:** لێژنەیەکی سێ کەسی لە قوستەنتینیە، لە نوێنەری هەرسێ حکوومەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا پێك دێت، لەماوەی شەش مانگ

[١] ن.لازاریف: مێژووی کوردستان، ل٣٢٤.

لە بەرواری جێبەجێکردنی پەیماننامەی خودموختاری سەبارەت بەو ناوچانەی کە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن لە ڕۆژهەلاتی فوڕات و باشووری سنووری ئارمینیا، کە دەکرێ دواتر دەستنیشان بکرێن، سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا و عێراق دەستنیشان دەکرێت بەپێی دەقی دووەم و سێیەم، کە لە بەندی (٢٧) ڕوونکراوەتەوە. بەلأم ئەگەر لە هەر بابەتێك نەگەیشتنە ڕێککەوتن ، ئەوا هەریەکەیان مەسەلەکە دەخاتەوە بەردەم حکوومەتەکەی. دەبێ پرۆژەکە گرەنتیی مافی ئاشووری و کلدانی و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی تر بکات کە لەو ناوچەدان، بۆ ئەو مەبەستە ڕاوێژ لەگەڵ لێژنەیەکی تر لە نوێنەرانی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و فارس و کورد دەکرێت و ئەو شوێنانە بەسەر دەکەنەوە و لە کاتی پێویست، هەموارکردن لە سنووری تورکی دەکەن بەو پێیەی کە لەگەڵ ئەو پەیماننامەیە بگونجێت لە گەڵ سنووری فارس.

**ماددەی ٦٣:** لەم ڕۆوە حکوومەتی تورکی پەیمان دەدات، کە بە بڕیارەکانی هەردوو لێژنەکە ڕازییە، کە لەماددەی ٦٢ دیاری کراون، کە لەماوەی سێ مانگدا ڕادەگەیەندرێن.

**ماددەی ٦٤:** ئەگەر دوای ساڵێك لە جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامەیە، کوردەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانەی کە لە ماددەی ٦٢ دا دیاری کراون، داوای سەربەخۆیی لە کۆمەڵەی گەلان بکات و ئەوە ڕوونببێتەوە کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە داوای جیابوونەوە لە تورکیا دەکات و بۆ کۆمەڵەی ناوبراو ڕوون بووەوە کە ئەو گەلە توانای خۆبەڕێوەبردنی هەیە و بڕیاری لەبارەیەوەدا، ئەوا تورکیاش لە ئێستاوە بەڵێن دەدات، کە کار بەم سپاردەیە دەکات و دەستبەرداری هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی دەبێت لە ناوچەکە.[١]

[١] دەقی ئەو ماددانە لە: ارشاك سافراستيان، الكرد و كردستان، ت: الدكتور احمد محمود خليل، دار سردم للطباعة والنشر، ط٢، سليمانية، ٢٠٠٨، ص١٥٦-١٥٧ وەرگیراون.



ڕێوڕەسمی واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر

هەرچەندە لە ڕواڵەتدا جێبەجێکردنی ئەو ماددانە کارێکی هێندە دژوار نەبووە، بەلاّم گومانگەلێکی زۆریش لەخۆ دەگرن بەوەی هاوپەیمانان، بەتایبەتی بەریتانییەکان دەرفەتی هەڵسەنگاندن و شوێن هەنگاوی دیکەی تێدا بهێڵنەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر پێشهات و هەلومەرجەکانی داهاتوویاندا پێگەیان چەقبەستوو نەبێت و بتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە ئەم ماددانەی پەیماننامەی سیڤەر تایبەت بوون بە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەلاّتی تورکیا، واتا کوردستان لە ڕۆژهەلاّتی ژێر دەسەلاّتی ئێران و باشووری ژێر دەسەلاّتی بەریتانیا و ڕۆژئاوای ژێر دەسەلاّتی فەرەنسا لە نێو پرۆسەکەدا نەبوون. هەرچەندە باس لەوەش کراوە، کە ((ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش خواستی ئەوەیان هەبوو

بچنە پاڵ ئەو ولاّتە کوردییە، ئەوا هاوپەیمانە سەرەکییەکان دژایەتیی ئەو بڕیارە ناکەن))[1]




نەخشەی دەوڵەتی کوردی بەپێی پەیماننامەی سیڤەر

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە لەو ماوەیەدا چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دروستبوون. دامەزرێنەرەکانیان کەسایەتیی دیار و ناودار و ڕۆشنبیربوون. ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بووە.

هەریەك لەم ڕێکخراوانە بەشدارییەکی کارایان کردووە لە وروژاندنی پرسی سەربەخۆیی و لە بەرەوپێش بردنی ڕووداوەکان.

---

[1] ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، ل٣٢٦.

# بەشی یەکەم

## پرسی سەربەخۆیی لە بزاڤی نەتەوایەتیی کورد پێش مۆرکردنی پە یماننامەی سیڤەر

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای کۆتایی هاتنیشی، ڕووداوە سیاسییەکان لە بەرزی و نزمییەکی بەردەوامدابوون، زۆر پێشبینی، کورتیان هێنا و زۆر هەنگاویش بە نیوەچڵی بەجێمان. زۆر شتیش کە نەدەبوایە بکرێن، کران.

بابەتی ئەم بەشە، کاریگەریی قوناغی پێش مۆرکردنی پەیماننامەی سیڤەرە، لەسەر بزاوتی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی، چونکە بەر لەم پەیماننامەیە، لە هیچ گفتوگۆ و ڕێککەوتنێکدا بە فەرمی و لەنێوەندێکی نێودەوڵەتی دان بە مافەکانی گەلی کورد نەنراوە و ڕێگەی پێنەدراوە دەوڵەتێکی بەناوی کوردستان هەبێت.

دیارە کە پەیماننامەی سیڤەر بەبێ بوونی پێشینە و پێشهاتی سیاسی نەگەیشتۆتە بڕیاری داڕشتنی چەند ماددەیەك، کە لە نێویاندا نەخشەڕێگای دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان دابنێ. جا لە ناوەوە و پەیوەندیی بە کورد خۆیەوە هەبووبێ، یان لە دەرەوەبووبێ و پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی هێز و دەسەڵاتی کەسانی دیکەوە بووبێ.

لەو بەشەدا، بە چەند قۆناغێکی زەمەنی و بە خێرایی باس لەو بزاوتە سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسییانە دەکەین، کە بوونە هەوێنی بەرهەمهێنانی ئەو ماددانەی، کە لە نێو پەیمانامەی سیڤەردا، باس لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دەکەن.

### ١-١ ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی

پێشتر باسمان لەوەکرد، کە بەر لە دەستپێکردنی جەنگ، هاوپەیمانان پەیوەندییان بە چەندین سەرۆك هۆز و کەسایەتیی ڕۆحی و سیاسیی کوردەوە کردبوو و بەڵێنی پشتوانی و سەربەخۆییان پێدابوون، ئەگەر ئەوان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هاوکارییان بکەن. لە ماوەی ساڵانی شەڕیشدا، هەردەم ئەوەیان بیر دەخستنەوە، دوای سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی جەنگ، ئەوان تەواوی ئەو گەلانە ئازاد دەکەن، کە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی زاڵمانەی عوسمانییەکاندا ماونەتەوە.

دەبینین لەم قۆناغەدا، بە شێوەیەکی گشتی، سەرکردایەتیی بزاوتە کوردییەکان، بەدەست سەرۆك هۆزەکان یان کەسایەتییە ڕۆحانییەکانەوە بووە، بەو واتایەی ئەوان پشتیان بە پێگەی ئایینی و هۆزایەتیی خۆیانەوە بەستبوو، هەوڵەکانیان زیاتر هەوڵی سەربازی بووە لەوەی هەوڵی دیبلۆماسی بووبێ. جگە لەوەی خاکی کوردستان لەم قۆناغەدا، لەبەر لاوازیی دەسەڵاتی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی پارچەپارچەیی پێوەدیارە و بزاوتەکان لە سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو و لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆك هۆزێك ئاڕاستە دەکرێن.

دەبینین لەو قۆناغەدا، بۆ داواکارییەکانی، کورد گوتارێکی یەکگرتوو و ئاراستەیەکی دیاری کراوی نەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانج. بەرچاو لێل و ڕاڕا و دوودڵ بووە. متمانەیەکی تەواوی بەهیچ یەکێك لە پاڵپشتەکان نەبووە، پارچەبوونی خاکی کوردستان و ناکۆکیی نێوان هەندێك لە هۆزە کوردییەکانیش، لە یەکخستنی بزاڤە کوردییەکان، ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی بینیوە. تەرازووی هێز لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لاسەنگ بووە و هەر بەشێك ئازادکردنی ناوچەکانی خۆی بە کاری لەپێشینە زانیوە. لەلایەکی دیکەش لە

ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی بزاوتەکان، نەبوونی چەك و جبەخانەی پێویست بووە. لە پێناو وەدەست هێنانی کەرستەو پێداویستییەکانی جەنگ، سەرکردە کوردەکان دامێنگیری دوژمنە نەتەوەییەکانیان بوون و بە ناچاری تێکەڵ بە گەمەی نەیاران و ناحەزانی بووە. چونکە سەرانی تورکیا و هاوپەیمانان لەلایەك و خودی هاوپەیمانانیش لەلایەکی دیکە بەردەوام لە ناکۆکیدا بوون و هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆی گەمەی بە چارەنووسی نەتەوەی کورد کردووە.

لە کاتی جەنگ، هەندێك ناوچەی کوردستان، ببوونە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە و لەشکرکێشیی لایەنە شەڕکەرەکان. کوردەکان بەبێ ویستی خۆیان و بەزۆر وەك جەنگاوەر ڕاپێچی بەرەکانی شەڕ کراون، بۆیە دەبینین هەرکاتێك دەرفەتی هەڵگەڕانەوەی بۆ ڕەخسابێ، پشتی لە دەسەڵات کردووە. ((مەیلی دژایەتی کردنی شەڕ لە پاڵ سوپای عوسمانی لە نێو ڕیزی کوردەکاندا پەرەی سەند و بە شێوەیەك ئەو کاریگەرییەی لێکەوتەوە، کە لە مانگەکانی سەرەتای جەنگ ڕووداوی گواستنەوەی سەنگەر لەلایەن یەکە سەربازیەکانی کورد لە ڕیزی سوپای تورکییەوە بۆ پاڵ سوپای ڕووسی لێکەوتەوە))[١]

لە ١١ ی تەمووزی ساڵی ١٩١٦، کاتێك ناوچەی ئەرزنجان کەوتە دەست هێزە ڕووسییەکان، توانییان لەگەڵ کورد و ئەرمەنییەکانی ناوچەکە، کار بۆ فراوانکردنی ناوچە ڕزگارکراوەکان بکەن. سەرکردە سەربازییە کوردەکان لە عوسمانییەکان هەڵگەڕانەوە و چوونە پاڵ ڕووسەکان. توانییان لە ئەرزینجان و گوندەکانی دەوروبەری ڕژێمێکی کوردی دابمەزرێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری زێی فورات و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای

[١] جليلي جليل، و مجموعة من الؤلفين، الحركة الكوردية في عصر الحديث، ص١٠٨.

دەرسیم، بەتایبەتی ناوچەی ئۆڤاجك بخاتە نێو سنووری ئەم دەسەڵاتە و دەوڵەتێکی کوردیی تێدا ڕابگەیێنن.[1]

ئەگەرچی لەو ماوەیەدا سمکۆی شکاك ناوچەیەکی فراوانی لە قوتور و چەهریق لەبەر دەستدا بوو و خەڵکێکی زۆری لە دەورەبوو، بەلاّم ((خۆی لە شەڕی ناوچەی ڕووس و عوسمانی وەرنەدا و لایەنی هیچیانی نەگرت))[2].

لە ناوچەی ڕەوانسەر و کرماشان، (سەردار ڕەشید) هێزێکی بەیەکەوە نابوو و دەستی بە فراوانکردنی سنووری دەسەلاّتەکەی کردبوو[3]، بەلاّم ڕووسەکان لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کوردەکانی ڕۆژهەلاّت، هەوڵیاندا پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکان دروستبکەن، ئەوەبوو لە حوزەیرانی ١٩١٧، ڕووسەکان عەقید (زخارتشنکۆ) یان نارده ناوچەکانی باشووری کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەی پەیوەندیی دووقۆڵیی خۆیان لەگەڵ هۆزەکانی ناوچەکە بسازێنن. بەڵێنی هاوکاریی ڕووسیایان بۆ کوردەکانی ژێر دەسەلاّتی تورکیا پێ ڕاگەیاندن.[4] ((لە ٤ ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا ژەنەڕاڵ (باراتۆف) لە سنە و لە کۆنگرەیەکی تردا بۆ (٢٧) سەرکردەی کوردەکان ڕێککەوتننامەی ڕوسی ـ کوردی لەگەڵ مۆر کرد. کە داوای دەکرد خێڵە کوردەکان یەك بگرن و ڕووسیاش کۆمەکی سەربازییان دەکات))[5]

---

[1] د.نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، و: د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٣٨ و ١٣٩.

[2] حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیەتی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، لە بلاّوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، ل٨٠.

[3] یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان، بەرگی یەگەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥٠.

[4] جليلی جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في عصر الحديث، ص١١٩.

[5] ن. لازاریف، مێژژووی کوردستان، ل٣٠٨.

سەبارەت بە باشووری کوردستان، لەو ماوەیەدا، شێخ مەحمودی بەرزنجی هێزێکــی هــەزار کەســیی هــەبوو، بــەهۆی لاوازبــوونی عوسمانییــەکان و پێشــڕەوییەکانی ئینگلیــز لــە داگیرکردنــی ناوچــەکە، پەیوەنــدیی شــێخ بــە تورکەکان بەرە و لاوازی دەچوو و پێگـەی شـێخ وەك سـەرکردەیەکی کـورد لـە ناوچەکە بـەرەو بـەهێزی و سـەربەخۆیی هەڵدەکشـا، هـەر لـەو ماوەیـەدا شـێخ مەحموود پەیوەندیی بە شەریفی مەککە (حوسەینی کوڕی عەلی) یەوە کرد، کە سەرۆکایەتیی شۆڕشێکی عەرەبیی دەکرد لە ناوچەی حیجـاز، بـەڵام سـەبارەت بــە پرســی ڕاگەیانــدنی ســەربەخۆیی و دەوڵــەتی کــوردی، چــاوەڕوانی یەکلابوونەوەی بارودۆخەکەی دەکرد.

((لە بەهاری ساڵی ١٩١٧، شۆڕشێك لە چیاکانی موسڵ هەڵگیرسا، کەسـەید عەبـدوڵلا ، نـەوەی شـێخ عوبەیـدوڵلای نـەهری سـەرکردایەتیی دەکـرد، داوای یارمـەتیی لـە ڕووسـەکان دەکـرد))[١]. بـەڵام لەگـەڵ کشـانەوەی ڕووسـەکان لـە ناوچەکە، ئەم هەوڵەش بێ ئاکام مایەوە.

دەتوانین لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ناوچەی دەرسیم بە دیارترین ناوچـە بناسـێنین، کـە بـە ئامـانجی سـەربەخۆیی و دروسـتکردنی دەوڵـەتێکی کوردی هەنگاوی ناوە.

تورکەکان لە بارودۆخی ناوچەی دەرسیم نیگەرانییـەکی زۆریـان هـەبوو، لـە ترسـی هەڵگیرسـانی شۆڕشـێکی گـەورە و پـەرەسـەندنی ڕووبەڕووبوونـەوە، تـا ڕادەیەك وازیان لە پەلکێشکردنی خەڵکی ناوچەکە هێنا بۆ ناو سـوپا، لەلایـەکی دیکە کەوتنە هەوڵی دەستبەسەرکردنی ئەو سەرۆك هۆزانـەی لـە ڕووسـەکانەوە نزیك بوون. بۆ لێدانی ئەو ڕژێمە کوردییە سەربەخۆیەی ناوچەی ئـەرزینجانیش، سوپای تورکیا، پەنای بۆ تیپی حەمیدیـە بـرد، ((تیپـەکانی حەمیدییـە، کـە لـە

[١] جليلى جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص١١٢.

کوردەکانی باشوور پێك هاتبوون، لە کۆنەوە لەگەڵ تورکاندا هاوکاربوون و شەڕیان لەگەڵ ئەرمەن و ڕووسەکاندا دەکرد و خۆیان و ماڵ و خێزانیان لە پێناو تورکان لەدەست دا))[1]، شەڕی براکوژیی پێکردن، بەڵام ئەو تیپە لەبەردەم خۆڕاگریی ئەرزینجان هیچیان پێنەکراو بەشکستخواردوویی گەڕانەوە و کەوتنە بەر سزای توندی تورکەکان.

هەر لەماوەی جەنگدا لە چەندین ناوچەی جیاجیا کوردەکان لە سوپا یاخی دەبوون و ڕووبەڕووی تورکیا دەوەستانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانج لەو ڕاپەڕینانەدا، سەربەخۆیی و پرسی دامەزراندنی دەوڵەت نەبووە، بە پێویستی نازانین لێرە باسیان لێوە بکەین.

**١-٢ شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی ڕووسیا لە بەرەکانی جەنگ**

یەکێك لەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوانەی، کە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویدا، سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا بوو، ئەم ڕووداوە تەنها کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکانی نێو ڕووسیا نەبوو، بەڵکو تەواوی هاوکێشەی ناوچەکەی گۆڕی و کاریگەرییەکی گەورەشی لەسەر ڕای گشتیی جیهانی دروست کرد.

ئەم سەرکەوتنەی شۆڕشی بەلشەفییەکان، ترس و دڵەڕاوکێی بۆ هاوپەیمانەکان دروستکرد، بەتایبەتی ئینگلیزەکان، چونکە لە هەموو لایەنەکان زیاتر، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا ناکۆك و ناجۆر بوو.

لە لایەك تورکەکان و تا ڕادەیەکیش ئێرانییەکان، سوودیان لە کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا وەرگرت بۆ دەستبەسەرکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە خاکی وڵاتەکانیان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی سوپای ڕووسی، بۆ نموونە: دوای

---

[1] د. نوری دەرسیمی/ دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل١٤٠.

کشانەوەی سوپای ڕووسیا لە کانوونی دووەمی ١٩١٨، لە ناوچەکە، سوپای تورکیا، توانیی لە ناوچەی ئەرزیجان ئەو قەوارە کوردییە لەناوببات و ئەو هیوایەی کوردەکان لەبار ببات.[١] ئێرانییەکانیش توانییان زەفەر بە (سەردار ڕەشید) ببەن و دەستبەسەری بکەن.

لەلایەکی دیکەش، هەریەك لە تورکیا و ئێران، توانییان لەگەڵ ڕژێمی نوێی سۆڤییەتدا لێکنزیکبوونەوەیەك بەدەست بێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری ئیمپریالیزمی و ئیستیعماری لە ناوچەکەدا. سۆڤیەتی نوێ یەکەم دەوڵەت بوو، دانی بە حکوومەتەکەی ئەتاتورك نا و هاوکارییەکی زۆری سەربازی و لۆجستیی پێشکەشکردن.

هەرچەندە ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر بەرەوپێشبردنی بیری بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و بیری ڕزگاریی نەتەوەیی لای گەلانی ژێردەستە، چونکە بانگەشەکانی بۆ پشتوانی لە گەلانی ژێردەستە و لەسەر زاری سەرکردەکانی، ئەو هێز و ئومێدەی بۆ گەلە بێکەس و بێ پشوانانەکان دروستکردبوو، کە ئیدی هەوڵی پساندنی کۆت و زنجیری ژێردەستەیی بدەن. یەکێك لە وتەکانی لینین لەم بارەیەوە ((ڕوون و ئاشکرایە، کە خەباتی گەلانی ئەم ڕۆژهەڵاتە لە توانایدایە سەرکەوتووانە بەرەو پێشبچێت، بەڵام کێشەکەی چارەسەر نابێت، تەنها بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ نەبێ، لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێرانەی کۆماری سۆڤیەت لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی))[٢] بەڵام سۆڤیەتییەکان بۆ خۆشیان لە هەمبەر کێشەی ئەو کەمینە نەتەوانەی کەوتبوونە سنووری سۆڤیەت نەیانتوانی وەکو پێویست ئەو ڕاستیە بەرجەستە بکەن.

---

[١] د. ابراهيم داقوقى، اكراد تركيا، ص١٥٠.

[٢] جليلي جليل، مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في عصر الحديث، ص١٢٣ـ١٢٤.

## ۱-۳ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی

لە ۳۰ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱۸ ئاگربەست لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانان مۆرکرا، کە بە ئاگربەستی (مۆدروس) ناسراوە. عوسمانییەکان شکستی خۆیان قبوڵکرد و بە هەموو مەرجەکانی هاوپەیمانان ڕازی بوون، لەوانەش داگیرکردنی ئەو ناوچانەی کە هاوپەیمانان مەبەستیان بوو لە نێو خاکی دەوڵەتی عوسمانی.

دۆزی کورد لەم هەلومەرجەدا، هاوشانی دۆزی گەلانی دیکەی ناوچەکە بوونێکی دیاری هەبوو. بەلام پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی عەشیرەتگەرییەوە لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن سنووری جیهانبیی خۆیان لەگەڵ پێشهاتەکان فراوانتر بکەن، کە ئەمە خاڵی هەرە بێهێزی کورد بوو.

هەرچەندە ڕۆشنبیران ویستیان لە ڕێی دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەك بە مەبەستی سەربەخۆیی کوردستان، یان بەلایەنی کەم وەدەستهێنانی خودموختاری، خەباتێکی شارستانیانە دەست پێ بکەن، بەلام زوو لەبەر یەکتری هەڵوەشێندرانەوە[1]



سورەیا بەدرخان

سەرۆکی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد

بۆ نموونە ((لە کانوونی دووەمی ۱۹۱۹ لە قاهیرە، لیژنەیەك بەناوی (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد) داوای یارمەتیی بەریتانیای کردبوو بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی))[2] بەڵام لەبەر ئەوەی گروپێکی بچووك بوون، داوایەکەیان بەهەند وەرنەگیرا.

---

[1] دیفید ماکدووال، الکورد، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، ط۱، اربیل، ۲۰۱۲، ص۵۲.

[2] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل۲۰۸.

هەلومەرجی باشووری کوردستان، بەراورد بە ناوچەکانی دیکە، لەو ڕۆژگارەدا، لەبارتر و گونجاوتربوو، چونکە هێشتا بەشەکانی دیکە لەژێر هەڕەشەی دەسەلاتەکانی پێشوویاندابوون.

عوسمانییەکان هیچ دەسەلاتێکی سەربازییان لە باشووری کوردستاندا نەمابوو، کوردەکانیش دوای کۆتایی هاتنی شەڕ زیاتر مەیلیان بەلای هاوپەیمانانەوەبوو.

ئینگلیزەکان زیاتر دەستیان بەسەر ئەم ناوچانەدا ڕادەگەیشت. هەر زوو کەوتە هەوڵی دامرکاندنەوەی پەشێوی و بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوچەکە.

((لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، ویلسۆن وەك (حوکمدار) ی سلێمانی، کە ناوچەیەکی فراوانی نێوان زێی گچکە وسیروانە، پشتگیریی شێخ مەحموودی کردبوو، کاربەدەستانی کوردی دیکەش بۆ بەڕێوەبردنی بەشە جۆراوجۆرەکان دیارکران تا بە ڕێنوێنی لێپرسراوە سیاسییەکان کاربکەن))[١].


مێجەر نۆئێل

بۆ ئەو مەبەستە، لە تشرینی دووەمی ١٩١٨مێجەر نۆئێل سەردانی ناوچەی نێوان زێی بچووك و ڕووباری سیروانی کرد، بە سەرۆك هۆزەکانی ڕاگەیاند، کە ئەگەر پێیان باشە شێخ مەحموود وەك نوێنەری خۆیان دەستنیشان بکەن. ئەوەشی پێ ڕاگەیاندن، کە ئینگلیزەکان نایانەوێ دەزگایەکی ئیدارییان بەسەردا بسەپێنن، کە خۆیان پێی

[١] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٦٢.

ڕازی نەبن، هانی دان لەژێر چاودێریی بەریتانیا، یەکێتییەك لەناو خۆیاندا پێکبهێنن. مێجەر نۆئێل هەوڵێکی جدیی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو یەکێتییەی سەرۆك هۆزەکان دەدا.[1]



ئارنۆڵد ویلسن

هۆزە کوردییەکان بۆ چوونە ژێرباری ناوچەکانیان، بەم دەستپێشخەرییەی بەریتانییەکان، بەحوکمی شێخ مەحموود ڕازی بوون. ((لە یەکی کانوونی یەکەم، ئارنۆڵد ویلسۆن[2] یاریدەدەری کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا، سەردانی سلێمانیی کرد و لەگەڵ شێخ مەحموود و شەست کەسی دیکەی سەرۆك هۆزەکانی کوردستانی خواروو دانیشت))[3].

لەو دانیشتنەدا، چەند سەرنجێك بۆ ویلسۆن دروست بوون:

١- دوو دڵیی هەندێك لە سەرۆك هۆزەکان، لەمەڕ ئیدارەدانی ناوچەکە لەلایەن ئینگلیزەکان. لەلایەکی دیکە هەندێکیان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە

---

[1] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٥٦- ٢٥٧.

[2] ئارنۆڵد تالبوت ویلسن، لە ساڵی ١٨٨٤ لە بەریتانیا هاتۆتە دنیا، کۆلێژی سەربازیی تەواوکردووەو لە ساڵی ١٩٠٤ لە سوپای بەریتانی لە هیندستان دەبێتە ئەفسەر، لە ساڵی ١٩١٨ دەبێتە حاکمی مەدەنیی عێراق. لە ساڵی ١٩٣٣ دەبێتە ئەندام پەرلەمانی وڵاتەکەی، دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم، کە هێشتا ئەندام پەرلەمان بووە، پەیوەندی بە هێزەکانی سوپای مەلەکییەوە دەکات. لە ٣١ی ئایاری ١٩٤٠ لە باکووری فەرەنسا لە شەڕی ئاسمانیدا دەکوژرێت و تەرمەکەی لە فەرەنسا بەخاك دەسپێردرێت.

[3] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

دەبێ کوردستان لە عێراق جیا بکرێتەوە و ڕاستەوخۆ لە لەندەنەوە بەڕێوەبچێ.

٢- هەندێکیان هیوایان بەو ڕۆژانی میرنشینە کۆنەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکان دەخواست.

٣- شێخ مەحموود ئەو کەسە نییە، کە بەریتانییەکان پێشبینییان دەکرد و دەیانویست وەك کەسی یەکەم لە ناوچەکەدا داییمەزرێنن، هەندێك لە هۆزەکان حەزیان نەدەکرد لە ژێر حوکمی ئەودابن. سەرۆکەکانی ناوچەکانی کفری و کەرکووك بە ئینگلیزەکانیان ڕاگەیاند کە ئەوان دەیانەوێ ڕێ و شوێنی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان بگرنەبەر.

٤- بەهۆی دواکەوتوویی و نەبوونی پەیوەندی و بوونی دووبەرەکی ناتەبایی لە نێوان هۆزە کوردییەکان، بەو پەلە پەلە دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی لە ناوچەکەدا زەحمەتە.[١]

ئەو سەرنجانەی ویلسۆن ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر دۆزی کورد لێکەوتەوە، لە ٢٠ ی شوباتی ١٩١٩ بروسکەیەکی بۆ حکومەتی هیند نارد و هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خستەڕوو:

١- پێویستە دەوڵەتی نوێی عێراق، هەر سێ ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و موسڵ لە خۆبگرێت، لەگەڵ دێرەزوور.

٢- ئەو ناوچەیە لەلایەن میرێکی عەرەب بەڕێوە ناچێ، بەڵکو لەلایەن مەندوبێکی سامی بەریتانییەوە بەڕێوە دەچێت.

٣- دەستبەسەرداگرتنی بەریتانی بە پشتوانیی هێزی سەربازی و هێزی ئاسمانییەوە دەبێت.

---

[١] بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٥٧-٢٥٨.

٤- چوار نوێنەر لە ژێر فرمانی مەندووبی سامی سەرپەرشتی ویلایەتەکانی (بەسرە و بەغدا و فورات و موسڵ) دەکەن.

٥- پێدانی هەندێك سەربەخۆیی ناوخۆیی بە کوردستان، پێویستە بۆ خواستی بەریتانیا جێبهێڵدرێ و نەبردرێتە کۆنگرەی ئاشتی ئەگەر لە تواناداببێت، ئەگەر کوردستان بارێکی جیاوازی وەرگرت، پێویستە لە جیاتی چوار ویلایەتەکە، بکرێتە پێنج ویلایەت.[1]

دوای ئەوەی لە ئاداری ١٩١٩ ویڵسۆن جێگەی نۆئێلی گرتەوە، بەهۆی ئەو تێگەیشتنەی بۆ بارودۆخی کوردستان هەیبوو، هەوڵیدا چالاکییەکانی شێخ مەحموود لە سنووری ناوچەکەدا بەرتەسك بکاتەوە ((لەم میانەدا، کەرکووك و کفری وکۆیە و ڕواندز و هەڵەبجە و ناوچەی جافەکانیش لە قەڵەمڕەوی شێخ مەحموود دەرچوون))[2]

ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونی شێخ مەحموود. وێڕای دەستبەسەر کردنی کاربەدەستە ئینگلیزەکان، ڕاپەڕینێکی چەکداریی دژی بەریتانییەکان بەرپاکرد، لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە شەڕێکی سەخت لە دەربەندی بازیان، بە برینداری گەوتە دەست ئینگلیزەکان، هەرچەندە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر بڕیارەکەیان بە دوورخستنەوەی بۆ هیندستان گۆڕی.

کاتێك شێخ مەحموود لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستبەسەر بوو، لەوەش بێ ئومێد ببوو، کە کوردستان لە سایەی ئینگلیزەکانەوە بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات. لە ڕێی (ڕەشید زەکی) بەرپرسی شاندی نوێنەرایەتیی شاندی باشوور،

---

[1] ئەم خاڵانە لە محسن محمد متولي، كرد العراق، منذ حرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، ص٨٢-٨٣. وەرگیراون.

[2] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٦٤.

لە ٢ ی تەمووزی ١٩١٩، نامەیەکی بۆ کونسوولی فەرەنسی لە بەیرووت نارد تیایدا هاتووە:[١]

١- سەربەخۆیی تەواو بێ ئەملا و ئەولای حکوومەتی کوردستان، لەژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سلێمانی.

٢- دابینکردنی ئاسانکاری بۆ پێکهێنانی دیپلۆماتیکی نێوان حکوومەتی کوردستان و دەوڵەتی فەرەنسا.

٣- کۆتایی هێنان بە دەسەڵات بەسەر کوردەکان لەلایەن بەریتانیاوە بە هەوڵ و پشتوانیی دەوڵەتی فەرەنسا.

٤- دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ دانیشتوانی سلێمانی کە بەهۆی گەمارۆی ئەرتەشی بەریتانیاوە تووشی قەیرانێکی جدی بوون.

٥- هەوڵدان بۆ سەقامگیری تەناهی و ئازادی لە کوردستاندا.

٦- ئاگادارکردنەوەی شاندە ئەمریکییەکان لە ڕەوشی کوردستان.

٧- داخوازیی پشتوانییەکی تەواو عەیار لە دەوڵەتی فەرەنسا.

لە لایەکی دیکە، سمکۆی شکاك، لە ساڵی ١٩١٩ توانیی ((ناوچەکانی ئورمییە، سەلماس و خو داگیربکات و دەوڵەتێکی کوردیی لە هەرێمەکەدا دروست بکات))[٢]. شێخ تەهای نەهری کە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ سمکۆی شکاك یەکیان گرتبووەوە و بە کردەوە سەربەخۆییەکییان لە ڕۆژئاوای ورمێ دامەزراندبوو، بەو ئومێدەی ببێتە ڕێبەری کوردان، بەمەبەستی پشتوانیی ئینگلیزەکان، لە نیسانی ١٩١٩ لە بەغدا دیداری بەریتانییەکانی کرد[٣].

---

[١] ئەم خاڵانە لە وریا ڕەحمانی، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، ل١٨٦. وەرگیراون.

[٢] فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل١٦٤.

[٣] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٠٨.

سەبارەت بە جوولانەوەی کوردەکانی باکوور، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، بە پێچەوانەی باشوور، تووشی سەرلێشوان هاتبوو، لەلایەك شەڕ بەرۆکی سوپای تورکیای بەردابوو، بەبێ ئەوەی هێزی هاوپەیمانان دەستیان بە ناوچەکەدا ڕابگات. لەلایەکی دیکە بزاوتی کەمالییەکان بۆ بونیادنانەوەی تورکیایەکی نوێی دیموکراسی، بەڵێنی سەربەخۆیی کوردەکان دوای ئازادبوونی تورکیا لە دەست هاوپەیمانان، ئومێدێکی گەورەی بۆ هەندێك لە سەرکردە کوردەکان دروستکردبوو. کوردەکان لە بەشی باکوور بەسەر چەند بەرەیەك دابەش ببوون، کە هەر بەشێکیان ئومێدی دەوڵەت، یان بەلایەنی کەم خودموختارییەکی بۆ کوردستان هەڵچنیبوو.

لە١٠ تا ٢٦ی تەمووزی ١٩١٩ سەرکردە شۆڕشگێڕە کوردەکان، کۆنگرەیەکیان لە ئەرزەڕۆم سازکرد، تیایدا پشتگیری ولایەنگیریی کوردیان بۆ شۆڕشی تورکەکان ڕاگەیاند، بەمەرجێك تورکەکان خودموختاری بە کوردستان بدەن. ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەوان دژی دروستکردنی دەوڵەتی تورکیا نین، بەمەرجێك لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا، جێ بۆ خودموختاریی کوردستان بکرێتەوە.[١]

بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا، هێندەی دیکە سەری لە سەرکردە کوردەکان تێکدا ((پڕوپاگندەی دابەش کردنی کوردستان لە نێوان فەرانسە و ئینگلستان، کوردستانی بەرەو باوەشی عوسمانی برد))[٢]، تەنانەت (کوردە لاوەکان) کە لە ڕاستیدا متمانەیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵام چوونە پاڵ عوسمانییەکانیان لە دابەشکردنی کوردستان پێ باشتر بوو.

---

[١] جليلي جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص١٢٧.

[٢] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد ل٢٢٤.

شەریف پاشا، کە هەموو هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان خستبووە گەڕ (( لە پاریس خەباتی خۆی لە دژی دابەشکردنەکەی نێوان فەرانسە و ئینگلیز دەست پیَ کرد، ئەویش ڕای وابوو خود موختاری لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانی لە دابەش کردنی کوردستان باشترە))[1] .

هۆکارێکی دیکە کە ترسی لای کوردەکان دروستکرد، دامەزراندنی دەوڵەتێك بوو بۆ ئەرمەنییەکان و هاتنی هێزەکانی ئیتاڵیا بۆ ئەنتاڵیا و بەرنامەی هاتنی بەریتانییەکان بۆ ناوچەی دیاربەکر. ((کاردانەوەی کوردەکان شتێکی مسۆگەر بوو. هەڕەشەی توندبۆوەکەی دەستەلاّتی مەسیحی یەکان دەستبەجیَ بیری نەتەوایەتی هەزاران کەسی دانیشتووی ئەنادۆڵی ڕۆژهەلاّتی داپۆشی.

دەوڵەتی عوسمانی لە ئامادەکردنی هەستی برایەتی ئیسلامی ڕووبەڕووی هیچ زەحمەت و دژواری یەك نەبوو))[2]، بگرە توانیی ئەو یانە کوردیانەش هەڵبوەشێنێتەوە، کە مەیلیان بەلای هاوپەیمانانەوە بوو.((مستەفا کەمال، لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩١٩، بروسکەیەکی نهێنیی بۆ جێگری والیی دیاربەکر نادردبوو، تیایدا هاتووە: پێویستە تەواوی ئەو کۆمەلاّنە هەڵبوەشێننەوە، کە تۆوی دووبەرەکی لە ولاّتدا دەچێنن، پێویستیی نیشتمانی ئەوە دەخوازیَ، کە ئەو هەنگاوە بنێین، بۆ ئەو مەبەستەش پشتوانییەکی تەواوی ڕێکارەکانتان دەکەم))[3] .

هیچ گومانی تێدانییە، کە کورد وەك گەلێکی موسڵمان، پێشینەیەکی مێژوویی تاڵی لەگەلّ پرسی بە دەوڵەتبوونی ئەرمەنەکان هەبووە. بێجگە لە

---

[1] دیڤید ماکداولّ، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٢٥.

[2] – دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

[3] جليلى جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص١٢٧.

لایەنی نەتەوەیی، ئەو پرسە ترسێکی گەورەی بیروباوەڕی ئاینیشی لای تاکی کوردی موسڵمان دروەستکردووە.

ئەم ترسە، بەدەر لە بورای سیاسەتدا، لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە، دەبینین چەندین ساڵ بەر لەو پرسە گەرمەی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگ و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، شاعیرێکی وەك حاجی قادر وتوویەتی:

خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی ولاّتی کوردان
صەد حەیف و صەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
مەسجید دەبێتە دێرە، ناقووسیان موئەذذین
مەتڕان دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە ڕەهبان
هیچ غیرەتێك نەماوە صەد جار قەسەم بە قورئان
پەیدابێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لە کوردان[1]

بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، تا بەستنی کۆنگرەی سیڤەر، بزاوتێکی سەربەخۆی کاریگەری کوردەکان بۆ پرسی سەربەخۆیی لە باکووری کوردستان بوونێکی دڵخۆشکەری نەبوو.

پێشتر باسمان لەو هەوڵە دبلۆماسییانە کرد، کە پرسی سەربەخۆیی کوردیان لە کۆنگرەکانی ئاشتی و سان ریمۆ بەڕادەیەك بەرەو پێش بردبوو، کە دواتر لە کۆنگرەی سیڤەر بە فەرمی چەند māddەیەکی تایبەت بە دۆزی کوردی لێ وەبەرهەم بێت.

[1] – حاجی قادری کۆیی: دیوان، کۆکردنەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانی نازچەی کوردستان، ١٩٨٦، ل٨٥.

# بەشی دووەم

## کاریگەریی قۆناغی نێوان سیڤەر و لۆزان

## لەسەر جولانەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد بۆ پرسی سەربەخۆیی

پەیماننامەی سیڤەر لە مێژووی خەباتی سیاسیی کورد بۆ پرسی سەربەخۆیی، تا ئێستا بە بەهێزترین پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێت، کە لەلایەن زلهێزەکانی جیهان نەخشەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دانابێت.

دوای مۆرکردنی پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠، هەندێك لە سەرکردە کوردەکان جوولەیەکی خێرایان تێکەوت و هەوڵیاندا سوود لەو بڕیارە مێژووییانە وەربگرن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە هەوڵەکان بەرنامە بۆ داڕێژراو نین و پرس و ڕاگۆڕینەوە و یەکێتییەك لە نێوان سەرکردە کوردەکاندا نییە، زیاتر لە قۆستنەوەی هەل دەچێت.

مانگێك دوای مۆرکردنی پەیماننامەکە، شێخ تەهای نەهری لە ٢١ ی ئەیلوولی ١٩٢٠ لە هەولێر سەردانی ئینگلیزەکانی کرد و لەگەڵ (دەبلیو ئارِ هەی) سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی وتووێژی کرد و داوای پشتوانیی لە ئینگلیزەکانی کردبوو..[١]

لە چەند ناوچەیەکی دیکەی جیاوازی کوردستانیشدا، کە دەسەڵاتی تورکەکانی تێدا لاواز بوو، وەك دەرسیم و خەرپووت، هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان دەدا. ئەرمەنییەکانیش لەلای خۆیانەوە، دەستیان بە خەباتی چەکداری کردبوو[٢].

---

[١] حسین مەدەنی، کورد و ستراتیژیەتی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، ل٨٦.

[٢] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٣٣.

پەیماننامەی سیڤەر نەك هەر بۆ کوردەکان شتێکی گەورە بوو، بۆ نەیارانی کورد گەورەتر بوو، کە سەدان ساڵ بوو کوردیان ژێردەستەی خۆیان کردبوو و دەستیان بەسەر خاك و خێر و بێری ناوچەکانیان دا گرتبوو و باج و سەرانەی زۆریان لێدەستاندن و ڕۆڵەکانیانیان دەکردنە سووتەمەنیی شەڕە نەگیرسەکانی فراوانخوازی و سەرکوتکردنی گەلانی دیکە و بزووتنەوە نەتەوەییەکان.



مستەفا کەمال

دوای ڕاگەیاندنی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر،((مستەفا کەمال دووچاری تەنگەتاوی هاتبوو، کەوتبووە پێشبڕکێ لەگەڵ زەماندا ))[1] لەو ماوەیەشدا کەمالییەکان هێز و دەسەلاتێکی وایان هەبوو بتوانن لە بەرژەوەندیی خۆیان گوشار لەسەر هاوپەیمانان دروست بکەن.

مستەفا کەمال بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە دژی پەیماننامەی سیڤەر وەستایەوە و بە شێوەیەك پێناسەی کرد کە ((بڕیارێکە بۆ لەسێدارەدانی تورکیا و شەڕی ڕزگاریی لە دژی هاوپەیمانان ڕاگەیاند))[2]. مستەفا کەمال، کە لە (٢٣ ی نیسانی ١٩٢٠) ئەنجومەنێکی نیشتمانیی گەورەی پێکهێنا بوو، نوێنەری هەموو ناوچەکانی تێدابوو، بە ناوچە کوردییەکانیشەوە. لەلایەکی دیکەش، توانیی لە ڕێی ئەم بەشدار پێکردنەی سەرۆك هۆز و کەسایەتییە دیارەکانی کورد، ئاراستەی زۆرێك لە جوولانەوەی کوردەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆی وەربگێڕێ. کەمالییەکان بە بەڵێنی چەواشەکارانە سەرکردە کوردەکانیان لە هاوپەیمانان

---

[1] – فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل ٥٦.

[2] ولیدة حسن، معاهدة لوزان و تأثیرها علی الکرد و منطقة شرق الاوسط، ص ٣.

دوور خستنەوە، بەوەی تەواوی مافەکانیان لە تورکیای نوێدا بۆ دەستەبەردەکەن.

لە هەلومەرجی ڕاگەیاندنی پەیماننامەی سیڤەردا، سەرکردە کوردەکانی تورکیا بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەش ببوون، بەرەی خەلافەت، دیارترینیان شێخ عەبدولقادری نەهری، کە بە بەڵێنی چەواشەکارانە، ئەو باوەڕەی بۆ دروست ببوو، کە خودموختاریی لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ کوردەکان دەستەبەر دەکا. بەرەی کەمالییەکان، کە زۆربەیان ئەو سەرۆك هۆزانەبوون، وەك نوێنەری ناوچەکان ببوونە ئەندامی ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی. بەرەی هاوپەیمانان، کۆمەڵێك ڕێبەری کورد بوون، ((نامەیەکیان بۆ لوید جۆرج نووسی کە تیایدا گوتیان: ئێمە پێویستمان بە یارمەتیی دەوڵەتی بەریتانیا هەیە بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەمان لە چوارچێوەی نەتەوایەتییەکەیدا))[1] بەرەیەکی دیکەی دەرەوەی هەموو ئەو بەرانە و سەربەخۆ، لە دەرسیم، کە هێزێکی چەکدارییان بەیەکەوە نابوو و داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان لە ناوچەکانی خۆیان دەکرد.

دەرسیمییەکان، کە پشت ئەستووربوون بە هێزی چەکداری و متمانەی خەڵکی ناچەکە، لەبارێکی بەهێزتر دەردەکەوتن بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان. دوای ڕاگەیاندنی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر ((هێزە کوردییەکان دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ درێژەدان بەو خەبات و تێکۆشانەی کە هەر لە سەردەمی سوڵتانەکان و تورکەکانی فەتاتەوە دەستیان پێکردبوو، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێك بکەن لە کەمالییەکان))[2].

---

[1] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٢٦.

[2] ن.لازاریف، مێژووی کوردستان، ل٣٣٦.

ئەوەبوو ((لە تشرینی دووەمی ١٩٢٠ سەرکردە کوردەکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا لە حەوزەی (ناوەندی دەرسیم) کە کوردەکانی زازای تێدا نیشتەجێ بوو، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا لەسەر یەکخستنی هەموو تواناکان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان))[١] .هەرچەندە ئامانجی تەواوی سەرۆك هۆزە ئامادەبووەکان یەك ئامانج بوو، بەلاّم لەچۆنییەتیی گەیشتن بەو ئامانجە بوونە دوو بەرە ((بەرەی یەکەم بە سەرۆکایەتیی مەجۆ ئاغا سەرکردەی پێشووی جەندرمە لە سوپای تورکی و سەرۆکی هۆزی عەباسان، پێیانوابوو سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێنن و دەست بەکاری سیاسیی خۆیان بکەن، بەلاّم بەرەی دووەم بە سەرۆکایەتیی عەلیشان بەگ سەرۆکی هۆزی قۆچگیری پێیانوابوو، کە دەبێ بەرنامەی کار دابندرێت و سوود لەو بارودۆخە وەربگیرێت بۆ گەیشتن بە و ئامانجە))[٢] دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە یاداشتنامەیەك بدەنە حکوومەتی ئەنقەرە، ئەوەبوو لە بەرواری ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠، ئەم داواکاریانەیان ڕووبەڕووی کەمالییەکان کردەوە:

١- پێویستە حکومەتی مستەفا کەمال هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە بڕیاری حکومەتی ئەستەنبۆڵ ڕوونبکاتەوە دەربارەی پێدانی خودموختاری بە کوردەکان.

٢- هەڵوێستی حکوومەتی مستەفا کەمال چییە سەبارەت بە خودموختاری بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان.

٣- پێویستە حکوومەتەکەی تەواوی ئەو زیندانیانە ئازاد بکات، کە لە گرتووخانەکانی عەزیز و مەلاتیە و سیواس و ئەرزنجان دەستبەسەرن.

---

[١] ن.لازاریف، مێژووی کوردستان، ل٣٣٧.

[٢] د. ابراهيم الداقوقی، اكراد تركيا، ص١٧٦.

٤- کشاندنەوەی تەواوی کارمەندە تورکەکان لەو ناوچانەی زۆرینەیان کوردن.

٥- کشاندنەوەی تەواوی ئەو هێزانەی کە بۆ ناوچەی قوچگیری ڕەوانەکراون.[١]

هەرچەندە(ماوەی دە ڕۆژیش مۆڵەت بە ئەتقەرە درابوو تا وەرامی ئەم داخوازی یانە بداتەوە))[٢] بەڵام کەمالییەکان خۆیان لە وەڵامی ئەو داواکارییانە دەدزییەوە و هەوڵیان دەدا دانوستان لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان بکەن. بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرەکانی حەوزەی دەرسیمیان لە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی بۆ گفتوگۆ ناردن، بەڵام دەرسیمییەکان نوێنەرەکانیان دەرکردن.[٣]

دوای تەواوبوونی مۆڵەتە دە ڕۆژییەکە، دەوڵەتی ئەنقەرە لە ٢٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠، بیرخەرەوەیەکی پێ گەیشت:

((بەیارمەتی ویلایەتی ئەلازیز بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵەی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە

بەپێی پەیمانی سیڤەر، پێویستە کوردستانێکی سەربەخۆ لە شارەکانی دیاربەکر، ئەلازیز، وان و بەتلیس دابمەزرێ و بە زووترین کات ئەو مەبەستە جێبەجێ بکرێ، بە پێچەوانەوە ئەو مافە بەهێزی چەکداری وەردەگرین.

ئیمزا

سەرۆکەکانی خێڵەساتی دەرسیمی ڕۆژئاوا))[٤]

---

[١] دەقی ئەو خاڵانە لە کتێبی (اکراد ترکیا) ص١٧٦ وەرگیراون.

[٢] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد ل٣٠٩.

[٣] بڕوانە: د. ابراهیم الداقوقی، اکراد ترکیا، ص١٧٦-١٧٧.

[٤] د. نووری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل١٥٥.

ئەنقەرە هیچ وەڵامێکی فەرمیی بۆ ئەو داواکارییەی دەرسیمییەکان، نەبوو، تەنها لەسەر زاری والیی ئەلازیز ئەوەی پێڕاگەیاندن، کە ئەنقەرە ئەو پرسەی لەبەرچاوە.



مەجۆ ئاغا

هەر لەو ماوەیەشدا کەمالییەکان هەوڵی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی یەکڕیزیی سەرۆك هۆزەکانی دەرسیمیان دەدا، توانییان مەجۆ ئاغا وەك نوێنەری دەرسیم بکەنە ئەندامی ئەنجوومەنی گەورەی تورکیا.

مستەفا کەمال هەوڵیدا (عالی شان) یش بخاتە ژێر دەستی خۆی، بەڵام عالی شان بەبیانووی نەخۆشی نەچووە ژێرباری داواکاری و بەخشینەکانی مستەفا کەمال.[1]

سەید ڕەزا هەڕەشە چەکدارییەکەی لە دژی ئەنقەرە دەستپێکرد و توانیی دەست بەسەر دەرسیمدا بگرێت. نامەیەکی بۆ مستەفا کەمال نارد: ((ئەو کەسانەی بەناوی دەرسیمەوە کراونەتە نوێنەر و لە ئەنقەرە دادەنیشن، بەهیچ جۆرێك مافی ئەوەیان نییە نوێنەرایەتی دەرسیم بکەن، چونکە دەرسیم مافی ئازادی نیشتمانی دەوێ و ئەو داخوازییەش پێویستە ڕژێمی ئەنقەرە بەڕاستی بزانێ و بە ڕەسمی دانی پێدا بنێ و ڕایبگەیێنێ، ئەوجا کوردستان دەتوانێ بە شێوەی کۆنفەدراسیۆن لەگەڵ ڕژێمی تورکیادا گفتوگۆ بکات))[2].

---

[1] بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: د. نووری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل١٥٨.

[2] د. نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل١٥٩.

مستەفا کەمال کە ترسی پەرەسەندنی شۆڕشی دەرسیمییەکان زۆری بۆ هێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست هیچ هەنگاوێك لە داخوازییەکانی کورد بچێتە پێشەوە. ئەو لە جێبەجێکردنی ئامانجی شۆڕشەکەی سارد نەدەبووەوە، بۆیە هیچ باکی بە بەڵێنی درۆ و چەواشەکردن و لە خشتەبردنی سەرۆك هۆز و کەسایەتییە کوردەکان نەبوو. لە بەڕێکردنی کات، دەیتوانی گەمە بە هەستی کوردەکان بکات و ماوەیەك سڕیان بکات. ((ساڵی ١٩٢٠ لە شاری ئەنقەرە ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆکردەوە و٧٢ کەسایەتیی کورد تێیدا ئامادەبوون. مستەفا کەمال کۆمەڵێك بەڵێن و پەیمانی دا بە کوردەکان، کە هەر خاکی تورکیا لە داگیرکەران پاك کرایەوە، کۆمارێکی سەربەخۆ و ئازاد بنیاتنرا مافی تەواو بە کوردەکان دەدرێت))[١].



ئەندامانی یەکەمین ئەنجوومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا

[١] – فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٥٣.

ئەو بەڵێنانەی مستەفا کەمال زۆر جێی باوەڕبوون بۆ سەرکردە کوردەکان، چونکە مستەفا کەمال ((بەبەرگی ئازادکەری شەرەفی وڵات لە دەست هاوپەیمانان و یۆنان دەرکەوت ئەوانەی بە هاوکاریی بەریتانیا ناوچەی ئەزمیرییان داگیرکردبوو و لە ئەنادۆڵ ڕقێکی ئەستووری صەلیبییان هەڵگرتبوو، مستەفا کەمال قورئانی بەرزکردەوە و جیهادی ڕاگەیاند))[1].

دەوڵەتی خەلافەتیش لەلای خۆیەوە، کاری لەسەر هەستی برایەتیی ئایینی نێوان کورد و تورك دەکرد. نموونەی ئەو کاریگەرییە لەسەر سەرکردە کوردەکان: ((شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەیاننامەیەك ڕادەگەیەنێت کە تێیدا هاتووە: بۆ ئێمەی کورد گەلێك بێشەرەفی و ناڕەوایە لەم کاتە ناسکەی بەسەر تورکیادا تێپەڕدەبێت، وازیان لێ بهێنین و بکەوینە دوژمنایەتیکردنیان، پشتیان بەربدەین و داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەین، بە سووربوونێکی تەواوەوە داوای یارمەتیدان و هاوکاری و هاریکاریی تورکیا دەکەم))[2].


سێر پرێس کۆکس

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ (سێر پرێس کۆکس) جێگای ویلسۆنی گرتەوە، هەرچەندە بە پێی پەیماننامەی سیڤەر، نەخشەی دەستەبەرکردنی مافی کوردەکان لە بەندەکانی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤) دیاری کرابوو.

---

[1] – د. علي الصلابی، الدولة العثمانیة، عوامل النهوض و أسباب السقوط، ط/١ الاندلس الجدیدة للنشر و التوزیع، ٢٠٠٩، ص٤٦٨.

[2] - فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٥٧.

بەڵام ((زەحمەت بتوانرێ خۆ لەو دەرسە بەدوور بگیرێ کە بەریتانیا ئیدی لە ڕاستیدا مەبەست و ئارەزوویەکی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کوردەکان نەبوو. ئەم بەرژەوەندییانە دەبوایە لە خزمەتی پەیوەندییە ستراتیژی یەکانی بەریتانیا و عێراق بەکارهێنرابان))[1]. پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ و پاشان دامەزراندنی ڕژێمێکی پاشایەتی لە عێراق، کوردەکانی بە تەواوی لە بەریتانیا بێ هیوا کرد. لەو ماوەیەدا بەریتانییەکان دەستیان بەسەرتەواوی ئەو ناوچە کوردییانەدا گرتبوو، کە دواتر بە عێراقەوە لکێندران، ئەو عێراقەی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ کەوتبووە ژێر چاودێریی بەریتانییەکان. سەبارەت بە کێشەی کورد لە سنووری ئەم چاودێرییەدا ((لە ماددەی شانزەهەم لە (پڕۆژە یاسای ئینتدابی بەریتانی) لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠، هاتووە: هیچ شتێك لەم ئینتدابە ڕێگر نییە لە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ لە ناوچە کوردییەکان))[2]، بەڵام ئەم ناوچانە دوای دەستبەسەرکردن و دوور خستنەوەی شێخ مەحموود، کەسێك نەبوو سەرکردایەتی شۆڕشێك بکات، بۆیە لەم ماوەیەدا کوردستانی باشوور جوڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی تێدا نەبوو بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. هەروەك لە نامەیەکی (سۆن) ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە بۆ (ویلسۆن) ناردووە ((لێرە کەسێك نەماوە ملکەچیی خۆی بۆ شێخ دەربڕێت، هیچ هەستێکی نەتەوەییشیان نیە. ئەوان ئارەزوو دەکەن، کە لەلایەن بەریتانییە پیاوچاکەکانەوە فەرمانڕەوایی بکرێن))[3].

---

[1] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٧٨.

[2] ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق، ط٢، بغداد ١٩٧٥، ص٥٥.

[3] دیڤید کۆرن، پێرسی کۆکس و ئەرنۆڵد ویلسۆن، ئەو دووپیاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست، و: محەمەد ساڵح سەعید، سلێمانی ٢٠١٤، ل٥١.

لــە دەرەوەی ســنووری ناوچــەیی، دۆزی کــورد و دامەزرانــدنی دەوڵــەتی کوردستان هێشتا جێی بایەخ بوو و لە نێو بەرنامەی کاری هاوپەیماناندا هێشتا خـاڵێکی گـرنگ بـوو، بۆیـە دەبیـنین، هــەوڵی دیبلۆماسـیی هاوپــەیمانان لـەم بارەیەوە، هەر بەردەوامە.

لەبارەی ڕەوشی ئەو گەلانەی کە لـە پەیماننامـەی سیڤەردا، بـاس لـە چارەنووسی نەتەوەییان کراوە، بە تایبەتی کێشـەی کـورد و ئەرمـەن زیـاتریش دۆزی کورد، کە تا ئەو کاتەش بۆ بەریتانیا جێی بایەخ و پرسێکی جدی بوو. لە ٢١ی شوبات تا ١٤ ی ئاداری ١٩٢١، کۆنگرەی لەندەن لە نێـوان هاوپـەیمانان و شاندی تورکی بەسترا.

ئــەوەی جێــی ســەرنجە، ئەســتەنبۆڵ و ئەنقــەرە بــە شــاندێکی هاوبــەش بەشـداریيان لـەو کۆنگرەیـەدا کـرد و (بـەکر سـامی) کـە وەزیـری دەرەوەی ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا بوو، سەرۆکایەتیی دەکرد.[١]

سـەرەتا هاوپـەیمانان لـە نێـوان خۆیانـدا پرسـی کـورد و ئەرمەنییـەکانیان تاوتوێ کرد. فەڕەنسییەکان لـەبارەی دۆزی کـورد، ئـەم بۆچـوونانەیان خسـتە ڕوو:

١- داننان بە سەربەخۆیی دۆزی کورد و نەلکانـدنی بـە پرسـی ئەرمـەن لەبـەر ئـــەوەی پێگـــەی جوگرافیـــای کوردســـتان و سروشـــتی خاکەکـــەی و تایبەتمەندییـەکانی دانیشـتوانەکەی وای لێکـردووە، کــە وڵاتێکـی جیابێـت. هــەروەها کوردەکـان دەتـوانن بـە شارسـتانییەت قایـل بـن و سـەلاحەددینی پاڵـەوانی بـەناوبانگی چـاپووك (بـە وتـەی نوێنـەری کۆنگرەکـە) یەکێکـە لـە کوردەکان.

---

[١] محسن محمد المتولی، کرد العراق، ص١٠٨.

٢- کاروبـاری کوردسـتان بـەلای هەریـەك لـە بـەریتانیا و فەڕەنسـاوە بـە شـێوەیەکی تایبـەت گرنگیـی خـۆی هەیـە، پێویسـتە ئـەوە ببێتـە بابـەتێك بـۆ ڕێککەوتنێکی تایبەت لە نێوانماندا و بەبێ دەست وەردانی لایەنی تر.

٣- پێویستە بە شێوەیەکی کاتی کوردستان ڕێك بخرێت لە شێوەی فیدڕاڵیـدا لە ژێر دەسەڵاتی ئەورووپادا.

٤- سەروەریی سوڵتان بە شێوەیەکی هاکەزایی لەسەر کوردسـتان بمێنێتـەوە و ئەنجوومەنی خۆیی هەڵبژێردراو پێکبهێندرێت لەژێر سەرپەرشتیاری فەڕەنسـا و بەریتانیادا.

٥- ناکرێت سنووری کوردستان دیاربکرێت، تەنها لەپاش دیارکردنی سـنووری ئەرمینیا و ویلایەتی موسڵ نەبێت.[١]

بەریتانییەکانیش چەند بۆچوونێکیان هەبوو:

١- ناکرێت، یـاخود ناگونجێـت هـەر سـپاردە (وصـایە)، مانـداتێکی (انتـداب) بەریتانی یان فەڕەنسی لەسـەر هـەموو کوردسـتان دابنرێـت، جگـە لـە هەنـدێك ناوچەی ئارام نەبێت لە کوردستانی باشوور.

٢- نابێت دەسەڵاتی تورکی لەسەر کوردسـتان بمێنێـت ئەگـەر هـەر بـەناویش بێت.

٣- کوردەکـان بـە تـەواوی دەتـوانن، کـارە پێویسـتییەکانیان لەگـەڵ ئاشوورییەکاندا لەلایەك ڕێکبخەن و لەلایەکی دیکەشەوە لە گەڵ ئەرمەنەکانـدا. لەبەر ئەوە ناکرێت بەو جۆرە لە دۆزی کورد بڕوانین بـە دابڕینـی لـە پێکهێنـانی دەوڵەتی ئەرمینیا، کە بەریتانی و فەڕەنسییەکان لەسەری ڕێککەوتوون.

---

[١] عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە (جەمعیـەت) و حزبە کوردییەکان، ل٨٥.

٤- پێویستە ئەگەر توانرا زەمانەت بدرێت بە کوردەکان لە دژی دەسەڵاتە دەستدرێژییەکانی عوسمانی.

٥- ڕێ بدرێت بە کوردەکان بڕیار لەسەر خۆیان بدەن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە چەند ناوچەیەکی نزیك بە یەك. ڕۆژانی داهاتوو ئەوە دەردەکەوێ کە کوردەکان دەتوانن کاروباریان ببەن بەڕێوە ئەگەر تورکەکان دەست وەرنەدەنە کاروباریان.[1]

لە ٢٥ی شوبات ١٩٢١ هاوپەیمانان بیرو بۆچوونی خۆیان بە شاندی تورکی ڕاگەیاند، بەڵام بەکر سامی پێی ڕاگەیاندن، کە کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆییە و پێویستە لە ناوخۆی تورکیا چارەسەر بکرێت، نەك لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان. ڕۆژی دواتر واتا ٢٦ی شوبات جارێکی دیکە بەجیا باس لە دۆزی کورد کرایەوە، شاندی تورکیا بە ڕاشکاوی بۆچوونی تورکەکانی بۆ کۆنگرە خستە ڕوو:

١- کورد نوێنەریان لە کۆنگرەی گەورەی نیشتمانیدا هەیە، لەبەر ئەوەی هەر سنجاقێك پێنج نوێنەری دەبێت، کە وەکوو یەك نوێنەرایەتیی تورك و کورد دەکەن، کوردەکانیش یەکێتیی تورکیا پێکدەهێنن. هەردوولا هەستێکی هاوبەش و کەلتوور و ئاینێکی هاوبەشیان هەیە.

٢- سیستمی ئەندامێتی، کە ئەنجوومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکی دایناوە، مافی خۆجێیەتی بە هەموو ویلایەتەکان دەدات. هەروەك حکومەتی تورکیش بە بنەمای خۆجێیەتی ڕازییە لەو ناوچانەی کوردەکانی تێدا زۆرینەن.

٣- ئەو سنوورەی لە ماددەی (٦٢)ی پەیماننامەی سیڤەردا کێشراوە، لەگەڵ باری ئەتنۆگرافیی ڕاستەقینە یەکناگرێتەوە، بەشی باشوور و ڕۆژئاوای

[1] عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە (جەمعیەت) و حزبە کوردییەکان، ل٨٥-٨٦.

مـامورت، عـەزیز، دیاربـەکر، بەتایبـەتی سـنجاقی سـیڤرك تـەواو تـورکین، لـە ویلایەتی دیاربەکر تەنها دەرسیم ناوچـەیەکی کوردییە،هـەروەك کوردەکـان لـە ویلایەتەکانی بەدلیس و وان و بەشێك لە ویلایەتی موسڵ زۆرینەن، هەروەها بە درێژایی سنووری ئێران کوردەکان زۆرینـەن و لـە ناوچـەکانی هـەولێر و ئـاڵتون کۆپری و توز و خورماتووش، زۆرینە تورکن.[١]



شاندی تورکیا لە کۆنگرەی لەندەن

هاوپـەیمانان لـە بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە پاشەکشـەیەکی بەرچـاویان لـە خواستەکانی خۆیان کرد، کە بە نیازبوون بـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە فراوانتر و جێگیرتر بکەن. ئەوەبوو لـە بڕیـار و ڕاسپاردەکانی کـۆنگرەدا کـە لـە ١١ ی ئـاداردا، پێشـکەش کـران، هاوپـەیمانان ڕەزامەنـدیی ئـەوەیان پیشـاندا، کـە سـەبارەت بـە دەوڵـەتی کـوردی، چـاو بـە ماددەکانی تایبەت بەو پرسە لە پەیماننامەی سیڤەردا بخشێننەوە.

---

[١] محسن محمد متولی، کرد العراق، ص ١٠٩.

کەمالییـــەکان لـــە پێشڤەچـــوونێکی خێرادابـــوون، ڕۆژبـــەڕۆژ لـــە بوارەکـــانی دیبلۆماسی و سەربازی و فراوانخوازی سەرکەوتووتر دەبوون، هەر لەو ماوەیەدا و لە سەرەتای مانگی ئادار، ڕێککەوتننامەیەکی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەفغانستان مـۆرکرد، بەمـــەش ئەفغانســـتان بـــووە یەکـــەمین لایـــەنگر بـــۆ تورکیـــا. لـــەلای خۆشییەوە بەکر سامی لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆنگرەی لەندەن و لـە ١٣ی ئـادار ڕێککەوتننامەیـەکی لەگـەڵ ئیتاڵییـەکان مـۆرکرد، کـە تایبـەت بـوو بـە ناوچـەکانی ئـەنادۆڵ و خـوارووی ئـەنادۆڵ. لـە ١٩ی ئـاداریش لەگـەڵ وەزیـری دەرەوەی فەڕەنسی (بریان) ڕێککەوتننامەیەکی مۆرکرد، لەو ڕێککەوتنامەیەدا ڕاستەخۆ لەسەر پرسی کورد لـە بەشـی ڕۆژئـاوا ڕێککـەوتن، تورکیـا ڕێگـای بـە فەڕەنسییەکاندا دەستبخەنە کاروباری کوردەکان لەم ناوچانەدا.

ئەم هەوڵـە دبلۆماسـییانەی تورکـەکان، ناکۆکییـەکی زیـاتری خسـتە نێـوان هاوپـەیمانان. دواتـریش ئەنجوومـەنی گـەورەی نەتـەوەیی تورکیـا تـەواوی ئـەو ڕێککەوتنانەی ڕەتکردنەوە، کە بەکر سامی لە لەندەن مۆری کردبوون.[1]

کوردەکـان جگـە لـەوەی لـەو کۆنگرەیـەدا بەشـدارییان پـێ نـەکرابوو، لـە وردەکارییـــەکانیش ئاگـــادار نـــەبوون. تـــەنها هەســـتیان بـــە نـــاڕوونیی ڕوداو و پێشهاتەکان دەکرد.

تـا ئـەو ماوەیـە، دەرسـیمییەکان لـە خـەباتی چـەکداریی خۆیـان بـەردەوام بـــوون، بـــەڵام چ لـــە ڕووی ســـەربازی و چ لـــەڕووی لایەنگیرییـــەوە، بەرگـــەی سیایەتەکانی مستەفا کەمالیان نەگرت، ئەنقەرە لە گەمەکردنەکانیدا سوودی لە کات وەردەگرت و زستانی بەڕێکرد، دەوروبەری دێرسـیمی بـە هێـزی سـەربازی ئابلووقە دا، کوردە عەلەوییە شیعە مەزهەبەکانیش لە ڕاکێشانی کوردە سـوننی مەزهەبەکان سـەرکەوتوو نـەبوون، ئومێـدی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کـوردی زۆر

[1] محسن محمد متولی، کرد العراق، ص١١٠.

لاواز ببوو، بۆیە لە ١١ی ئاداری ١٩٢١ پێشنیارێکی دیکەیان دایەوە ئەنقەرە ((داخوازیی ویلایەتێکیان کرد کە تیایدا لە هەر جێگایەک زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بن، ئیدارەی کاروبار بە دەستی خۆیانەوە بێ))[١]، بەلاّم تازە هێز دەیتوانی وەلاّمی نەرێنیی ئەو داواکارییەی کوردانی دێرسیم بداتەوە و کۆتایی بە یاخیبوونیان بێنێت.

هەر لەو ماوەیەدا ((لە بەهاری ١٩٢١ بەملاوە چەندین شۆڕش لە کوردستانی تورکیادا و ڕۆژئاوادا دەبینین، ئەم شۆڕشانە پتر ناوچەیی و سنووردارن، هەندێ جار زادەی ناڕەزایی و بێزاریە لەو هەموو گوشارەی کە کەمالییەکان کردوویانەتە سەریان بۆ سەرباز و پارە و مەڕومالاّت بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی جەنگی یۆنان و تورکیا))[٢]، بەو مانایەی ئەو بزاڤانە، بزاڤی نەتەوەیی و بۆ ڕزگاریی کورد نەبووە وەك نەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکێشانی ئەو ڕاپەڕین و یاخی بوونانە ترسێکی زۆری لای مستەفا کەمال دروستکردبوو، بۆیە لە گەمەکردن لەگەڵ کوردەکان بەردەوام بوو ((بۆ ژمارەیەك لەسەرۆك هۆزەکانی نووسی: ئێمە لەمێژە ئاگامان لە وەفاداری خەڵکی کورد هەیە. کوردەکان هەمیشە بۆ تورکەکان دۆستی بەنرخ بوون. دەتواندرێ بگوترێ کە ئەم دوو میللەتە یەکن))[٣]. خۆی وەك ڕێبەرێکی پشتبەستوو بە بنەماکانی ئیسلام و وەك سەرکردەی دەوڵەتێکی ئیسلامی دڵنەوایی کوردەکانی دەکردەوە، کە ((پێویستە کێشەی کورد بۆ دوای ئەوە لێبگەڕێن تا وڵاتی تورکیا لە دوژمنان پاك دەکەنەوە و تاکۆنگرەیەکی گشتیی ئاشتەوایی دەبەسترێت، ئەوەش بە دەستنایە تەنها بە یەکڕیزیی کورد و تورك

---

[١] دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد ل٣١٠

[٢] کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٥٣.

[٣] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

نەبێ، کە خاوەنی ئەم نیشتمانەن. بە ڕاشکاوی بەڵێنی پێدان، دەوڵەتی تورکیا دوای ڕزگاربوون، دان بە کورد و سەربەخۆیی کوردستاندا دەنێت لە ڕووبەرێکی زۆر گەورەتر و فرازانتر لەو ڕووبەرەی کە لە پەیماننامەی سیڤەر بۆیان دیارکراوە))[1]. ئەو بەڵێنە باوەڕێکی زۆری لای ئەو کوردانە دروستکرد، کە مستەفا کەمال خۆیانی لێ نزیك کردبوونەوە.

سەبارەت بە ڕەوشی عێراق و ئەو بەشەی کوردستان، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندابوو، بەرپرسیاریەتییەکەی بە (ونستۆن چەرچڵ) سپێردرا، کە تازە لە پۆستی وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانیا دەستبەکار ببوو. چەرچڵ بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی و تۆکمەکردنی دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر ناوچەکەدا، کۆنگرەیەکی لە ١٢ ی ئاداری ١٩٢١ لە قاهیرە سازکرد، کە هەریەك لە پێرس کۆکس و مس بێڵ و لۆرانس و یۆنگ و بابکوك و مێجەر نۆئێڵ و چەند کەسێکی دیکە بەشدارییان تێداکرد و ماوەی دوو هەفتەی خایاند.

سەبارەت بە پرسی کورد، لەو کۆنگرەیەدا مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا و بەشداربووان بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بەرەیەك کە چەرچڵ بۆخۆی لە گەڵیدا بوو، یاداشتێکیان ئامادەکردبوو و تیایدا هاتبوو ((ئێمە پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەین، کە ڕەتی دەکاتەوە، ناوچە کوردنشینەکان بە میزۆپۆتامیای عەرەبی ببەسترێتەوە))[2] پێیان وابوو، کە دەبێ قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان دابمەزرێندرێت و دەست لەو دەوڵەتە کوردییە هەڵبگرن، کە بەپێی پەیماننامەی سیڤەر بڕیارە لە ئەنادۆڵ دابمەزرێت.

---

١ د. ابراهیم داقوقی، اکراد ترکیا، ص ١٧٨-١٧٩.

[2] دیڤید کۆرن، پێرسی کۆکس و ئەرنۆڵد ویڵسۆن، ئەو دوو پیاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست، ل٦٢.



له پەراوێزی کۆنگرەی قاهیره

بەرەی دیکه پێیانوابوو ئەو بەشەی کوردستان بخرێته نێو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی، که بەریتانیا به نیازه له ویلایەتەکانی بەصره و بەغدا دروستی بکات. هەر لایەکیش بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانیان، پاساو و قسەی خۆی هەبوو.[1]

هەرچەنده چەرچڵ لەگەڵ لکاندنی ناوچه کوردییەکان نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنی ناوچەکه به شێوەیەکی مەیدانی لەژێر دەسەڵاتی (کۆکس)ی بەرەی دووەمدا بوو، نەیدەویست ڕاستەوخۆ بیر و ڕاکانی خۆی بسەپێنێ.

هەر لەو کۆنگرەیەدا بەریتانییەکان بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی عێڕاقێکی مەلەکی دا، که هەریەك له ویلایەتەکانی بەسڕە و بەغدا لەخۆی دەگرێت.

---

[1] عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی له پەیرەو وپڕۆگرامی کۆمەڵه (جەمعیەت) و حزبه کوردییەکان، ل٨٧.



(فەیسەڵی کوڕی دووەمی حوسەینی شەریفی مەککە)یان وەك مەلیك دەستنیشانکرد. سەبارەت بە پرسی ویلایەتی موسڵ و دۆزی کورد، ئەوەیان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردتر دواخست.[1]

بارودۆخی ناوچەی سلێمانی وخواستی خەڵکەکەی بۆ سەربەخۆیی و ڕەتکردنەوەیان بۆ هەر جۆرە هەوڵێك بۆ لکاندنیان بە عێراق لە لایەك و لەلایەکی دیکەش جەختکردنەوەکانی چەرچڵ، ئەو ڕایەی لای کۆکس دروستکرد کە پێشنیازی ئەوە بخاتە بەردەم سەرووی خۆی کە لە توانادا هەیە، لە ئێستادا سلێمانی وەك خۆی بهێڵدرێتەوە و ناوچەکانی دیکە بخرێنە سەر عێراق. بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازکرا، کە سلێمانی وەك پارێزگایەکی سەربەخۆ بهێڵدرێتەوە. لەلایەن پارێزگارێك بەڕێوە ببردرێت، کە مەندوبی سامیی بەریتانی دەستنیشانی دەکات و ڕاوێژکارێکی بەریتانیی بۆ دادەمەزرێنێ و لەکاروباری بەڕێوەبردندا ئەنجوومەنێکی شورای لەگەڵدابێت.[2]

فەیسەڵ لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢١، بەسەر پشتی پاپۆڕێکی ئینگلیزەکان، لە ڕێی بەسرەوە پێی نایە خاکی ئەو مەملەکەتەی، کە بڕیارە بۆی دابمەزرێنن، بەڵام مشتومڕێکی زۆریش لە نێو چین و توێژەکانی ئەم ناوچانە دروستبووە، سەبارەت بە پرسی دانانی کەسێکی وەك فەیسەڵ، بەتایبەتی لە نێوان

---

[1] جليلي جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص١٥١.

[2] محسن محمد متولي، كرد العراق، ص١٢٤.

شیعەکان، کە زۆرینەی عەرەبی ناوچەکە پێکدێنن. کوردەکانیش لە بنەڕەتدا نایانەوێ بچنە ژێر باری دەوڵەتێکی عەرەبی.

چەرچڵیش هێشتا بە بیرو بۆچوونەکانی خۆیەوە پەیوەستە و نایەوێ کوردەکان بەزۆر بخاتە ژێر ڕکێفی عەرەبەکان، چونکە پێشبینیی ئەوەی دەکرد، کە ((عەرەبەکان هەر ئەوەندەی فەرمانڕەوایی، یان دەسەڵاتێکیان لە عێراق گرتە دەست، بە هیچ جۆرێك بایەخێك نە بە کورد و نە بە پێداویستییە نەتەوایەتییەکانیان نادەن))[1]

کۆکس، لە هەوڵەکانی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و پێوەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بەردەوام بوو، بەڵام نەیدەتوانی بەو ئاسانییە بیر و بۆچوونەکانی چەرچڵ وەلاوە بنێ.

لە هەرسێ ویلایەتەکە، ڕاپرسییەکیان لەسەر پرسی دانانی فەیسەڵ وەك مەلیکی عێراق ئەنجامدا. بەپێی بەڵگە فەرمییەکان، ٩٦٪ بە دانانی فەیسەڵ ڕازییە. لە کاتێکدا ٤٪ دژی دانانی فەیسەڵ بوون، کە بەشێکی زۆری لە خەڵکی کەرکووك بوون بە کورد و تورکمانەوە. لە کاتێکدا سلێمانی بەشداریی لە دەنگدانەکە نەکرد.لەم بارەیەوە (کرزن) دەڵێ: ((خەڵکی سلێمانی دژی دەنگدان نەبوون، بۆ ئەوەی بخرێنە نێو دەوڵەتی عێراق، چونکە هەر لە بنەڕەتدا داوایان لێنەکرا)).[2]

دوای ئەنجامی ڕاپرسییەکە، کۆکس سەبارەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ یاداشتێکی دیکەی دایە چەرچڵ و ئەوەی تێدا ڕوونکردبووەوە، کە زۆربەی

---

[1] دیڤید کۆرن، پێرسی کۆکس و ئەرنۆڵد ویلسۆن، ئەو دوو پاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست، ل٦٢.

[2] جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، و: حەسەن جاف، بەشی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٥٤٤.

ناوچــە کوردییــەکان پێیــان باشــترە ناوچــەکانیان بخرێنــە ســەر عێــراق، تــەنها سلێمانی نەبێت. بۆ یە چەرچلّ بەمە ڕازیدەبێت، بەڵام دیسان مەرجیان بۆ دادەنێت کە نابێ ئەم هەنگاوە بە زۆرلێکردن بێت، هەروەها دەڵێ، کە دەبێ لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەواییدا نوێنەریان هەبێت و لە بودجەی وڵاتدا بەشی کورد بدرێت.[1]

تورکەکان ئاگاداری ئەو جموجۆڵەی بەریتانییەکان بوون لەمەڕ ئایندەی عێراق بەگشتی و ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی. ئەوان لەلای خۆیانەوە وەك تاوانبار تەماشای فەیسەڵیان دەکرد. (فەیسەڵ پێشتر و لە ٢٤ ی تەمووزی ١٩٢٠ لە لایەن فەرەنسییەکانەوە لە سووریا دەرکرابوو). لە حوزەیرانی ١٩٢١، دەستەیەك چەکداری خۆیان بە سەرپەرتی ئەفسەرێك بەناوی (فازڵ ئەفەندی) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆوە، ناردە نێو خاکی کوردستانی باشوور و گەیشتە رواندز.[2] بۆ ئەوەی هۆزە کوردییەکان هانبدەن دژی ئینگلیزەکان ڕابپەڕن. ئەمەش بۆ کوردەکان پاڵپشتێك بوو بۆ ئەوەی بەرامبەر پرسی پێوەلکاندنی ناوچەکوردییەکان بە عێراقی عەرەبی هەڵوێست وەربگرن.

ئەدمۆنز لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەیدا، باس لە هەڵچوونی ناخی هۆزە کوردەکانی پشدەر و بلّباس و ئاکۆ دەکات، کە بە پاڵپشتیی چەکدارانی تورك لە مانگی ئابدا هێرشیان کردۆتە سەر ڕانیە، بەڵام بە پشتوانیی هێزی ئاسمانیی بەریتانی، هێرشەکەیان تێکشکاندوون.[3]

---

[1] دیڤید کۆرن، پێرسی کۆکس و ئەرنۆڵد ویلسۆن، ئەو دوو پاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست، ل٦٥.

[2] کریس کوچیرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٨١.

[3] بۆ وردە کاریی زیاتری ئەم ڕووداوە، بڕوانە: سی. جی. ادمونز، کورد و ترك وعرب، ت: جرجیس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، ط/٢، اربیل ، ١٩٩٩.ص١١٣.

هەرچەندە هێشتا کێشەی ویلایەتی موسڵ لە نێوەندە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان، لەنێوان بەریتانیا و تورکیا، یەکلا نەبوەوە، بەڵام تورکیا لەو کاتەدا، لە ئەنادۆڵ، لە شەڕێکی چارەنووس سازدابوو لەگەڵ یۆنانییەکان. مستەفا کەمال بۆخۆی سەرکردایەتیی شەڕەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، چونکە ترسی لەدەستدانی ئەنقەرە و ناوچەیەکی فراوان لە ئەنادۆڵ لە ئارادا بوو.

کۆکس لە حوزەیرانی ١٩٢١، بەرامبەر بە دەست تێوەردانی ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان لە لایەن تورکەکانەوە، پێی باش بوو ئەگەر شکستی کۆنفرانسی لەندەن بووە مایەی شەڕی ئاشکرا لەگەڵ کەمالییەکان، کار بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی کوردی بکەن لە کوردستانی تورکیا. ئەم پێشنیازەشی بەو پەڕی نهێنی پێشکەشکرد، لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازە، ئەو لەڕێی نۆئێل و خەلیل بەدرخان، نەخشەکە، جێبەجێدەکات.[1]

بەریتانییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و کارکردن بۆ پێوەلکاندنی ویلایەتی موسڵ، لە پێشبڕکێدابوون لە گەڵ پێشهاتەکان، ئەوەبوو، لە ٢٣ ی ئابی ١٩٢١، فەیسەڵی وەك مەلیکی عێراق دامەزراند.

تورکیا هێشتا ئومێدێکی زۆری بەگەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ هەبوو بۆ نێو سنووری ولاتەکەی. لەو ماوەیەشدا تورکەکان لە ڕوانگەی دژایەتی کردنی بیری ئیمپریالیزمی و کۆنەپەرستی، توانییان ئامانجەکانیان لەگەڵ بەلشەفییەکان یەك بخەن. ئەوەبوو لە ١٩٢١/١٠/١٣، پەیماننامەیەکی دۆستایەتییان لەگەڵ سۆڤیەت مۆرکرد. بەلشەفییەکانی سۆڤیەت، کە ((سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا بە گەورەترین پاڵپشت و یاریدەدەر بۆ گەلانی ژێردەست و مافخوراو دەژمێردرێت، چونکە بە سەرکەوتنی ئەو

[1] کرێس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، ل ٥٥.

شۆڕشــە هەڵقەیــەکی بــەهێز لــە زنجــیرەی وڵاتــانی ئیمپریــالیزم و ســتەمکار وردوخاش کرا و گۆڕانێکی بنەڕەتی و چۆنییەتی بەسەر باری جیهانـدا هـات))[1]، هەرچەندە کوردەکانیش، وەك پاڵپشتێك متمانەیان بە سۆڤیەت هـەبوو، بـەڵام کەمالییەکان دوای مۆرکردنی پەیماننامەکە کەوتنـە هـەوڵی ئـەوەی پاڵپشـتیی سۆڤیەت بۆ کوردەکان لە بەین ببەن ((وەزیری دەرەوەی کۆمارییـەکان، یوسـف کـەمال بـەگ، یاداشـتێك بـۆ وەزیـری دەرەوەی یـەکێتیی سـۆڤیەت، تشـرین، دەنێرێـت و تێیـدا هـاتبوو کـە بزووتنـەوەی کوردەکـان بـە هانـدانی پیلانـی ئیمپریـالیزمی ئینگلیزییـە، بۆیـەکا دەبێـت بـە تونـدی بەربـەرەکانی بکرێـت و ماوەیـان پـێ نـەدرێت بـە هـیچ شـێوەیەك دەوڵـەتی کـوردی بنیـات بنرێـت))[2]، لەلایەکی دیکەش وێناکردنی کەسایەتیی کورد وەك دڕنـدەو کێـوی و کۆچـبەری شـەڕکەر.. وەك ئـەو پەنـدەی (ئـەمین مـەعلوف لـە گۆڤـاری لیـۆ ئـەفریکانس) سـەبارەت بـە کوردەکـان نوسـیویەتی : ((ئەوانـە هەمیشـە خەنجـەریان بەدەستەوەیە، بۆ سەربڕینت یان بۆ سەربڕینی مـەڕێك بـۆ میوانـداریکردنت))[3]، کورد بەو هەموو وێنـا دزێوانـە جێـی متمانـە نـەبوو کاروبـاری دەوڵەتـداریی بـۆ بڕەخسێنرێ ((ئـەو توخمـەی دووبـارە دەبێتـەوە لـە وەسـفی کوردەکانـدا، لـە دۆکیۆمێنتە تایبەتی و ڕەسمییەکانـدا، بـۆ ئـارەزووی سیاسـی و پێکهاتەکـەیان دەگەڕێتەوە. وەك زۆرجـار ئامـاژەی بـۆ کـراوە کوردەکـان بـە گشـتی هیچیـان نەبووە جگە لە ئاینەکەیان، زمانەکەیان، و خۆش ویستنی تفەنگ و فیشەکدان،

[1] فاتح ڕەسولّ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٤١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧، عن :ن.لازاريف: القضية الكردية ،ص١٢٥ ـ ١٢٨.

[3] ژار موحەمەد زەردیخان، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەردەمی یەکەمین شەڕی جیهانیدا، و: د.شەماڵ حەوێزی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٢٦) ساڵی ٢٠١٣. ل٩٣.

نەبوونی هونەری سیاسی و توانای پێکەوەگرێدانی عەشیرەتەکان، کە نەتەوەی کورد پێك دێنن))[1]

هەرچەندە ((تێکۆشەرەکانی کوردیش بە ڕێگای تایبەت تەقەلایان دەدا کە سوود لە ڕاگەیاندنەکانی لینین و پارتیی کۆمۆنیستی بۆلشەوی وەربگرن، کە هەمیشە بلاّویان دەکردەوە کە لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندان و دژی داگیرکەران و ستەمکاران دەخەبتن))[2]سیاسەتەکانی سۆڤییێتیش لەم ڕووەوە ناوبانگێکی ئەرێنیی وەدەست هێنابوو ، بەلاّم سۆڤیەتییەکانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لایەنگیریی کەمالیستەکانیان کرد، بگرە هاوکارییەکی زۆریشان کردبوون ((لە سالاّنی ١٩٢٠ ـ ١٩٢١ یەك ملیۆن ڕۆبڵی زێڕ و ٣٩ هەزار تفەنگ و ٦٣ ملیۆن فیشەك و٥٤ تۆپ و ٢٠ هەزار ماسکی دژی کیمیایی و زەخیرە ونەفتێکی زۆری کردە خەلاّتی تورکیا))[3].

ئینگلیزەکان مەبەستیان بوو، کە ئەوەی کەمالییەکان لە ناوچەی ڕواند و ڕانییە لەگەڵیان دەکەن، ئەوانیش لە ناوچە کوردییەکانی سنووری تورکیا هەمان دەست تێوەردان لە کاروباری کوردەکانی تورکیا بکەن.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ خەلیل بەدرخان بە یاوەری چەند ئەندامێکی یانەی ئەستەنبۆڵ هاتە بەغدا، لەبارەی یاخی بوونەکانی دێرسیم و دیاربەکر و وان قسەی بۆ ئینگلیزەکان کرد، کە ئەو سەرپەرشتییان دەکات، داوای کرد کە چەند ئەفسەرێکی وەك نۆئێڵ بەجلی کوردی بنێرنە ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی لە ڕاستیی قسەکانی دڵنیابن. خەلیل بەدرخان لە دیداری کۆکسدا

[1] بژار موحەمەد زەردیخان، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەردەمی یەکەمین شەڕی جیهانیدا، ل٩٧.

[2] فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٥٨.

[3] سەلام ناوخۆش، دۆزی کورد لە نێوان بەرداشی مارکسیەت و دیموکراسیدا، ل٢٢.

ئەوەی نەشاردۆتەوە کە هاتووە داوای کۆمەك لە کۆمیسەری باڵا بکات. پێی گوتوون: ((ئێمە بەدڵ و بەگیان لایەنگری بەریتانیاین، ئەگەر بەریتانیای مەزن یارمەتیی ئێمە بدات، ئەوا ئێمەش لای خۆمانەوە لە بەینی عێراق و دوژمنانیدا، واتە ڕووسیا و تورکیا، وەکو وڵاتێك دەبین بە دەهۆڵکوت و بە قەڵغانی بەریتانیا و هاوکاری لەگەڵ ئەرمەنی و مەسیحییەکان دەکەین))[1].

بەدرخان داوای ئەوەشی کردبوو کە ڕێگە بە گواستنەوەی ئەو چەکانە بدەن، کە یۆنانییەکان پێشکەشیان کردوون. چەرچڵ بەوە ڕازی دەبێ، کە لە گواستنەوەی چەکەکان هاوکاریی ئەو کەسانە بکرێ کە خەلیل بەدرخان دەیهەوێ بە مەرجێك وا نیشانبدەن، کە خۆیان ئەو کارە دەکەن و هیچ هێز و لایەنێك هاوکارییان ناکات. بەڵام پاش چەند ڕۆژێك چەرچڵ بە فەرمی کۆکس ئاگادار دەکاتەوە، کە خۆی لە هەموو جۆرە هاندانێکی کوردەکان بپارێزی.[2]

تورکیا لە لای خۆیەوە، هەر بەوەندە نەوەستا، کە کار لەسەر جوڵانەوەی کوردەکان لە سنووری خۆیدا بکات. دەستی خستە ناو کاروباری کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش، کە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندابوون.

سمکۆی شکاك، کە پێشتر لەگەڵ ئینگلیزەکان هەوڵێکی زۆری دابوو، بۆ ئەوەی پشتوانییان بکەن و چەك و تفاقیان بدەنێ، بەڵام کە لە ئینگلیزەکان بێ هیوا بوو، خۆی لە تورکەکان نزیك کردەوە و تورکیاش ئەو هەلەی قۆزتەوە. لەو دەمەشدا بەهۆی گیانەڵای حوکمی قاجارییەکان، ئێران سوپایەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەوەی هەشبوو لەلایەن ئینگایزەکانەوە سەرپەرشتی دەکران.

---

[1] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٥٥.

[2] کریس کۆچێرا، سەچاوەی پێشوو، ل٥٧.

سمکۆ ڕاپەڕینی دەستپێکرد و دەستی بەسەر ناوچەکای دیلمان و ورمێ و خوی و لە پاییزی ١٩٢١ شاری مەهابادیشی گرت.[١]
سمکۆ وەك سەرکردەیەکی کورد ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو و ڕۆژبەڕۆژ هێزەکانی لە زیادبووندابوون و عەشیرەتەکانی دەوروبەری پەیوەندییان پێوەدەکرد.



سمکۆی شکاك لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزێك

لەو کاتەدا شۆڕشەکەی سمکۆ بە بەهێزترین شۆڕش و پڕ چەکترین و گەورەترین سوپای کوردی دادەنرێت. شورشە کوردییەکانی باکووری کوردستان لە بارێکی خراپدابوون، هەم پەرت و بلاو، هەم کەوتبوونە بەر هێرشی توندی تورکەکان. ویستیان شۆڕشێکی سەرتاسەری بەرپابکەن، بیریان لەوەش کردەوە کە پەیوەندی بە سمکۆوە بکەن.

[١] حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیەتی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، ل٨٨.


مستەفا پاشا یامولکی

کاتێك مستەفا پاشا پرسیار لە سمکۆ دەکات، بۆچی لەو هەلوومەرجەدا واز لە شەڕی ئێران ناهێنن و بچنە هیمدادی کوردەکانی ئەرزەڕۆم و هەکاری و خەرپووت؟

سمکۆ لە وەڵامدا وتبووی کە نایەوێ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تورکیا تێك بدات، چونکە ئەوان چەکی دەدەنێ[1]

لەلایەکی دیکە، فەڕەنسییەکان کە پێشتر لەباکووری سووریا تووشی ئاژاوەگەلێکی زۆر هاتبوون، ویستیان کۆتایی بە شەڕ و ململانێکانیان بێنن لەگەڵ تورکەکان، ئەوەبوو لە تشرینی دووەمی ١٩٢١ لەئەنقەرە پەیماننامەیەکیان لەگەڵ تورکەکان مۆرکرد. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە فەڕەنسا دەستبەرداری ناوچە تورکییەکان بێت و تەنها لە بەندەری ئالکساندەرتا بمێننەوە.[2]

ئەوەبوو فەڕەنسییەکان لە ١٩٢٢/١/٤، بە یەکجاری لە ناوچەکانی کیلیکیە کشانەوە.[3] ئەمەش دەرفەتی کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی سوپای بۆ تورکەکان ئاسانکرد، بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری ویلایەتی موسڵ وەربدەن. سەبارەت بە بزاڤی کوردەکانی ڕۆژئاواش، کە پێشتر فەڕەنسییەکان چەکیان پێدابوون، بۆ ئەوەی تورکەکان لە ناوچەکانیان وەدەرنێن و لە بەرامبەردا، بەڵێنی

---

[1] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی دەنۆزدە و بیستەمدا، ل٦٥.

[2] دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٣٦.

[3] کرێس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١

خودموختارییان پێدابوون، دوای ئەو ڕێککەوتنە، داوایان لە کوردەکان کرد چەکەکانیان دابنێن و پشێوی لە سنوورەکانیان دروست نەکەن.[1]

ئەو سیاسەتە سەرکەوتووانەی کەمالییەکان لە پەیوەندییە دەرەکییەکان و نزیکبوونەوەی تورکیا و ڕووسیا و پاشەکشەکانی فەڕەنسا، ترسی لەدەستدانی ناوچەی میزۆپۆتامیایان لەلای ئینگلیزەکان دروست کرد. بەتایبەتی هاتنی چەکدارانی تورك بۆ ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز لە باشووری کوردستان.

فەیسەڵ، کە هێشتا لەسەر تەختی پاشایەتی دانەنیشتبوو، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢١، ئەوەی بە ئینگلیزەکان ڕاگەیاند، کە ئەو لەگەڵ ئەوەدا نییە، کوردەکان لە سنووری قەڵەمڕەوی مەملەکەتەکەیدا جودابن. ترسی ئەوەشی هەبوو ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردی دواتر لەگەڵ کورەکانی ئێران، یان تورکیا یەکدی بگرنەوە. کۆکس فەیسەڵی دڵنیا کردەوە، کە ئەگەر کورد دەزگایەکی ئیداریی جیاوازیشی هەبێ، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دەمێننەوە.[2]

جموجۆڵی سەربازیی هۆزەکان بە هاوکاریی چەکدارانی تورك، وایکرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢، سوپای بەریتانی لە ناوچەی ڕانیەدا پاشەکشە بکات، لەگەڵ ئەم ڕووداوە، نوێنەری شۆڕشگێڕە کوردەکان (ئەحمەد تەقی) بۆ داواکاریی کۆمەك و پشتوانی ڕووی لە ئێران کرد، کە ئەمەش دڵەڕاوکێیەکی بۆ ئینگلیزەکان دروستکرد، بەوەی شۆڕشی ئەمجارە بەڕووی ئەواندا بتەقێتەوە.[3]

---

[1] عەلی صالح میرانی، الحركة القومية الكوردية في كوردستان ـ سوريا، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص٦١.

[2] دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٨١.

[3] جليلى جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص١٥٣.


ڕەزاخان

ئینگلیزەکان کە هاوکارییەکی سەربازیی و لۆجستیی زۆریان خستبووە خزمەت ڕەزاخان، بەو ئومێدەی جڵەوی حوکم لە ئێران و بۆ خواستی ئەوان توند بکات. ڕەزا خان پێش هەموو هەوڵێك بیری لە لەناوبردنی هێزی سمکۆ کردەوە. ئەوەبوو لە ٢٥ ی شوباتی ١٩٢٢، بە هێزێکی ١٥ هەزار کەسی هێرشی کردە سەر سوپای سمکۆ و لە ناوچەی شەرکەیازی ئاگری شەڕ هەڵگیرسا.[١]

تورکیاش لە هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی پشێوی لە ناوچە کوردییەکان، بەردەوام بوو، کاریگەریی زۆریان لەسەر هۆزە کوردییەکان دروستکرد بۆئەوەی دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕن.

ئەم هەولانەی تورکیا، تا ڕادەیەکی بەرچاو سەریانگرت، تەنانەت ((لە ناوەڕاستی هەیڤی شەشدا دوو ئەفسەری ئینگلیز بە نێوی بۆند و مەکانت لەسەر دەستی کەریمی فەتاح بەگی سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند دەکوژرێن))[٢]

تورکەکان لە ڕاکێشانی کوردەکان شارەزابوون، بەڵام هێشتا کوردەکان، وێڕای ئەو هەموو بێ بەڵێنی و دڕندەییەی تورکەکان بەرامبەر کوردەکانی ژێردەستی خۆیان، سڵیان نەدەکردەوە و هێشتا تورکەکانیان پێ لە ئینگلیزەکان باشتر بوو.

---

[١] حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیەتی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، ل١٠٠.

[٢] کرێس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٨١.

هەرچەندە سیاسەتی تورکەکان بەرامبەر بەکورد لەو ڕۆژگارەدا زۆر لە سیاسەتی ئینگلیزەکان ڕوونتر بوو، بەڵام تورکەکان لە بەڵێندانی درۆزنانە سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە و سوودیان لە پارچە پارچەیی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد وەرگرتبوو. بەبەرچاوی کوردەکانی عێراقەوە تورکیا پشتی لە شۆڕشەکەی سمکۆ کرد و لە مانگی ئابی ١٩٢٢ سوپای سمکۆ تووشی شکستێکی گەورەهات، کاتێك سمکۆ و پاشماوەی هێزەکانی ڕوویان لە تورکیا کرد، تورکیا لوولەی تفەنگی تێکردن، ژنەکەی سمکۆ کوژرا و خوسرەوی کوڕیشی بەدیل گیرا، جگە لە چەككردن و پەرتەوازەبوونی پاشماوەی سوپاکەی، سمکۆش هەر هێندە بە خۆی ڕاگەیشت بۆ ناو خاکی کوردستانی باشوور ڕابکات. هەرچەندە شکستەکەی سمکۆ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ورەی کوردەکان دروستکرد، بەڵام هێشتا سمکۆ وەك سەرکردەیەکی ئازا، لەناو کوردەکانی عێراق خۆشەویست بوو. ئەم هاتنەی سمکۆ و شێخ تەهای نەهری بۆ ناو خاکی کوردستانی باشوور، بۆ ئینگلیزەکان جێی خۆشحاڵی نەبوو. لەلایەکی دیکەش جموجۆڵی سەربازی و سیاسیی تورکەکان لە ناو خاکی کوردستانی باشوور، ترسی لەسەر ئایندەی ناوچەکە دروستکردبوو.

لەکۆتایی مانگی ئابدا، ئینگلیزەکان لە سلێمانییەوە هێزێکی لیڤی بۆ ناوچەی ڕواندز دەنێرن ، بۆ ئەوەی ڕێ لەو هێزە تورکییە بگرن، کە بەرەو ڕانیە پێشڕەوی دەکەن، دوای ئەوەی ئەو هێزەی لیڤی دەرەقەتی هێزەکەی تورك نایەن، ئینگلیزەکان دوو یەکەی سیك بۆ هیمدادی ئەو هێزە دەنێرت، بەلام لە ڕێگادا تووشی پەلاماردەبێت و زیانێکی زۆریان لێدەکەوێت و ناچاردەبن پاشەکشە بکەن. ئینگلیزەکان متمانەیان بە هێزی لیڤی نەبوو (ئەو هێزانە لە خەڵکی ناوچەکە دروستکرابوون) لە ترسی یەکگرتنی ئەو هێزە لەگەڵ

هێزی تورك و پەلاماردانی سلێمانی، ئینگلیزەکان لە ١/ ٩/ ١٩٢٢ شاری سلێمانییان چۆڵکرد.

کلیلی خەزێنە، کە بایی سی هەزار لیرەی ئەستەرلینی تێدابوو، هەورەها کلیلی جبەخانە، کە پێنجسەد تفەنگی ئینگلیزی و پێنجسەد تفەنگی تورکیی تێدابوو، دایانە دەست شێخ قادری برای شێخ مەحموود.[١]



شێخ قادر بەرزنجی

ئەو شکستە هێندەی دیکە بۆ ئینگلیزەکان بووە جێی ترس و نیگەرانی. ئینگلیزەکان بۆ گرتنەوەی جڵەوی ناوچەکە، لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢ بڕیاریاندا شێخ مەحموود وەك (سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی) بۆ سلێمانی بگەڕێننەوە.

شێخ مەحموود، لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، بە یاوەریی نۆئێل، گەڕایەوە. لەسەر چۆنیەتیی حوکمڕانییەکەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عەرەب قسەی کرد.

ئینگلیزەکان بەنیازبوون شێخ مەحموود بەناونیشانی (سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی) لە پۆستەکەیدا دابمەزرێنن، بەڵام شێخ بەمە ڕازی نەبوو،

---

[١] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٨٣.

بۆیە ((ئینگلیزەکان بەناچاری ڕازی بوون، کە وشەی ڕەئیسی مەجلیسی میللی بکرێ بە حوکمدار))[1].

بە هەر شێوەیەك بێ ئینگلیزەکان پێویستییان بە شێخ مەحموود هەبوو ((شێخ مەحموودیش بەر لە هاتنەوەی بۆ سلێمانی لە بەغدا بەسەر زارەکی ئەو بەڵێنەی پێدرابوو لە بەرامبەر ئەو ئەرکانەی پێی سپێردرابوو، کە بریتی بوون لە کردنە دەرەوەی تورکەکان و کۆتایی هێنان بە چالاکییەکانیان لە کوردستانی باشوور))[2].

سەبارەت بە بۆچوونی شێخ مەحموود لەسەر ئایندەی کوردستان ((نووسەری کتێبی عراق و عصبە الامم لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: گوایا کە شێخ مەحموود لە بەغداد مەندووبی سامی و فەیسەڵی دیبوو لە کاتی وتووێژدا شێخ مەحموود دانی بەوەدا نابوو، کە پەیمانی سیڤەر سەرناگرێ، لەبەر ئەوە نەك سەربەخۆیی کوردستان (استقلال) بەڵکە وشەی (موختارییەت)یش بۆ کوردستان بەبیردا نایە و کاربەدەستانی عراق و ئینگلیز ئەوەی شێخ مەحموود وتبووی پێیان خۆش بوو))[3] بڕیاری لێخۆشبوون و هێنانەوەی لە ناکاوی شێخ مەحموود لە هیندستانەوە بۆ سلێمانی، لای خودی شێخیش کردەیەکی ئاسایی نەبوو، لەم بارەیەوە شێخ وتبووی، کە مەبەست لە هێنانەوەی بۆ ئەوە بووە (دەورێکی پۆلیسیی پێ ببینن، بەبێ ئەوەی هیچ بەیانێکی ڕەسمی دەربکەن دەربارەی مافی کورد))[4].

---

[1] م. ر.هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگ٢، لەندەن، ١٩٩١، ل ٣٩١.

[2] د. سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، ل٣٩٢.

[3] م. ر.هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١.

[4] م. ر. هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢.

مەندوبی سامی سنووری دەسەڵاتەکانی شێخ مەحموودی وەك حوکمدار، تەنها لە ناوچەی سلێمانی قەتیس کرد. بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کارگێڕیی ناوچەکەش، دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو ئەنجوومەنێك پێك بهێنێت.

شێخ مەحموود وەك حوکمداری ناوچەکە، لە دامەزراندنی ئەنجوومەن، ڕەچاوی ڕێنمایی ئینگلیز و سەرانی عێراقیی نەکرد. لە جیاتیی ئەوە، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، بە فەرمانێك لە سلێمانیی پایتەختی کوردستانەوە، دامەزراندنی کابینەیەکی وەزاریی ڕاگەیاند.

جگە لە سەرۆك وەزیران، کابینە وەزارییەکە، حەوت وەزارەتی لە خۆ گرتبوو:[١]

| | |
|---|---|
| ١- شێخ قادری حەفید | سەرۆك وەزیران |
| ٢- مستەفا پاشا یامولکی | وەزیری مەعارف |
| ٣- شێخ محەمەد غەریب | وەزیری ناوخۆ |
| ٤- سەید ئەحمەد بەرزنجی | وەزیری ئاسایشی گشتی |
| ٥- ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ | وەزیری گومرگ |
| ٦- محەمەد ئاغا عەبدولڕەحمان ئاغا | وەزیری ئاوەدانکردنەوە |
| ٧- عەبدولکەریم عەلەکە | وەزیری دارایی |
| ٨- مەلاسەعید کەرکووکی زادە | وەزیری داد |

[١] بڕوانە: محسن محمد متولي، كرد العراق، ص٢٠٠.



شێخ مەحموود لەگەڵ ئەندامانی حکوومەتەکەی

لە حکومەتە تازەکەی شێخ مەحممود دا، زمانی کوردی بە زمانی فەرمی ناسێندرا و(پول) و پارەی چاپکرد و ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (بانگی کوردستان) دەرکرد.[1]

هێنانەوەی شێخ مەحموود ئەو بارگرژییەی نەڕەواندەوە، کە ئینگلیزەکان چاوەڕوانیان دەکرد.

هەر لەو مانگەدا (تشرینی یەکەم) فەیسەڵ هەوڵی دا ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەران پێك بهێنێت ((بڕیاری دا، هەموو ناوچە کوردییەکانیش، هەتا کەرکوك کە بەیعەتی بە فەیسەڵ نەکردبوو، لە هەڵبژاردندا لەبەر چاو بگیرێن، تەنیا سلێمانی لەم ڕێسایە هەڵاوێر کرا)).[2]

ئەم هەوڵەی فەیسەڵ بۆ هەندێك بیرمەند و سیاسەتمەدارانی کورد جێی تێڕامان بوو، لەلایەك هەڵاوێرکردنی سلێمانی و لەلایەکی دیکە بەشداری پێکردنی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی کەرکووك، جگە لە هەوڵی

[1] جليلي جليل و مجموعة من المؤلفين، الحركة الكوردية في عصر الحديث، ص١٥٥.

[2] دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٨٢.

دابەشکردنی ناوچەکە و لێکترازانی کوردەکان هیچی تری لێ نەدەخوێندرایەوە. ئەوە بوو ((لە ٢ی تشرینی دووەم وەفدێکیان لەگەڵ کۆمیسەری باڵا لە بەغدا کۆبۆوە، ئەم وەفدە لەو دانیشتنەدا داوای کرد: سەربەخۆیی کوردستانی خواروو بە ڕەسمی بناسرێ، هەموو ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانیان کوردە، دەبێ بەشێك بن لە کوردستانی خواروو، لێژنەیەك بۆ دیارکردنی سنووری نێوان کوردستان و عێراق پێکبێت. خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئێستا هەڵدەبژێردرێن، ناوکی ئەنجوومەنی نەتەوەیی کوردستان پێك بهێنن))[1]. دیارە کە ئەم داواکارییەی کوردەکان، تەواو پێچەوانەی ئەو نەخشە ڕێگایەیە، کە ئینگلیزەکان لەگەڵ فەیسەڵ دایانڕشتبوو. بۆیە داوایان لە وەفدەکە کرد، کە دەستکاریی داخوازییەکانیان بکەن.

ئینگلیزەکان ویستیان کەڵك لە بوونی سمکۆ و شێخ تەها لە کوردستانی عێراق وەربگرن، لەلایەك شێخ مەحموود، جێی باوەڕی ئینگلیزەکان نەبوو و پەیوەندیی هەردوو لا لەسەر بنەمای بێ متمانەیی دامەزرابوو، پێشتر هەوڵیاندابوو شێخ تەها بکەنە ئەلتەرناتیڤی شێخ مەحموود، بەڵام شێخ تەها ئەمەی قبووڵ نەکرد، لە بەرامبەردا داوای یارمەتی و پشتوانیی ئینگلیزەکانی کرد، بۆ ڕزگارکردنی ناوچە کوردییەکانی تورکیا بۆ ئەوەی دواتر لەگەڵ کوردستانی ئێران دەوڵەتێکی کوردی پێکبهێنن. ئینگلیزەکان ئەم کارەیان بە بەرژەوەند نەزانی.[2]

لەلایەکی دیکە ئینگلیزەکان ویستیان لەڕێی سمکۆوە، فشار لەسەر شێخ مەحموود دروستبکەن و بەیەکەوە کار بۆ وەدەرنانی تورکەکان بکەن، بەڵام شێخ مەحموود نەچووە ژێرباری ئەو داوایەی ئینگلیزەکان، سمکۆش کە پێشتر

[1] دیڤید ماکداوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

[2] حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ل١٠٨.

لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی بەڕووەوە نرابوو و لەکاتی پێویست هیچ هاوکارییەکیان نەکرد، هاوهەڵوێستیی شێخ مەحموودی پێ باشتر بوو.

بەڵام بۆ وەدەرنانی تورکەکان ((تەها یەکسەر و بێ چەند و چون خۆی دەخزمەت و ئیختیاری ئینگلیزەکان نا. ئینگلیزەکان لە ناوەڕاستی مانگی یازدەدا، بە هێزێکی سەد و پەنجا سەربازی کوردی عێراقییەوە بۆ ناچەی ڕەواندزیان نارد، بەو ئومێدەی کە ئۆزدەمیر لەو ناوچەیە ڕاوبنێ))[1] بەڵام بەهۆی کەشی باراناویی ناوچەکە، شێخ تەها لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو.



شێخ تەهای نەهری

شێخ مەحموود، لەسەر بگرە و بەردەی عێراق و ئینگلیزەکان نەوەستا ((هەمووی مانگێکی پێ نەچوو ئیتر عنوانی حوکمدارییەتیی گۆڕی بە (مەلیکی کوردستان) لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا، دوای ئەوە دەستی کرد بە بە داواکردنی سەرپاکی ئەو شارانەی کە کوردن و دەکەونە خاکی کوردستانەوە))[2].

[1] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٨٨.

[2] م.ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، ل٣٩٤.

ئەم داخوازییە زۆرەی شێخ لەو هەلوومەرجەدا، فەیسەڵی نیگەران کرد ئەو نیگەرانییەشی بە ئینگلیزەکان ڕاگەیاند، کە ئەو جیابوونەوەی کوردستانی پێی خۆش نییە، ئینگلیزەکان فەیسەڵیان دڵنیا کردەوە، کە کوردەکان لە نێو سنووری دەوڵەتی عێراقدا دەمێننەوە.[١]

دژواریی بارودۆخەکە، ئینگلیزەکانی ناچارکرد، لە گەڵ تورکەکان بچنە سەر مێزی گفتوگۆی ئاشتیانە، ئەوەبوو لە ٢٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، لە لۆزان شاندی ئینگلیزەکان بە سەرۆکایەتیی لۆرد کرزن و شاندی تورکیا بە سەرۆکایەتیی عیسمەت ئینونو کۆبوونەوە.



عیسمەت ئینونو



لۆرد کرزن

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی شاندی تورکیا داوای گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵی کرد بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا، بەڵام کێرزن نەك هەر بەمە ڕازی نەبوو، بەنیازبوو سنوورێکی فراوانتر لە تورکیا داوا بکات. بۆیە ئەم کۆبوونەوەیە گەیشتە بنبەست.[٢]

[١] دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٨٣.

[٢] سی. جی. ادمونز، کورد و ترك و عرب، ص ٢٨٢.

سەبارەت بە لەدەست دەرچوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود و بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، ئینگلیزەکان بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵ بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە: ((دەوڵەتی بەریتانیا و عێراق بە ڕەسمی دان بە مافی کوردی ناو سنووری عێراقدا دەنێن، کە دەوڵەتی کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا دابمەزرێنن و هیوادارن لایەنە جیاوازەکانی کورد بە زووترین کات لەسەر شێوە و سنووری ئەم دەوڵەتە لە نێو خۆیاندا ڕێکبکەون و نوێنەری بەرپرسی خۆیان بە مەبەستی گفتوگۆ لەمەڕ پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان دەگەڵ هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و عێراقدا بۆ بەغدا بنێرن))[1]

هەرچەندە پێشتر ئینگلیزەکان سەبارەت ئەو بەیاننامەیە قسەیان لەگەڵ فەیسەڵ کردبوو، بەڵام ڕاگەیاندراوەکە دوودڵییەکی زۆری بۆ فەیسەڵ دروستکرد، بەڵام ((ئەوانەی ئەم ڕاگەیاندراوەیان ئامادەکردبوو، دەیانزانی کوردەکان زۆر لەوە پەرش و بڵاوترن لەنێو خۆیاندا بگەنە تەبایی و لێک تێگەیشتن))[2].

لە ڕاستیدا ئینگلیزەکان بۆخۆیان کاریان لەسەر ئەو جوداخوازییەی نێوان کوردەکان دەکرد، چونکە زۆربەی سەرۆک هۆزەکان لەلایەن ئینگلیزەوە پشتگیری دەکران، تەنانەت هەندێکیان لەلایەن خودی ئینگلیزەکانەوە دانرابوون. ((زۆری پێنەچوو بەسەر گەڕانەوەی شێخ مەحموود، کە ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە کنەکردن و بە مووچە و خەڵات و بەرات و بە هەڕەشە عەشایرەکانیان لە شێخ مەحموود دوور دەخستەوە))[3]

---

[1] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٨٩.

[2] دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٨٣.

[3] م .ی .هاوار : شێخ مەحموودی قارەمان، ل ٢٩٩.

ئەم ڕاگەیاندراوەی ئینگلیزەكان نەك هەر مایەی دڵخۆشیی شێخ نەبوو، بگرە بەتەواوی ئومێدی بە ئینگلیزەكان نەما. هەوڵیدا ڕووی داواكارییەكانی بەرەو لای سۆڤیەتییەكان وەربگێڕێ (ئەوەبوو لە ٢٠ كانوونی دووەمی ١٩٢٣ پێشەوای بزاڤی كورد لە ڕێگای كونسولخانەی سۆڤێت لە تەبرێز نامەیەكی ئاڕاستەی حكومەتی سۆڤێتی كرد، كە تیایدا هاتبوو: (كاتێك لە ساڵی ١٩١٧ جیهان دەنگی ئازادیی ڕاستەقینە و ڕزگاریی گەلانی بیست لە چنگی تاوانباران و ستەمكارە ناسراوەكان، هەموو نەتەوە و گەلانی سەر زەوی لەگەڵ ژێردەستەییان پێشوازییەكی گەرمیان لێكرد، میللەت خۆی سازكرد بۆ تێكۆشان لە پێناو ئازادیدا و خەو بە هێنانەدیی داخوازی و ئاواتەكانییەوە دەبینێت، هیوا و ئومێدەكانیان گرێداوە بە جوامێریی گەلی ڕووسیی چاكەخواز، ئەوەی پەیوەندیی بە مافی ئێمەوە هەبێت، زانراوە لە ڕێگەی زۆربەی ڕۆژنامەكانەوە كە ئینگلیزە تینووەكان بۆ خوێنمان ئاگری بۆمبەكانیان و چەكەكانیان ڕژاند بەسەر گەلی كورددا بەبێ ئەوەی بەزەییان بە ئافرەت و منداڵاندا بێتەوە. ئەمە لە ساڵی ١٩١٩ ڕوویدا، واتە چوار ساڵ پێش ئێستا، بەڵام كاتێك گەلی كورد لە سلێمانی ویستیان مافە شەرعییەكانی خۆیان بە دەست بخەن، ئەمە لەبەر بەدبەختی گەلی كوردی بەگیرماو، بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی سۆڤیەتی گەورە ڕێگەی نەدا كە وڵات لە بارودۆخی گەلە بیانییە چەوساوەكان بكۆڵێتەوە و چارەسەریان بكات. گەلی كوردی باشوور زۆر بەگەرمی خواستیان هەیە پەیوەندی دۆستایەتی ببەستن لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤێتی شكۆدار، هەموو ئامادەییەكم هەیە بۆ پێشكەشكردنی قوربانی لە پێناویدا و پشتگیریی مادی و مەعنەویشی دەكەم.

ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە مەرجی سەرەكیی خۆمان دا ئەنێین، ئەویش دانپێدانانی فەرمی یە بە مافە ڕەواكانمان، بەڵام بۆ ئەوەی بۆ ڕای گشتی

دەربخەین سەبارەت بە پەیوەندییەکەمان و هێز و نفووزی زیاترمان هەروەها لاوازکردنی هێزەکانی دوژمنان، ئەوا ئێمە ڕایدەگەیێنین کە چەندێك پێویستمان بە تۆپ و ڕەشاش و فڕۆکە و کەرستەی جەنگی هەیە.

ئومێدمان وایە، کە گەلی کورد لە کۆتایی ڕێگادا، دەگات بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی وە هەر لەو پێناوەدایە، کە بە خێرایی دەستی دۆستایەتی و برایەتی و هاوپەیمانیتان بۆ درێژدەکەین، کە ئەمەش لە ناخی دڵمانەوە ئاواتی بۆ دەخوازین))[1].

لەلای خۆشیانەوە، تورکەکان، دەیانزانی مەبەست لە هێنانەوەی شێخ مەحموود ئەوەیە، ڕووبەڕووی هێزە تورکییەکانی بکەنەوە.

ئۆزدەمیر، کە سەرکردایەتیی لەشکرێکی تورکەکانی دەکرد لە ناوچەی ڕواندز، دوای ڕوون بوونەوەی ئەو هەڵوێستەی شێخ مەحموود لە ڕەتکردنەوەی هێرشکردنە سەر ڕواندز، نوێنەرێکی خۆی ناردە لای شێخ مەحموود، شێخ بەو پەڕی گەرمییەوە پێشوازیی لێکرد، بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی بە ئینگلیزەکان و بە فەیسەڵی دابوو، لایەنگریی خۆی بۆ تورکەکان دەردەبڕێ و دەڵێ ((من موسڵمانم و خادم و عەبدی حکومەتی تورکم، ئەو جەور و ستەمەی ئینگلیز بەمنی کرد قەت لەبیرم ناچێتەوە))[2].

نوێنەرەکەی ئۆزدەمیر بە شێخ مەحموودی ڕاگەیاندبوو، کە تورکیا بەنیازە هەموو ناوچەکانی سنووری ویلایەتی موسڵ لە ئینگلیزەکان پاك بکەنەوە، شێخیش بەرامبەر بەو نیازەی تورکەکان، چوار خاڵیان بۆ پێشنیاز دەکات:

١- ئەگەر هێزێکی ڕێکوپێکی ئەوتۆتان هەیە، کە بتوانن شارەکانی سلێمانی و کەرکوك هەتا سنووری (حەمرین) ی پێ بگرن و بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی

---

[1] ن.لازاریف، مێژووی کوردستان، ل٣٤٦- ٣٤٧.

[2] م.ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، ل٣٩٤.

خۆتانەوە، ئەوا بەبێ وەستان وەرن بۆ سلێمانی، ئەوسا منیش(نەمرود) و ئەوانەی هاوبیری ئەون دەیانگرم و خۆشم هەتا جبل حەمرین هەموو شارەکای ترتان بۆ دەگرم.

٢- ئەگەر هێزێکی واشتان بەدەستەوە نییە، کە ئەم کارە بباتە سەر و تەنها ئەوەتان لەمن دەوێ کە خزمەتی دوژمنتان نەکەم، وەیا مەبەستتان ئەوەیە دۆستایەتی و فیداکاریی خۆمتان بۆ دەربخەم، ئامادەم ئێستا بەم شەوە بە ماڵ و منداڵەوە سلێمانی بەجێ بێڵم و هەر جێگەیەك کە حکومەتی تورك دەیەوێ لەوێ دانیشم.

٣- هاتوو حکومەتی تورك ئەمەی بەباش زانی و ویستی لەبوونی من لەم وڵاتەدا بە جۆرێکی تر کەڵکی پێ بگا، ئامادەم بە دڵ و بەگیان خزمەتتان بکەم بەو مەرجەی ئەگەر بە عەسکەری و هێزی دەوڵەتیش ماوەتان نەبێ، بە چەك و جبەخانەیەکی زۆر و بە تەواوەتی بڕیاری یارمەتیم بدەن.

٤- ئەگەر هات و ئەمانە هیچیان بە مەسڵەحەت نەزانرا، یا ئەو هێزەتان بەدەستەوە نییە، کە سلێمانی پێ بگرن و ئاسایشی ئەو هەرێمەی پێ ڕاگرن، وەیا توانای ناردنی چەك و جبەخانەشتان نییە، کە بۆ ئەم کارە پێویستە، بە مەرجێك کە خۆتان بەباشی ئەزانن و بڕوام پێ بکەن کە دەڵێم جارێ ئەو هێزە کەم و ناتەواوەتان بکشێننەوە بۆ دواوە بۆ ناو تورکیا و تا دەتوانن خێرا و بە گورجی هێزی تر و چەك و جبەخانەی بخەنە تەك، تا دەگەنە ڕادەیەك، کە دەس بدا بۆ بزووتنەوەیەکی بەڕاست بۆ وەشاندنی چەپۆکێکی زل و بەتین و هەتا ئەو کاتەی ئێوە ئەمانە جێبەجێ دەکەن و ئامادەی بزووتنەوە دەبن، منیش لێرە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بە سەرزاری ڕێك دەکەوم و بەشی خۆم چەك و جبەخانە و پارەیان لێ دەستێنم بۆ ئەوەی لە کاتێکدا هێزەکانی ئێوە لە

سەرەوە بەرەو خوار دێنەوە، منیش بە خۆم و هێزەکانمەوە ڕاست ببمەوە و بەو چەکانەی لەخۆیانم وەرگرتووە بکەومە وێزەیان[1].

دیارە کە ئەم پێشنیازانەی شێخ مەحموود چ کەڵکێکی بۆ مەرامی تورکەکان نییە. بەڵام بێ وەڵامیی تورکەکان ئەوە دەردەخات، کە ئەو لەشکرەی لە ڕەواندز لەبەر دەستیانە، هێزێکی لاواز و لەرزۆکە.

لە هەمان کاتدا شێخ مەحموود توانیبووی لەم ماوەیەدا هێزێکی گەورە بەیەکەوە بنێ.



وێنەی یەکەم یەکەی سەربازیی حکومەتەکەی شێخ مەحموود 
دوای ڕاگەیاندنی شێخ مەحممو وەك مەلیکی کوردستان

سمکۆ بۆ پشتوانیی شێخ مەحموود لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ سەردانی سلێمانیی کرد. ئەو پێشوازییەی سلێمانی لە سمکۆیان کرد، لەو پەڕی شکۆ و گەورەیی دابوو، وەك سەرۆك دەوڵەتێك ڕەفتاریان لە بەرامبەردا

[1] م.ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، ل٣٩٧.

نواند، ئەو ڕۆژە کرابووە پشوو و خەڵکی شار هەمووی هاتبوونە پێشوازی، حەوت گوللە تۆپیان تەقاند، نمایشێکی سەربازی بەبۆنەی هاتنی ئەو سازکرا.[١] ئینگلیزەکان زۆریان مەبەست بوو، سمکۆ لەو ماوەیەدا بتوانێ قەناعەت بە شێخ مەحموود بێنێ پشت لە تورکەکان بکات و گوێڕایەڵی ئینگلیزەکان بکات، بەڵام نەك هەر ئەو داوایەیان بۆ نەچووە سەر، بگرە شێخ مەحموود لەو ماوەیەدا توانیی لە ڕێی ئۆزدەمیرەوە، تورکیا لەگەڵ سمکۆ ئاشت بکاتەوە.[٢] ئینگلیزەکان بوونی تورکەکانیان لە ڕەواندز، بە هۆکاری سەرەکیی کێشەکانیان دەزانی، تەنانەت سەرکێشییەکانی شێخ مەحموودیشیان هەر بەم هۆیەوە دەزانی.



سمکۆی شکاك لە سلێمانی

سەبارەت بە هەڵسوکەوتە نەخوازراوەکانی شێخ مەحموود، ئینگلیزەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە پێویستە ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی شێخ مەحموود ببنەوە و هەڵوێستێکی جدی بنوێنن، ئەوە بوو لە ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ لە بەغدا بە ئامادەبوونی هەر یەك لە (سێر هنری دوبس، بۆردیللۆن،

[١] کرێس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٧٢.

[٢] حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ل١٠٨.

ئـەدمۆنز، موقــەدەم أ.ی. بۆرتــۆن، و.ف. مــاکنیس) کۆبوونــەوە و ئــەنجامی کۆبوونەوەکەیان لە چوار خاڵ دارشت[1]:

١- لە ٢١ی کانوونی دووەم، مەندووبی سامی برووسکەیەك بۆ شـێخ مـەحموود بنێری و داوای هاتنی بکرێت بۆ بەغدا.

٢- ئەگەر شێخ ئەوەی ڕەتکردەوە، لەڕێی هێزی فرۆکەوانییەوە لە ئاسمـانی سلێمانی پەخشەنامە بەسەر شاردا بڵاو بکرێتەوە و تیایـدا لەسـەر کـار لادرانـی شێخ مەحموود ڕابگەیێنـدرێت و مۆڵـەتی پێـنج ڕۆژیـان پێـدەدرێت بـۆ ئـەوەی شێخ و تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی لە بەغدا ئامادەبن.

٣- ناردنی دوو سریە لە کەتیبەی چواردەی سیك، لە ڕێی هێڵی شەمەندەفەر تا (کـەنگربان) و لەوێشـەوە لـە ڕێـی ئاسمانییـەوە بگوازرێنـەوە کـەرکووك، بـۆ ئەوەی پاڵپشتیی هێزە لیڤییەکان بکەن، لە هەر ئەگەرێکی بەرگریی لـەناکاو دژ بە ئینگلیزەکان.

٤- ئەگەر شێخ ڕەتی کردەوە، کە شار بـەجێ بهێڵـێ، ئـەوە هێـزی ئاسمـانی بنکە و بارەگاکانی شێخ مەحموود بۆردومان دەکات.

ئــەدمۆنز کــە یــەکێك بــووە لــە بەشـداربووانی ئــەو کۆبوونەوەیــە، دەڵــێ: ((ڕاسپێردرام، سمکۆ ئاگادار بکەمەوە، کە مەندووبی سامی نێوەندگیریی لەلای دەوڵـەتی ئێـران بـۆ کـردووە و ڕازیـی کـردوون کـە فـەرمانی لێخۆشـبوونی بـۆ دەربکــەن. هانیشــی بــدەم کــە لــە ســلێمانی دەربچــێت))[2] ئــەوە بــوو دوای ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە، لە ٢٨ی شوباتی ١٩٣٢ سمکۆ سلێمانیی جێهێشـت. بەڵام لەجیاتی ئەوەی بچێتەوە ئێران، ڕووی لە تورکیا کرد. لـە گونـدێکی نزیـك پاشقەڵا جێگیربوو.

---

[1] بڕوانە: سی.جی. ادمونز، کورد و ترك و عرب، ص٢٨٣-٢٨٤.

[2] سی.جی. ادمونز، کورد و ترك و عرب، ص ٢٨٤.

ئینگلیزەکـان، کـە ئومێـدێکیان بـە شـێخ مـەحموود نـەمابوو و گەمـەی سیاسیی تورکەکانیش لـە ناوچـەکەدا لـە تەشـەنەدا بـوو، بـەریتانیا بـۆ ئـەوەی خۆی لـە مەترسـییە پێشـبینی نـەکراوەکان بپـارێزێ، پێـی باشـتر بوو((لەگـەڵ کەمالیستەکان دا ڕێك بکەوێ))[1].

لە ٤ی شوباتی ١٩٢٣ئینگلیزەکان توانییان تورکەکان بەوە ڕازی بکـەن، بـۆ درێژەدان بە سیاسەتی ئاشتیانەیان جارێ واز لـە مەسـەلەی موسـڵ بێـنن و لـە کۆبوونەوەکانیان بەردەوام بن.

سەبارەت بە ویلایەتی موسڵیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ماوەی ساڵێك بە مۆڵەت وەربگرن، بەڵکوو بتوانن بگەنە چارەسەرێك، خۆ ئەگـەر لـە مـاوەی ئـەو ساڵە بـەهیچ ئـەنجامێك نەگەیشـتن، ئـەوە کێشـەکە ڕەوانـەی کۆمەڵـەی گـەلان دەکەن بۆ یەکلاکردنەوەی.[2]

ئـەدمۆنز پێـی وایـە ئـەم هـەنگاوەی ئینگلیـز و تورکـەکان، بـۆ لـەگۆڕینی یەکجارەکیی پەیماننامەی سیڤەر و لە گۆڕینی ئەرکی حکومـەتی ئینتـداب بـوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراقدا.[3]

ئەم خۆ داماڵینەی ئینگلیزەکان لەم ئەرکەیاندا، بەئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکەی شاندی ئینگلیزەکان دەردەکەوێت: ((لە مـەڕ کوردسـتان، هاوپـەیمانان ئامـادە دەبن گونجاو لەگەڵ واقیعیەتەکان چەند دەستکارییەك لە پەیمانەکە (سیڤەر)دا بکەن،))[4]، هەرچەندە هێشتا بەشێك لە کوردەکان ئومێدێکیان بـە هاوپـەیمانان مابوو، بەڵام ((نەتەوەپەروەرانی کورد هـەقیان بـوو بـەد گومـان بـن. بـەریتانیا

---

[1] دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٣٧.

[2] سی.جی. ادمونز، کرد و ترک و عرب، ص٢٨٢.

[3] بڕوانە: سی.جی. ادمونز، المصدر السابق، ص ١٨٢.

[4] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

ئێستا ئامادەبوو لە هەر پەیمانێکی دیکەدا، کە چاوی پێدا دەگێڕایەوە، چاو لە هەر ئاماژەکردنێك بە (کوردستانی سەربەخۆ لە ئایندەدا) بپۆشێ))[1].

ئەوەی بۆ بەریتانییەکان زۆر گرنگ بوو، ئەوە بوو ((ئەنقەرە دڵنیای بکا کە واز لە جوولانەوەکانی لە سنووری عێراق بهێنێ))[2].

ئیتر ڕەوشی سیاسی لە تورکیا تەواو لەبەرژەوەندیی تورك و لە دژی کوردەکان وەرچەرخا. هاوپەیمانان ناچاربوون بەرەو مێزی گفتوگۆو بەرەو بەستنی پەیماننامەیەکی دیکە و لەبەرژەوەندیی کەمالیستەکان هەنگاو بنێن، (( لە ئاکامدا هەر یەکە لە ئینگلیز وتورکیا بە چەند ئامانجێك بەرەو کۆنگرەی ئاشتی لۆزان بەڕێ کەوتن))[3]، ئاشکرایە کە ئەم کۆنگرەیە ئەگەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەریش نەبووبێ، بۆ دەستکاریی بەندەکانی بووە و بۆ ڕێگریکردن بووە لە نەتەوەی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. چونکە لەو ماوەیەدا نەتەوەی عەرەب هەنگاوی گەورەیان نابوو، لە دامەزراندنی دەوڵەتەکانیان.

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵ تورکەکان لە دانانی نەخشەیەکی نوێ لە گفتوگۆدابوون و تێبینییەکی زۆریشیان لەسەر شێخ مەحموود بۆ دروست ببوو، لە ٢١ی شوباتی ١٩٢٣، کە هێشتا پێنج مانگ بەسەر پاشایەتیی شێخ مەحمووددا تێنەپەڕیبوو، ئاگادارکردنەوەکیان بۆ شێخ مەحموود ڕەوانەکرد، کە تیایدا هاتووە: ((یان بە هەموو ئەندامانی دەوڵەتەکەیەوە بۆ بەغدا بڕوات و نیاز و مەرامی خۆی ڕوونبکاتەوە، یان لێدەخرێ))[4]. بۆ ڕۆژی دواتر، ٢٢ ی شوبات

---

[1] – دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

[2] – دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پشوو: ل٢٣٤.

[3] محمد سلام: لۆزانی ١٩٢٣ و لۆزانی ١٩٩٠، چاپخانەی کاڵێ، هەولێر- ٢٠٠٠، ل٢٠.

[4] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٩٠.

ئینگلیزەکان بە فڕۆکە بەیاننامەیەك بەسەر شاری سلێمانیدا بڵاودەکەنەوە، کە تیایدا نیازی ئینگلیزەکان دەخاتەڕوو و داوا لە خەڵکی شار دەکات، کە مقاوەت نەکەن، ئەگەرنا شار بۆردمان دەکەن.[1]


ئەدمۆنز

شێخ مەحموود لە نیوە شەوی ٢٤ ی شوباتدا، لە سلێمانییەوە بە تەلەگراف پەیوەندی بە ئەدمۆنزەوە دەکات، کە لە کەرکوکە، بەدرێژایی شەو ئالوگۆڕی برووسکە دەکەن. هەریەك لە شێخ قادر و هەندێك پیاوانی دیکەی نزیك شێخ ئاگاداری بروسکە گۆڕینەوەکەن.

ئەوانەی یاوەری شێخ مەحموود بوون، کە دەبینن ڕاگۆڕینەوەکەی نێوان شێخ و ئەدمۆنز بەرەو بنبەست دەچێت، (بە قسەی ئەدمۆنز) لە جیاتیی شێخ داوای لێبوردن دەکەن و داوای لێدەکەن، کە مۆڵەتێکیان بداتێ. ئەدمۆنز دەڵێ: پێم گوتن، کە دەبێ بە یەك پیت ملکەچی فرمانەکانی مەندوبی سامی بن.[2]

لەو مۆڵەتەدا، شێخ هیچ وەڵامێکی ئینگلیزەکانی نەدایەوە، لە ڕۆژی ٢ ی ئازار ئینگلیزەکان چەند فڕۆکەیەکیان بە مەبەستی بۆدومانکردنی شاری سلێمانی نارد، بەڵام بەهۆی نالەباریی کەش و هەوا، نەیانتوانی کاری بۆردومانەکە ئەنجام بدەن و گەڕانەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر ٣ی ئازار، هەریەك لە شێخ قادر وەك سەرۆك وەزیران و سەرۆکی شاندەکە و مستەفا پاشا (وەزیری مەعارف لە کابینەکەی شێخ

---

[1] کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

[2] بڕوانە: سی.جی. ادمونز، کورد و ترك و عرب، ص٢٨٥.

قادردا)، گەیشتنە کەرکووك بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەدمۆنزدا بگەنە چارەسەرێك. هەر ئەو ڕۆژەبوو کە سلێمانیی تێدا بۆردومان کرا. ئەو شاندە نەگەیشتە هیچ ڕێککەوتنێك سەبارەت بە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق.[1]

بۆ شەوەکەی، مستەفا پاشا داوای کرد لە فەرمانگەی پۆستە و گەیاندن بمێنێتەوە. دیارە مەبەستی ئەوە بووە، شەو بە تەنیا لە ڕێگەی تەلەگرافەوە پەیوەندی بە شێخ مەحموودەوە بکات. ئەدمۆنز لە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژانەیدا دەڵێ: ((کاتژمێر چوار و نیوی شەو ئاگاداریکردمەوە(مەبەستی مستەفا پاشایە) کە شێخ مەحموود لە کاتژمێر دوو و نیوی شەو سلێمانیی بەرەو شوێنێکی نادیار چۆڵکردوە و خەزینە و زۆربەی یەکەکانی لیڤیی لەگەڵ خۆیدا بردووە))[2]

دوای ئەوەی لە ئەنجامی بۆردومانە ئاسمانییەکەی فڕۆکەکانی ئینگلیز، زەرەر و زیانێکی زۆر بەر سلێمانی کەوت، شێخ سلێمانی جێدەهێڵێت و دەچێتە ئەشکەوتی جاسانەی سورداش.[3]

شێخ مەحموود بۆ پاڵپشتێکی دیکە، ناچار بوو داوای یارمەتی لە تورکەکان بکات مانگی نیسانی ١٩٢٣ ئۆزدەمیر لە ڕەواندوز نامەی بۆ شێخ مەحموود نارد ، دوای ماوەیەك ئۆزدەمیر دەگاتە بارەگای جەسانە و لەگەڵ شێخ مەحموود کۆ دەبێتەوە، هەر لەو ڕۆژگارەدا شێخ مەحموود تەقەلای ئەوە دەدات پەیوەندی بە (مستەفا کەمالەوە بکات، لە ڕێگای حەلەبەوە نامەیەکی بۆ دەنێرێت، پێش ئەوەی نامەکە بگات، دەکەوێتە دەست ئینگلیزەکان. نەك

[1] محسن محمد متولی، کرد العراق، ص٢٠٣.

[2] سی. جی. ادمونز، کورد و ترك و عرب، ص٢٨٥.

[3] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٩٠.

هەر ئەو نامەیە، ((شێخ ڕەئوفی شێخ مەحموود لە یاداشتە چاپ نەکراوەکانیدا دەربارەی پەیوەندیی شێخ مەحموود و ئۆزدەمیر ئەو نامانەی کە لە نێوانیاندا ئاڵ و گۆڕ کرابوو دەڵێ: لە کاتی شەڕی جیهانیی دوهەمدا کە (کابتن لاین) مدیری ئیستخباراتی بریتانیا بوو لە شمالی عراقدا، ڕۆژێك لە سلێمانی بۆی گێڕامەوە وتی: ئەو نامانەی کە وەختی خۆی لە نێوانی باوکت و ئۆزدەمیردا ئاڵوگۆڕ دەکران، ئێستە کۆپیی ئەو نامانە لە شەریکەی نەوتی کرکوکدا هەیە و پارێزراوە ... وە پێی وتم ئەو نامانەمان بەهۆی ئەو پۆستە چییەوە دەست دەکەوت کە لە پێشدا نامەکانی دەهێنا بۆ ئێمە و ئێمەش فۆتۆکۆپیمان دەکرد ئەوسا پۆستە چییەکە دەیبرد بۆ لای ئۆزدەمیر، کە هەموو جارێك بۆ هەر نامەیەك (٥٠) روپییەمان دەدا بە پۆستەچییەکە و بەو جۆرە ئاگاداری پەیوەندی و کاروباری باوکت و ئۆزدەمیر دەبووین))[١]. هەرچەندە شێخ رەئوف پێی وایە ئۆزدمیر بۆخۆی وایکردووە نامەکان بکەونە دەست ئینگلیز بۆ ئەوەی شێخ مەحموود ئەو پاڵپشتەی لە ئینگلیزەکانەوە بۆ نەمێنێتەوە و ناچار بێت پشت بە تورکەکانەوە بدات.

ئینگلیزەکان ئێستا بوونی ئۆزدەمیر لە ناوچەکە لە بوونی شێخ مەحموود بە ترسناکتر دەبینن، بڕیاریاندا بەهێز، ناوچەی ڕەواندز بە ئۆزدەمیر چۆڵ بکەن. ئینگلیزەکان دوو تابوور لە دووقۆڵەوە بۆ سەر ڕواندز دەنێرن. ئۆزدەمیر کاتێك چاوی بەو هێزە زۆرە دەکەوێت، بەبێ شەڕ لە ٢٢ ی نیسانی ١٩٢٣ رواندز چۆڵ دەکات.[٢] دوو ڕۆژ دوای چۆلکردنی ڕواندز، گەڕی دووەمی کۆنفرانسی لۆزان لە ٢٤ ی نیسانی ١٩٢٣ دەستی پێکردەوە.

---

[١] م. ر. هاوار:شێخ مەحموودی قارەمان، ل٤١٢.

[٢] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٩١.

شێخ تەها، کە هێشتا ئومێدێکی بە ئینگلیزەکان مابوو، بەوە ڕازی بوو بکرێتە قائمقامی ڕواندز و هەر لەو مانگە (نیسان) دەست بەکار بوو.

دوای گرتنەوەی ڕواندز لەلایەن ئینگلیزەکان، هەواڵی گرتنەوەی شاری سلێمانیش درا. ئەوەبوو لە ٨ی ئایاری ١٩٢٣، ئینگلیزەکان هەندێك بڵاوکراوەیان لە سلێمانی بڵاوکردنەوە، کە هەواڵی گرتنەوەی سلێمانیی تێدا ڕاگەیێندرابوو. دوای چوار ڕۆژ ، دووفەوجی سوپای هیند بە هاوڕێیەتی چەند ئەفسەرێکی ئینگلیز و بەیاوەریی ئەدمۆنز، لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن، لە ١٦ی ئایار بەبێ شەڕ چوونە ناو شاری سلێمانی. بەهاوکاریی شێخ قادر(سەرۆك وەزیرانی پێشوو) و چەند پیاوماقوڵێکی شاری سلێمانی، یەکەیەکی کارگێڕییان دامەزراند، ئەوان ڕازی بوون هاوکاریی ئینگلیزەکان بکەن، بەڵام ئامادەنەبوون گوێڕایەڵی فەرمانەکانی فەیسەڵ بن. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان چوونە سەربارەگای شێخ مەحموود لە ئەشکەوتی جاسانە، شێخ ناچاربوو ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵێت و ڕوو بکاتە ئێران.[1]

شێخ مەحموود، کە تا ئەو ماوەیە هیچ هەنگاوێکی جدیی لە تورکەکانەوە نەدیت، هەوڵیدا لەڕێی ڕووسیای سۆڤێتی، پشتوانییەك بۆ حکومەتەکەی دابین بکات، چونکە نیازی ئەوەی هەبوو بە یەکجاری واز لە سەرپەرشتیاری (وصایە)ئینگلیزەکان بێنێت.[2]

شێخ مەحموود لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣، نامەیەکی دیکەی بۆ کونسوڵی سۆڤیەت نارد، ئەو نامەیە لەو کاتەدا بوو، کە ئینگلیزەکان شاری سلێمانییان داگیر کردبوو، وەك باسمان کرد، شێخ مەحموود پێشتر و لە ٢٠ کانوونی دووەمی ١٩٢٣ نامەیەکی ئاڕاستەی کونسوڵخانەی سۆڤیەت کردبوو. لە

---

[1] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٩٢-٩٣.

[2] ن.لازاریف: مێژووی کوردستان، ل٣٤٦.

نامەی دووەمدا شێخ نووسیویەتی: ((ئێمە دانیشتوانی کوردستانی باشوور لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە داوا لە ئینگلزەکان دەکەین بەوەی وەلآمی داواکاری یە نەتەوەییەکانمان بداتەوە، بەلآم هێزی فرۆکەکانی بەریتانیا بەردەوام ولآتمان وێران دەکات و دانیشتوانەکەی دەکوژێت، تەنانەت ڕێگا نادات بێزاری و سکالآی خۆمان دەربڕین، لە بەرامبەریشدا دەسەلآتدارانی بەریتانی بۆ ماوەی ساڵێکە هەوڵئەدەن بە هاوکاری هێزەکانیان سەرجەم تواناکانیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی کوردستانی باشوور بە زۆر بلکێنن بە عەرەبستانەوە، دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکان هەموو یاساکانیان پێشێل کرد و دایان بە دیواردا بۆیە داوای ناردنی نوێنەرێکی بێ لایەن دەکەین بۆ ئەرکێکی مرۆیی تاوەکو ئەو سیاسەتی چەوسانەوەیە بە چاوی خۆی ببینێت کە ئینگلیزەکان پیادەی دەکەن لەگەڵ ئەو وێرانکارییەی کە ئەنجامیداوە))[1]، شێخ مەحموود پێی وابوو ئەو هەنگاوانەی زۆر بەنهێنی ئەنجام دەدات، لە کاتێکدا ((لە ئینگلیزەکان شاراوە نەبوون و ئاگاداریی وردیان لەسەر هەموو جولانەوەکانی شێخ مەحموود و کوردستانیان دەگەیشتە دەست))[2]

بەهۆی بارگرژیی ناوچەی سلێمانی، شێخ مەحموود، دوای مانگێك لە نامەی دووەم، نامەی سێیەمیشی ئاراستەی دەسەلآتدارانی سۆڤیەت کرد: ((ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فشاری هێزەکانی بەریتانی لە زیادبووندایە، و سەرجەم خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی بۆردومانی هێزەکان و هێرشەکانیان دەبنەوە، نزیکەی ٢٠٠ خێزان لە سلێمانی کۆچیان کرد لە ژێر فشاری هێزەکانی دوژمن، هەروەها دەیانی تر دەستگیرکران و دەستبەجێ ڕەوانەی بەغداد کران، هەروەکو چۆن

---

[1] ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، ل٣٤٩.

[2] فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل٢٦١.

ماڵ و سەروەتێکی زۆر بەتالآن بران، لە ڕاستیدا وڵات تووشی داڕوخان و وێـران بوون بووە. داوای ویژدان و هەست و دادپەروەری مرۆڤایەتی ئێوە دەکـەین لـە دژی ئەم جۆرە ستەمە))[1].

ئەو هـەموو بانگەوازانـەی شـێخ مـەحموود(( بەڵگەیـە لەسـەر ئـەو ناوبانگـە چاکەی کە دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی هەیان بوو لەبەر چاوی تێکۆشـەرانی کـورد، لە هەمان کاتـدا سـادەیی و سـاویلکەیی سیاسـەتی سـەرکردەی کـورد دەخاتـە ڕوو))[2].

هـەر لـەو ئـان و سـاتەدا، کـە تورکیـا لـە ڕووی دبلۆماسـی و سـەربازییەوە ئەوەندە بەهێز ببوو، هیچ هیوایەکی لەبەردەم شۆڕشـگێڕە کوردەکـانی بـاکوور نەهێشتبووەوە، ئەوانیش ئەوەیان بیرهـاتبووەوە کـە ڕوو لـە سـۆڤیەت بکـەن. سەرۆکی لێژنەی ئەرزەڕۆم (عەقید خالد بـەگ جبرانلی،(ئـەم لێژنەیـە لـە ١٩٢٢ دامـەزرابوو) کـە هـیچ ئومێـدێکی بـە بەریتانییـەکان نـەمابوو، لـە سـەروبەندی کۆنگرەی لۆزان، نامەیەکی ئاڕاستەی نوێنـەرانی حکومـەتی سـۆڤیەت کـرد، لـە نامەکەیـدا هـاتووە: ((بڕیـارم داوە ڕووبکەمـە ڕووسـیای سـۆڤیەتی بـۆ بـەجێ هێنانی ئامانجەکانم بە هاوکاری ڕووسیا و جەخت کردنەوە لەسـەر دامەزرانـدنی کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر چاودێری ڕوسی))[3].

نوێنەرەکانی ئەرزەڕۆم و بەدلیسـیش لـەلای خۆیانـەوە، یاداشـتێکیان دایـە ڕووسەکان ((ئەوەی گومانی تێدا نیە، کە حکومەتی سۆڤیەتی خـۆی پـارێزەری بەرژەوەندییەکانی هەموو چین و گەلە چەوساوەکانە و گرنگی بـە چارەنووسـی گەلان ئەدات، ئێمە هیوامان وابوو لە پێشدا پارێزگاریمان بکردایە لـە یـەکڕیزیی

---

[1] ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، ل٣٤٩.

[2] ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٠

[3] ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.

خۆمـان لـە نێـو تورکیـادا دوای بەرپەرچـدانەوەی هێرشـە ئیمپریالییـەکان، پاشانیش کێشەی کوردمان چارەسەر بکردایە، بەڵام هیوامـان نـەماوە، چـونکە تورکیـا ڕێککـەوتووە لەسـەر ئـەوەی کـە شـاری موسـڵ بـدات بـە بـەریتانیا، تورکیاش بەهۆی پابەندبوونی بە هێزە شۆفێنییەکانی ئامادە نییە دان بنێت بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان))[١]. نابێ ئەوەمان لەبەرچاو نـەبێت کـە سۆڤیەت پەیوەندییـەکی دۆسـتانەی لەگـەڵ دەوڵـەتی تورکیـای کەمالیـدا هـەبوو و کەمالییەکانیش دوژمنێکی سەرسەختی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەکان بوون لـە هەر ناوچەیەکی کوردستان بووبێت.

ئەو گوڕو تینەی کوردەکان بۆ داواکردنی پشتوانیی سۆڤیەت لـەو کاتـەدا بـوو، کـە سـۆڤیەت لەبـەر ڕۆشـنایی بەڵێنەکانی لینین، لە نێوخاکی خۆیدا، لە جێبەجێکردنی پلانـی دامەزرانـدنی کوردسـتانی سـوور بوو.هەرچـەندە ماوەیـەکی زۆر بەسـەر شۆڕشـی ئۆکتۆبەردا تێپەڕی بوو و زۆربەی گەل و کەمـە نەتەوایەتییـەکانی دیکـە، لەسـایەی تێڕوانینـی شـۆڕش بـە مافەکانی خۆیان گەیشتبوون.



لینین

هۆکاری دوا کەوتنی کورد بە گەیشتن بە مافـە نەتەوەییـەکانی لـە ڕووسـیا، بـەهۆی ئـەوەبوو، کـە ناوچـە کوردنشـینەکان کەوتبوونـە سـنووری هـەردوو دەوڵەتی ئازەربایجان و ئەرمینیا.

[١] ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٠.

کوردەکـانی سـۆڤیەت وەك کـوردی ناوچـەکانی دیکـە ڕاپـەڕین و شۆڕشـی چەکدارییان نـەبوو، بـەڵام ئـەوانیش لـە کـاتی شۆڕشـدا بـەڵێنی سـەربەخۆییان پێدرابوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕش کوردەکانی سۆڤیەت وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە داوای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەیان لە سەرانی سۆڤیەت کرد.




نەخشەی کوردستانی سوور

ڕاگەیانـدنی کوردسـتانی سـوور وەك ناوچـەیەکی ئۆتۆنۆمیـدار، لـە تـەمووزی ۱۹۲۳، لەکاتێکدا بوو، کە لـە پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی

تورکیــا و ئێــران و عێــراق و ســووریا، کوردەکــان ئومێــدێکی ئــەوتۆیان بــە دەوڵەتەکانیان نەمابوو بۆ دانانان بە مافی نەتەوەیی.

نامەکانی شێخ مەحموودیش بۆ سۆڤیەتییەکان هـیچ بەرهـەمێکی نـەبوو، بـەڵام ئینگلیزەکان لەبەر نەبوونی کەسایەتییەکی کورد، کە بتوانێ پارسەنگی هێز لە سلێمانی بەرامبـەر بـە شـێخ مـەحموود هاوسـەنگ بکـات، هێزەکـانی خـۆی لـە سلێمانی کشاندەوە. هێزە عێراقییەکانیش نەیانتوانی ئەو کەلێنە پڕ بکەنـەوە، بۆیە جارێکی دیکـە دەرفـەت بـۆ شـێخ مـەحموود ڕەخسـا، لـە ١١ی تـەمووزی ١٩٢٣ بگەڕێتەوە سلێمانی. بەڵام ئینگلیزەکان زۆربەی ناوچەکانی وەك ڕانیە و قەڵادزێ و چەمچەماڵ و هەڵەبجە و قەرەداغیان لە سلێمانی دابڕیبـوو. ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی کە کێشـە لـە ناوچـەکەدا تەشـەنە بکـات و شـەڕو مـاڵوێرانی بەدوای خۆیدا بهێنێ، کە ئەو ڕووداوانە دەکەونە دوای پەیماننامەی لۆزان، کـە لە ٢٤ ی تەمووزی ١٩٢٣ مۆرکرا.

ئەوەی مابووەوە کوردستانی سوور بوو، پایتەختەکـەی (لاچـین) و چـەند ناوچـانەیەکی وەك: (کەلبـەژار، لاچـین، لاتشـینکی، قوبـادلی، کۆیادلینسـکی، بەشێکی هەرێمی دەجەربەرال)ی لەخۆ گرتبوو.[1]

شۆڕش و ڕاپەڕینـە کوردییـەکان لـە بـاکووری کوردسـتان لـەژێر هەڕەشـەی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دڕندانە و زەبری هێزی سوپای کەمالییەکاندابوون .

هاوپـەیمانان دەیـانزانی کوردەکـان نایانهـەوێ لـە گـەڵ دەوڵـەتی تورکیـدا بمێننەوە، بۆیە داوایان لە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکی کرد، کەوا لەم بارەیەوە بەرچاوڕوونییان بکات و ئەو پرسە ڕوون بکاتـەوە. بۆ ئـەو مەبەسـتە ((مستەفا کەمال کۆبوونەوەیـەکی نهێنیـی لەگـەڵ نوێنـەرانی کـورد کـرد و لـەو

---

[1] زیبا نظمي ڕەشید بێشوونی، کوردستانی سوور و کـورد لـە یـەکێتی سـۆڤیەت، چـاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٩.

بارەوە داوای وەڵامی لێکردبوون))[1]. لە گێڕانەوەی ئەم ڕۆژانەدا و لە وەڵامی مستفا کەمالدا، لەسەر زاری (حەسەن خەیری)[2] یەوە هاتووە:

((دەستم بە قسە کرد و گوتم: بەهیچ جۆرێ کورد نایەوێ لە تورکان جودا بێتەوە، هەروەها هەوڵیشم دا ئەو قسانەم لە لایەن حەزرەتی موعاوییە بە ژمارەی ڕووداوەکان لە مێژوودا بەڕاست بخەم و باوەڕی پێ بێنم. مستەفا کەمال ئەو قسانەی منی زۆر پێ خۆش بوو و لە خۆشییان پێی لە زەوی دەدا و چەپڵەی بۆ لێدەدام و ڕۆژی پاشتر تکای لەمن کرد، کە بە بەرگی کوردییەوە بچمە ئەنجوومەن))[3].



حەسەن خەیری

ئەوەبوو (٧٢) نوێنەری کورد لەئەنجومەنی گەورەی نەتەوەی یاداشتێکیان بۆ ڕێکخەرانی کۆنفرانسی لۆزان نووسی و تیایدا ئەوەیان ڕوونکردەوە، کە

---

١ د. نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل٢٢١.

٢ نوێنەری دەرسیم بووە لە یەکەمین ئەنجوومەنی گەورەی نەتەوەیی لە تورکیا، لە سەرۆکەکانی خێڵی کەرەباڵ بووە، لە ساڵی ١٩٢٥ بە فەرمانی مستەفا کەمال دەستگیر دەکرێ و لە سێدارە دەدرێ.

٣ بۆ درێژەی بابەتەکە بڕوانە: د. نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل٢٢١.

کوردەکان نایانەوێ لە تورکەکان جودا ببنەوە[1]. ئەو وەڵامە بۆ هاوپەیمانان بەس بوو بۆ ئەوەی لەبەردەم مێژوودا ئۆباڵی ئەو پرسە بەم داوایەی کوردەکان خۆیان ببەستنەوە.

لەو پەیماننامەیەدا، ناوی (کورد) نەهاتووە، ئەوە نەبێ وەك کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە ((بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە مافی ڕۆشنبیری و دینی کراوە، ئەو ماف و ئەرکانە لە پێنج بەندی لۆزان بە ژمارە ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤٤ ئاماژەیان پێکراوە)) لایەنی تورکییش بەڵێن دەدات، کە هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئەو مافانەیان هەیە، کە لەو بەندانەدا بۆیان دیاری کراوە.



واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان

هەرچەندە تورکیا لە سەرەتا وای نیشاندا بەم بەندانە ڕازییە، بەڵام دواتر نەك هەر جێبەجێی نەکردن، بەڵکو بە فەرمی ئەو مافانەی قەدەغە کردن.

١ د. ابراهیم الداقوقی، اکراد ترکیا، ص١٧٧.

# پوختەی خوێندنەوە

لە ئەنجامی خوێندنەوەی سەرچاوەگەلێك و هەوڵدان بۆ خستنەڕووی قۆناغێکی دیاریکراو، ڕووبەڕووی چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز بووینەوە، بێگومان وەك هەر مێژوویەکی دیکە، ئەم مێژووەش بەپێی تێڕوانین و تێگەیشتن و تەنانەت بەرژەوەندیش، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە و دواتریش بەو شێوەیە تۆمارکراوە، کە نووسەر مەبەستی بووە. هەندێك لە نووسەرە کوردەکانیش لەم ڕووەوە جیاوازییان نەبووە. ڕەنگە هەمووما‌ن لە ئاست ئەو ڕاستییە هاوڕابین، کە قۆناغی دوای پەیماننامەی سیڤەر و تا لەباربردنی لە پەیماننامەی لۆزاندا، بە قۆناغێکی هەرە زێڕین لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەژماربکەین، چونکە یەکەمین پەیماننامەی نێودەوڵەتییە، کە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی دابێت.

پەیماننامەی سیڤەر تایبەت نییە بە دۆزی کورد بەتەنها، بەڵام کوردەکان بێ بەهرەترین نەتەوەبوون، هیچ سوودێکیان لەو برگەو بابەتانە پێنەگەیشت، کە بۆ دۆزی ئەوان تایبەت کرابوون.

دیارە کە ئەوەش بێ هۆکار نییە.. هەندێك لە نووسەرە کوردەکان و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕای گشتیی کوردی، هۆکارەکەی دەخەنە مل هاوپەیمانە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەتایبەتیش بەریتانیا، کە ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەبوو لە ناوچەکەدا.بەوەی کوردی کردۆتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی و کوردی وەك کارتی فشار بەکارهێناوە و بە ئاسانی پشتی تێکردووە، لە کاتێکدا کورد لەهەموو لایەنەکانی دیکە گوێڕایەڵتر و دلسۆزتر و فیداکارانەتر لە مەیدان بووە.

لێرەدا، دەمانەوێ پوختەی خوێندنەوە، لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە، کە وەك ئەنجامی توێژینەوەکە، کە پێی گەیشتووین:

١- سەرکردە کوردەکان سەرۆك هۆزن، یان سەرکردەی تاقم و تەریقەتێکن، پشتیان بە پێگەی عەشایەری یان ئاینی بەستووە. خاوەن ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری، یان نیشتمانی نەبوون، خۆیان خاوەن بڕیاری یەکەم و کۆتایی بوون، چەندین نموونەی ئەو بڕیارە خێرا و تاکەکەسیانە لە نێو باسەکەدا بەرچاو دەکەون.

٢- کورد وەك نەتەوە، هەستی موسڵمانێتیی لە هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بووە، بە پێچەوانەی ئەو، دەوروبەرەکەی موسڵمانێتییان بۆ گەیشتن بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان بەکار هێناوە. کورد هەستی بەمە کردووە، بەڵام خۆشباوەڕی و گیانی لێبوردەیی و لەبیربردنەوەی ئەوەندە گەورەبووە، کە چەندین جار کەوتۆتەوە هەمان چاڵ.

٣- پارچە پارچەیی خاکی کوردستان و بوونی زلهێزی جۆراوجۆر لە ناوچەکەدا، سەرکردە کوردەکانی تووشی سەرلێشێوانکردووە، چونکە هەردەم پێیانوابووە بۆ خۆپاراستن لەوانی دیکە، دەبێ پاڵ بە یەکێکیان بدات، ئەمەش بێ متمانەی و بێ هێزیی لە بەرامبەر خوددا دروستکردووە.

٤- نەبوونی چەك و جبەخانە و پێداویستییەکانی شەڕکردن، سەرکردەی بزاڤە ڕزگاریخوازە کوردییەکانیان دوچاری دامێنگیریی دوژمنانێك کردووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنێکی دیکە.

ئەگەر لە دانوستان و دامێنگیرییەکانیاندا، سەرنج لە مەرج و داواکاریی سەرکردەکانی کورد بدەین، چەك و جیەخانە و پارە، داواکاریی سەرەکییان بووە. ئەوەی خۆی هەیبووە وەك کەرستەی شەڕ، تەنها لاوی فیداکار بووە.

٥- بزاڤە کوردییەکان هێندەی بزاڤی سەربازی بوون، هێندە بزاڤی دیپلۆماسی نەبوون، عەقڵیەتی سەرکردەکانیش هێندەی شەڕ و کوشتاری بە ڕێگاچارە بینیوە، نەخشەی بۆ دوای شەڕەکان نەبووە، چەندین سەرکەوتنی

گـەورەی سـەربازیی کوردەکـان لـە نێـو باسـەکە دەبیـنین، بـەڵام هـەموو سەرکەوتنەکان بە سووك و ئاسانی لەدەست دەرچوون.

٦- ناتەبایی و یەکدی نەخوێندنـەوەی سـەرکردەکان، کاریگەرییـەکی خراپـی لەسەر یەکڕیزی و تەبایی نەتەوەیی دروستکردووە، لەو بارودۆخە هەستیارەدا، هەولێك شك نابەین سەرکردە کوردەکان بۆ دروستکردنی دەوڵـەتی کوردسـتانی گەورە و لەسەر تەواوی خاکی کوردستان، کۆ بکاتەوە. ئەو ناتەباییە، دەرفەتی ئەوەشـی نـەداوە کـۆتی داگیرکـاریی پاشـکۆبوون لـە ملـی خۆیـان بکەنـەوە. (هۆلـەر) وتەیـەکی هەیـە، دەڵـێ: (کوردەکـان وەك پەلکەزێڕینـە، هـەموو ڕەنگێکیان هەیە).

٧- ئـەو کەسـە ئەوروپییانـەی ڕاسـتەوخۆ مامەڵـەیان لەگـەڵ سـەرکردە کوردەکـان و لەگـەڵ دۆزی کـورد کـردووە، بەچـاوێکی ڕۆژهەڵاتییانـە خوێندنەوەیان بۆ کردوون، ئەمەش وایکردوە، هەردەم بەرامبەرەکانیان بە بێ هێز و لاواز و ناشایستە بزانن و متمانەیان پێ نەکەن. خوێندنەوەی پێچـەوانەی کوردەکانیش بۆ ڕۆژئاواییەکان، هێندەی دیکە، ئەو متمانەیەی لەبار بردووە.

٨- داگیرکەرانی خاکی کوردستان، هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی بە تایبـەتی بـەریتانیا، هـیچ لاریـی لـە دروسـتبوونی دەوڵـەتی کـوردی نـەبووە، بـەڵکو خواسـتێکی ڕاسـتەقینەی بـووە، ئەمـەش لـە بەنـدەکانی پەیماننمـەی سـیڤەر دەردەکەوێت، کە تورکیا ناچار دەکەن بەهەنگاونان بەرەو بـە دەوڵـەت بـوونی کـوردی ڕازی ببێـت. بـەڵام لـەوەش سڵی نەکردۆتـەوە لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی پشت لەو خواستی بکات.

٩- کورد هیچ گەمەیەکی سیاسیی لەگەڵ ئەو لایەنانەشدا نەکرد، کە گەمەیان پێکردبوو، کورد هێندەی بە قەول و قەرار و قسـەکانی پەیوەسـت بـوو، هێنـدە بیری لەو هەموو هەڵانە نە دەکردەوە، کـە دووبـارەی دەکردنـەوە. ئـەو هـەموو

گفــت و بــەڵێن و برایــەتی و موســڵمانەتییە ســاختەی تورکــە عوسمــانی و کەمالییــەکان بەرامبــەر ســەرکردەکانی کوردســتانی بــاکوور، پەنــدێکی بــە سەرکردە کوردییەکانی دەرەوەی سنووری تورکیا نەدا .

١٠- سەرانی کورد لە داواکردنی پشتوانیی زلهێزەکان، یەك کلێشەیان هەبووە، بە هەمان داڕشتنە سادە و ساکارەکە، هەر جارەی پێشکەش بە لایەنێك کراوە، کە لەبەرامبەر هاوکاری و پشتوانییەکانیان ئەوان بەدڵی ئەوان ڕەفتار دەکەن و دژایەتیی نەیارەکانیان دەکەن. کە ئەمە بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە کورد ناتوانێ تەوقی دیلی لە ملی خۆی دابماڵێ.

١١- کـورد لەگـەڵ گـۆڕان و پێشـهاتەکان، گـۆڕان بەسـەر بیرکردنـەوە و عەقڵیـەتی سیاسـییان نـەهاتووە، بۆنموونـە هــەوڵی ڕێککــەوتن لەگــەڵ ئەرمەنییـەکان لەبـەر پێشـینەیەکی مێـژووی و جیـاوازیی ئـایینی، سـەرکەوتوو نەبوو. ئەو کەللە ڕەقییە لـە زۆر هەڵوێسـتدا کـەلێنی گـەورەی خسـتۆتە نێـوان هەنگاوە سیاسییەکان.

١٢- هەندێك لە سەرکردەی بزاڤە نەتەوەییـەکان، سـەرکردەی سـەربازی و لـە پێشـەوەی شـەڕەکان بـوون، دەوڵـەت لـە دیـدی ئـەوان ئـەو خاکـەبوو، کـە لـە ژێردەستیاندابوو، یان هەوڵی فراوانکردنیان دەدا، بەبێ ئەوەی پێشبینی ئەوە بکـەن، بـە پیلانێـك، بـە خیانـەتێك، بـە لەشکرکێشـییەك لـە شـەو و ڕۆژێکـدا لەچنگیان دەردێت.

١٣- ئەگەرچی سەرانی کورد خەتابارن کە نەیانتوانیوە یەکدی قبـووڵ بکـەن، هاوپەیمانانیش، بەتایبـەتی ئینگلیزەکـان خـەتابارن، کـە هـەردەم هەوڵیانـداوە شوێن بۆ گیانی هۆزایەتی و ناوچەگەری بەرفرە بکەن. بەو واتایەی پشتی ئـەو کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرانەیان نەگرت، کە کۆمەڵە و یانەی سیاسییان بۆ

پرسی سەربەخۆیی دامەزراندبوو. پێیان وابوو کە ئەوان (زیاتر حەزیان لەوەبووە مەدحی خۆیان بکەن و بایەخ و نفووزی خۆیان گەورە بکەن).

١٤- مافی نەتەوەیی لەدیدی کورد، ئەو بایەخە نەتەوەییەی نییە و ئامانجی دەستەبەرکردنی ئەو مافەیان، داوەتە دەست قەدەر، بۆ هەندێکیان مەفهوومی دەوڵەت و خودموختاری جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە، کە لەوپەڕی هێز و فراوانخوازیشدا بووە، بەرنامەیەکی ڕوون و دیاری نەبووە[1].

١٥- وێناکردنی کەسی کورد، وەك ڕۆژهەڵاتییەکی (کۆچەریی شەڕکەر، موسڵمانی نەخوێندەوار و توند، کۆمەڵێکی سادە و سەرەتایی و کێوی ، نەبوونی زیرەکی، ... تد، وایکردوە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیشدا جێی متمانە نەبن، تەنانەت خوێندنەوەی نەرێنیی ئەوروپییەکان بۆ کەسێکی وەك (شەریف پاشا) کە کوردەکان ئێستاش بە ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی دەزانن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.[2]

---

[1] لەو کاتانەی سمکۆ ناوچەیەکی فراوانی لە خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەبەر دەستە و لەو پەڕی هێز و توانادایە، مستەفا پاشا سەبارەت بە پرسی دەوڵەت لێی دەپرسێ، کە ئایا =ڕێکخراوێکی هەیە؟ بە تەمایە چۆن ئەو ناوچانەی ژێردەستی خۆی بەڕێوە ببات!،بۆچی ئالأیەکی نییە؟! لە وەڵامدا سمکۆ پێی وتووە، کە لە حاڵی حازردا ڕێکخراوێکی نییە و یەك تاکە، جارێ تەنها بیری لای ڕزگارکردنی خاکە و پێویستیی بە ئالأ و ئەو جۆرە شتانەش نییە. بڕوانە: کریس کۆژێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٦٥.

[2] بۆ ئەوەی خوێنەر تێڕوانینی ئەوروپییەکان بۆ (شەریف پاشا) بزانێ، چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو: (ئەم پیاوە زۆر پابەندی بیر و باوەڕ نەبوو، لە پێناوی پێشکەوتنی خۆیدا هەموو باوەڕێکی وەلاوە دەنا)، (شەریف پاشا نەجیمزادەیەکی عەیار بیست و چوار بوو، پیاوێکی ئیسڕاحەتخواز بوو، ڕمودەی شامپانی و شەویانان بوو، شەیدای ژیانی خۆش بوو، بە ڕواڵەت پارەیەکی زۆری هەبوو)، (ئەم کابرایە بەهۆی جل و بەرگە عەنتیکەکەیەوە،

١٦- نەبوونی کەسایەتییکی ناسراوی کورد، کە بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو هۆز و بەشەکانی کوردستان بکات، بەو مانایەی هەموو لایەك پێی ڕازی بن . ئەمە یەکێکە لەو خاڵە لاوازانەی، کە بەریتانییەکان، پاساوی دروست نەکردنی دەوڵەتی کوردیی پێ دەدەنەوە.

١٧- سەرکردە کوردەکان، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ زلهێزەکان و وڵاتانی دەوروبەر، بەرچاوڕوونی و پلانێکی پێشوەختەی دارێژراویان نەبووە، بۆیە دوای بڕینی ڕێگایەکی دوور، هەستیان بە گرتنەبەری ڕێگایەکی هەڵەکردووە و نەیانتوانیوە تاسەر متمانەیان بە لایەنێك هەبێت. بەبێ ئەوەی پەند لە هەڵەکانی وەربگرێ، بەهەمان شێوە، ڕێچکەیەکی دیکەی گرتووە. تەنانەت هەندێکجار لەیەك کاتدا هەوڵی داوە دوو ڕێچکە بەیەکەوە ببڕێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت.

١٨- هەندێك لە سەرکردە کوردەکان، دوای گەیشتنیان بە پلە و پایە و پارە، پێگە عەشایەری و ئاینییەکەی خۆیان خستۆتە خزمەت دوژمنانی کورد، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، زیانێکی زۆر گەورەی مێژووییان بە چارەنووسی نەتەوەکەیان گەیاندووە.

١٩- بزاڤی ڕزگاریی نەتەوەیی لەم قۆناغەی ئێمە باسمانکردووە، لە کوردستانی ڕۆژئاوا، زۆر لاواز بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: فەڕەنسییەکان، بەراورد بە ئینگلیزەکان، هەر لە سەرەتاوە مەیلی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییان نەبووە.

٢٠- بەرژەوەندیی بەریتانیا لەناوچەکە بە پلەی یەکەم (مەسەلەی نەوت) بوو، بۆیە هەوڵیدا هەموو تواناکانی خۆی لەپاراستنی میزۆپوتامیا چڕبکاتەوە، نەوت

---

لەنێوان ترکاندا بە (شەریف کلاّو خوار ناسراوە، پیاوێکی یەکجار شۆرەت و پارە خوازە).

بڕانە:کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، ل٣٣.

بۆ فەرەنسییەکان و بۆ ئەمریکییەکانیش ببوە مەسەلەیەکی گرنگ و مرخی خۆیانیان لێ خۆش کردبوو، تورکیا نەیدەویست دەستبەرداری ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەند بە نەوت بێت، بەریتانیاش ئامادەبوو لە پێناوی هێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ هەموو کارێك بکات، کە تورکیا دوور بخاتەوە. ئەوەی لێرە جێی پرسیارە، بۆچی بەریتانیا لە جیاتی دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی، کاری بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی نەدەکرد؟!، لە کاتێکدا نەوت لە نێو خاکی کوردەکاندابوو، گومانی تێدا نییە، کە بەریتانیا دەیزانی ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکان ئاسانتر و پڕ داهات ترە سەبارەت بە مەسەلەی نەوت. بەڵام ئەوەی بەریتانیای ناچار دەکرد پشت لە کوردەکان بکات و تێکەڵ بە عێراقێکی عەرەبییان بکات، تورکیا بوو، تورکیا کە تا ڕادەیەك دەستی بەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕادەگەیشت، نەیدەویست بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە بەشێکی کوردستان، بزاڤی کوردەکانی تورکیا گوڕ و تینێکی بەبەردا بێتەوە، فەرەنسا لە سوریا و ڕەزاشای ئێرانیش بەهەمان شێوە دروستبوونی دەوڵەتی کوردییان بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دەزانی لەسەر ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

تورکیا لە گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بێ ئومێد بوو، بەڵام لە دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی پشت ئەستوور بوو. کوردەکانیش لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان لەو ماوەیەدا نەیانتوانی بگەنە ئەو ئامانجەی، کە پێشتر قوربانییەکی زۆریان بۆ دابوو.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:

### کتێب

١- ئـەکرەم جـەمیل پاشـا، کورتـەی ژیـانم، و: فـەیزوڵڵا بـرایم خـان و بـەرزان وەهاب، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر، چ٣، دیاربەکر، ٢٠٠٧.

٢- جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، و: حەسەن جاف، بەشـی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٩.

٣- حاجی قادری کۆیی: دیوان، ئا:سەرداررحمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لەچاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانـی ناوچـەی کوردسـتان، هەولێر، ١٩٨٦.

٤- حسـین مـەدەنی، کوردسـتان و سـتراتیژی دەوڵـەتان، بـەرگی دووەم، لـە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥- د. سـعدی عوسمـان: بزاڤـی ڕزگـاریخوازی کوردی،دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر ـ ٢٠٠٦.

٦- دبلیـو ئـار هـەی: دووسـاڵ لـە کوردسـتان، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.

٧- دیڤیـد کـۆرن: بێرسـی کـۆکس ز ئەرنۆڵـد تـی ویلسـۆن، ئـەو دوو پیـاوەی کوردیـان بـە عێراقـەوە بەسـت، و:محەمـەد سـاڵح سـەعید،دەزگای خـاك، چ١، سلێمانی، ٢٠١٣.

٨- دیڤیـد ماکـداول، مێـژووی هاوچـەرخی کـورد، و:ئەبوبـەکر خۆشـناو،چ٢، سلێمانی ١٩٩٩.

٩- رفیق حلمی: یاداشتەکانی رفیق حلمی ـ کوردستان و شۆڕشەکەی، بەرگی٥، چ٢، بغداد ـ ١٩٨٩.

١٠- زیبـا نظمـی ڕەشـید بێشـوونی، کوردسـتانی سـوور و کـورد لـە یەمیـەتی سۆڤیەت، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥.

١١- سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی سارد (١٩١٤ ـ ١٩٩١)، لە بلاوکراوەکانی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٢- سلام ناوخۆش، دۆزی کورد لە نێوان بەرداشی مارکسیەت و دیموکراسیەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

١٣- د.نوری دەرسیمی: دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، و: د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چ ١، هەولێر ـ ٢٠٠١.

١٤- فاتح رەسولْ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٥.

١٥- کەمال مەزهەر: کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی:عەبدوللا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چ٢ ٢٠٠٩.

١٦- کرێس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نوزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

١٧- م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان دەولەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگ٢، لەندەن، ١٩٩١.

١٨- مایکلْ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاک، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٩- محمد سلام: لۆزانی ١٩٢٣ و لۆزانی ١٩٩٠، کوردستان، ٢٠٠٠.

٢٠- م. س. لازاریف، کێشەی کورد، و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، لەبلاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

٢١- ن.لازاریف: مێژووی کوردستان، و:وشیار عبدوللا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠٠٨.

٢٢- صالح مەلا عومەر، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لـە کوردسـتانی عێراقـدا، و: سلێمان تاشان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٣- یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گـەلی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم، سلێکانی، ٢٠٠٧.

**گۆڤارەکان:**

٢٤- ژار موحەمەد زەردیخان: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەردەمی یەکـەمین شـەڕی جیهانیـدا، و: د.شـەماڵ حـەوێزی، گۆڤـاری (ئـەکادیمی)، ژ(٢٦) ساڵی ٢٠١٣.
٢٥- م. خەلیل مستەفا ئۆسمان: هەلوێستێ ئارنۆلد ویلسونی ژ کێشەیا کـوردی، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژ(٨) ساڵی ٢٠٠٨.

**نامەی ئەکادیمی:**

٢٦- عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە (جەمعیـەت) و حزبـە کوردییـەکان و کاریگـەرییان لـە جوڵانـەوەی رزگـاریخوازیی نەتەوەیی کوردیدا (١٩١٩-١٩٤٥). نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێـژی ئەدەبیات، هەولێر ٢٠١٣.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**الكتب**

٢٧- ارشاك سافراستيان، الكرد و كردستان، ت: الدكتور احمد محمود خليـل، دار سردم للطباعة والنشر، ط٢، سليمانية، ٢٠٠٨.
٢٨- جليلـى جليـل، م.س. لازاريـف، م.أ. حسـرتيان، شـاكرو محويـان، أولغـا جيغالينـا، الحركـة الكورديـة في العصـر الحـديث، ت: د. عبـدى حـاجي، مؤسسـة موكرياني للبحوث والنشر، الطبعة الثانية، دهوك، ٢٠١٢.

٢٩- د. ابراهيم الداقوقي، اكراد تركيا، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الاولى، سورية، ٢٠٠٣.

٣٠- د. بلەچ شير كوه، القضية الكردية، ماضي الكرد و حاضرهم، دار اراس للطباعة والنشر،الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠١١.

٣١- د.كمال مظهر: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، دار اراس للطباعة والنشر، الطبعة الثالثة، اربيل، ٢٠١٣.

٣٢- د.كمال مظهر: كركوك و توابعها حكم التأريخ و الضمير، ج/١، مطبعة رينوين، سنة ـ .

٣٣- الدكتور على الصلابى: الدولة العثمانية عوامل النهوض و أسباب السقوط، دار الاندلس الجديدة للنشر والتوزيع، ظ/١، ٢٠٠٩.

٣٤- ديفيد ماكدووال، الكورد شعب أنكر عليه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠١٢.

٣٥- روبرت أولسن، المسألة الكردية في العلاقات التركية ـ الايرانية، ت: محمد احسان روضان، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١.

٣٦- سى. جى. ادمونز، كرد و ترك و عرب، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، ط/٢، اربيل ، ١٩٩٩.

٣٧- علي صالح ميرانى: الحركة القومية الكوردية في كوردستان ـ سوريا، دار سپيريز للطباعة والنشر، ظ/١، دهوك/ ٢٠٠٤.

٣٨- ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق، ط٢، بغداد ١٩٧٥.

٣٩- مالميسانژ: بدرخانيو جزيرة بوتان و محاضر اجتماعات جمعية العائلة البدرخانية،ت: شوكر مصطفى، مطبعة وزارة الثقافة ـ اربيل، ١٩٩٨

٤٠- محسن محمد متولي، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، دار العربية للموسوعات، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠٠١.

٤١- نبيل زكي، الاكراد الاساطير و الثورات و الحروب، مطبوعات كتاب اليوم، ١٩٩١.

## المجلات:

٤٢- م.م نيبار بديع عبدالعزيز: دور بريطانيا فى الاحداث الداخلية فى ايران (١٩٢١ ـ ١٩٢٥)، مجلة (زانكوى كويه)، عدد(٣١) سنة ٢٠١٤، ص/٣١٣.

٤٣- وليدة حسن، معاهدة لوزان و تأثيرها على الكرد و منطقة شرق الاوسط، المركز الكردي للدراسات، ٢٠١٨.

٤٤- د. اسماعيل حصاف: العلاقة الكوردية ـ الارمنية (في ضوء المصادر الروسية و الارمنية)، مجلة (الاكاديمي) عدد(٩) سنة ٢٠٠٨.

## ئیندێکسی کەسەکان

ئـ

ئەحمەد بەرزنجی ٢٦، ٨٨

ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ ٨٨

ئەحمەد تەقی ٨٣

ئەحمەد عوسمان ١٥

ئـــەدمۆنز ٧٦، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥

ئەرنۆڵد ویڵسۆن ٢٢، ٢٣، ٦٥

ئەکرەم جەمیل پاشا ٣٠

ئەمین عالی بەدرخان ٢٣، ٢٥

ئەمین مەعلوف ٧٨

ئەوادیس ئەوغانجانیان ٣١، ٣٢

ئۆزدەمیر٩٠، ٩٥، ٩٨، ١٠٣، ١٠٤

ئیـبراهیم (شـێخ الاسـلام حەیـدەری زادە) ٢٣

ب

بابکوك ٧٢

بوغوس نۆبار ٣١، ٣٢، ٣٤

بیکۆ ١٨

ت

تەها (شێخ تەهای نەهری) ٥٣، ٥٧، ٨٥، ٩٠، ٩١، ١٠٥

ج

جەمال پاشا ١٦، ١٧

ح

حەسەن خەیری ١١٠، ١١١

حەمدی پاشا ٢٥

خ

خەلیل بەدرخان ٧٧

چ

چەرچڵ ٧٢، ٧٣،٧٤، ٧٥، ٧٦، ٨٠

ر

ڕەزا (سەید ڕەزا) ٦٢

ڕەزاخان ٨٤، ١١٩

ڕەشید کابان ٢٦

س

سازانۆف ١٧، ١٨

ساڵح بەگ حوسنی ٢٥

سایکس ١٨، ٢٢

ســـەعید (مەلاســـەعید کـــەرکووکی زادە) ٨٨

سەلیم (مەلاسەلیم) ١٦

سمکۆی شکاک ٤٤، ٥٣، ٧٦، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٩٠، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١١٦، ١١٧
سورەیا بەدرخان ٤٨

## ش

شەریف پاشا ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٥٥، ١١٧

## ع

عادل بەگ ماردینی ٢٥، ٢٦
عارف پاشا ماردینی ٢٧، ٢٨
عالی شان ٦٢
عەبدولڕەحمان پاشا ١٥
عەبدولسەلام (شێخ عەبدولسەلام بارزانی ١٦
عەبدولکەریم عەلەکە ٨٨
عەبدولقادر (شێخ عەبدولقادری نەهری) ٢٣، ٢٥، ٢٨، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٥٩، ٦٤
عەونی پاشا ٢٣
عوبەیدوڵلآ (شێخ عوبەیدوڵلآی نەهری ١٣، ١٤، ١٥
عیسمەت ئینونو ٩٢

## ف

فاسیلی نکستین ١٥
فەخری عادل بەگ ٢٥
فەیسەڵ (مەلیك فەیسەڵ) ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٩، ٨٣، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ٩٣، ٩٥، ١٠٥

## ق

قادر (شێخ قادر بەرزنجی) ٨٦،٨٨، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥

## ك

کرزن ٧٥، ٩٢
کلیمنسۆ ٢١، ٢٣، ٣١
کوکس ٦٦، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٩، ٨٢، ٨٥

## ل

لوید جۆرج ٣٦، ٥٩
لویس مالت ٢٩
لۆڕانس ٧٢

## م

مەجۆ ئاغا ٦٠، ٦٢
مەحموود (شێخ مەحموود بەرزنجی) ٢٦، ٤٥، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٦٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩١،

٩٣، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١١٠
موراد بەدرخان ٢٣
مس بێڵ ٧٢
مستەفا کەمال ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٥٥، ٥٨، ٦٠، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٧٠، ٧١، ٧٣، ٧٧، ١٠٤، ١١١
مستەفا پاشا یامولکی ٨٤، ٨٨، ١٠٢، ١١٦
محەمەد (شێخ محەمەد غەریب) ٨٨
محەمەد ئاغا عەبدولڕەحمان ئاغا ٨٨
ن
نۆئێل ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٧٢، ٧٧، ٧٩
و
ودرو ویلسۆن ٢٢، ٢٣
ی
یۆنگ ٧٣